پرۆژەی تیشک

پرۆژەی تیشک 12

سەدەیەک تەمەنی نوورین

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە

ئامادەکردنی
عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی

2007زایینی –1428کۆچی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ناوی کتێب: سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە
نووسینی: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی
ژمارەی سپاردن: (269) ساڵی 2007
شوێنی چاپ: کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر / 07703612141
نۆرەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: 2007
لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (12)
ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: **www.tishkbooks.com**
ئیمەیلی پرۆژە: **tishkbooks@yahoo.com**
info@tishkbooks.com

نامەی محەمەدی مەلا کەریم سەبارەت بە چاپکردنی ئەم دەستووسە



برای ئازیز و خۆشەویستم کاک (عبدالدائمی
هەورامانی) م ئاسی کە خەڵکی گوندی (نارنجەڵەی
لای (بیارە) یە و قوتابیی ماجستێرە و، نامەکەی
لە بارەی تەفسیرەکانی باوکی رەحمەتیمان (مەلا
عبدالکریمی مدرس) دەوە یە.
کاک عبدالدائم داوای رەزامەندیی لەوە
لێ کردم (لە خۆم و لە براو خوشکەکانم) بە وێنە
کە هەموو مافە شەرعیەکانی موڵکیەتی باوکم بۆ
ئێمە گەڕاوەتەوە، کە لە بارەی تەفسیرەکانی
باوکمەوە ئەنووسێ و، کۆمەڵێک وتاریشی لە بارەی
باوکمەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە
ئەیەوێ لە شێوەی کتێبێکدا لە چاپیان بدا.
سەبارەت بە نووسینی نامەی ماجستێرەکەی
لەسەر تەفسیرەکان، دیارە کە باوکم هەر کتێبێکی
لە چاپ دا، بە و لە چاپدانە مافی ئەوەی بە خەڵک
داوە کە چۆنی بە باش ئەزانن عامەلەیان لەگەڵ بکەن

— ١ —

تەنها بە جۆرێ نەبێ، کە بە هەر جۆرێ بووە، زمان
بە باوکم و بە کتێبەکەی بگەیەنێ. کەواتە لەم
چوارچێوەدا بۆی هەیە بیانکا بە بابەتی لە سەر
نووسینی نامەی ماجستێرەکەی.
وتارەکانیشی و بیارە وتاری مۆڵکی خۆیەتی و
چۆنی ئەوێ ئەتوانێ بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ بکا.
ئێمەیشی هەر ئەوەمان بۆ هەیە ئەگەر، خوانەکردە
ناشایانی لە بارەی باوکمەوە تیایاندا نووسیبێ،
ئێمە داوای مافی خۆمانی لێ بکەین. ئەم مەرجە
دیارە تەفسیرەکانیش ئەگرێتەوە
بۆیە بە ناوی خۆم و براو خوشکەکانمەوە،
هەر لە ئێستاوە، سوپاسی گەرمی ئەکەم لە سەر
ئەم دوو کارەی کە ئەیانکا و، پیرۆزبایی
هەردوو بەرهەمەکەی لێ ئەکەم و، داوای ئەوەم
لە خواوەندی گەورە هەیە لەم کارانەی و لە
هەموو کارێکی خێردا سەرکەوتووی کا.
سلێمانی - محەمەدی مەلاکەریم

١٤/٢/٢٠٠٧

پێشەکی

الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله

زۆر غەمم بوو کە گەنجی موسڵمان مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس نەناسیٚ، پەرتوکی نەخوێنێتەوە، لە فەلسەفەی تێنەگات، لەبەر تۆزیٚ قەوزە لە گەوهەری ئەم دەریایە بێبەش بیٚ، کە هیچ زانایەك نییە بیٚ هەڵە بیٚ، هیچ پەرتوکێك نییە بیٚ پەڵە بیٚ، تەنهاو تەنها قورئان نەبیٚ.

وەڵ لە فەزڵی خواوە هەست بە جۆرە گۆڕانێك لە گەنجی موسڵماندا دەکریٚ، هەست بە وەرچەرخانێکی هزری دەکریٚ، بیرفراوانییەك بەدی دەکریٚ، خۆ بەخاوەن زانین و کەڵك وەرگرتن لە کەسایەتییە گەورەکان ئەتروکێتەوەو غەمی غەمباران دەرەوێنێتەوە.

ئێمە هەمووومان یەکین، مەلایەك، شێخێك، سۆفییەك، گروپێکی ئیسلامیی، گەنجێکی مزگەوت، نووسەرێك، شاعیرێك، ڕۆشنبیرێك..، بە مەرجی پاکییەتی و ڕاستی لەگەڵ خوادا..

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، هێمای مەلایەکی مێژەر پاك، چرا بۆ کتێبخانەی کوردی، مۆم بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی تەسەوفی ڕاستەقینە، ڕەمز بۆ توانەوەو ماندوونەبوون لە پێناو داگیرسانی ڕووناکی.. دوای وەفاتی ڕاگەیاندنی لایەنەکان بە حکومەتیشەوە کردیان بەڕێز لێوەوەو هێندەی گۆرانی بێژێك حورمەتی تازیەی ئەم پیرە ماندووە کوردەیان نەگرت.

ئیتر نازانم لەبەر ئەوەبوو کوردەو ئەوانیش هەر ئەوەندە ڕێزی زانایەك دەزانن کە کورد بیٚ!! یان لەبەر مێزەرەی پاك و سپی و ناوی مەلایە بە مامۆستای مودەڕڕیسەوەو ئەوانیش پێی قەڵسن!! یان حزبایەتی گەورەیی و خزمەت و پاکی لەبیر بردۆتەوەو شتی تری خستووەتە بریان!! کورتی و پوختی دەمەویٚ بۆ مێژوو بنووسم، کە دەوڵەتێك هەبوو ڕێزی زانایانی خۆی نەدەزانی..

بە هەرحاڵ پرۆژەی تیشك ئەم جارە تیشکیان خستە سەر ئەم گەورە پیاوەو بۆ زیاتر تێگەیاندنی نەوەی نویٚ لە ژیان و بەسەرهاتی ئەم کەڵە زانایەو وشیارکردنەوەی موسڵمان و ڕۆشنبیرکردنیان بە داستانی ئەو قارەمانەی زۆر سوچی کتێبخانەی کوردی پڕ کردەوە و چەندین زاناو شاعیری ئەم گەلەی لە نێو تەپوتۆزی لەبیرچوونەوە دەرهێناو لەسەر سەکۆی زانست بە کوردو غەیرەکوردیشی ناساند، چەندین مامۆستای مێزەر پاکی پێگەیاندو مزگەوتی ئەم وڵاتەی کردە چراخان و لە کوردستانی ئەم دیوو ئەو دیوودا نووری زانستی داگیرساند.

لە لایەکی تریشەوە ئەم کارە مەزنەی تیشك و هەر کارو خزمەتێك کە کراوەو دەکریٚ لە پێناو بەرز ڕاگرتنی نرخی ئەم زانا بێنازە، خزمەتێکە بەو هەمووە خزمەتەی مامۆستای مودەڕڕیس و وەفاو یادەوەرییە کە بۆ ئەو ڕۆحە پاکەی هەتا هەتایە بە پاکی دەمێنێتەوە بۆ ئەو قەڵەمە برشتەی جاریٚ نوکی دەگێراندە شیعرە بەرزەکانی نالی و مەحوی و مەولەوی..

جاریٚ لە خزمەت تەفسیری قورئاندا دەگریاو جاریٚ شیعری دەهۆنییەوەو بەهارو گوڵزاری دەلاواندەوەو بە نامەیەك هۆشیاری دەدایە گەل و بۆ نەفامی گەل هۆن هۆن فرمێسکی دەباراند..

(ڕۆژگاری ژیانم) کە دەستنوسێکی مامۆستای مودەڕڕیسەو وردو درشتی ژیانی خۆی تێدا نووسیوەو تا ساڵی (1969)و هەندیٚ جار لە ژیانەکەی خۆی دەردەچیٚ و باس و خواسی زۆر شوێن و کەسایەتی و نامەکانیان دێنێتە نێو باسەکەو لەسەر هەندێکیان زۆر دەوەستیٚ و غەمی دڵی ناسکی دورە وڵاتی دەرەوێنێتەوە.

لە پێش وەفاتی مامۆستای مودەڕڕیسدا دەستم دایە کورت کردنەوەو لابردنی ئەوەی پەیوەست نییە بە خودی ژیانەکەوەو دەمویست کە تەواوم کرد بیبەمە حزووری مامۆستاو لە دوای (1969) هەر بەو چەشنە تەواوی کەم.

لەم کاتەدا لە ستافی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ)ەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستایان دامیٚ و داوای

بابەتێکیان لێکردم، منیش بەو شپرزیی و تازیەبارییەوەو بە چاوی ئەسریناوییەوە ئەو شەوە بابەتێکم نووسی و بۆم بردن و نیوە دەستنوسەکەشم هەر برد، بابەتەکەی خۆم کە بەناونیشانی (سەدەیەك توانەوە بۆ داگیرساندنی مۆمێك. ژیاننامەی گەورە زانای کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس) لە ژمارە (188)و (189)دا بڵاوکرایەوەو زۆریش هانیاندام بۆ تەواوکردنی دەستنووسەکەو منیش دەستم لێ جوڵاندو بە کۆمەکی خوا تەواوم کردو لە گۆڤاری ستاندەر لە ژێر ناونیشانی (پاش زیاتر لە سەدەیەك لە تەمەنی نورین، مامۆستای مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە) لە ژمارە (1–10) بڵاوکرایەوە.

پرۆژەی تیشکیش بە چاکی زانی لە دوو توێی کتێبێکدا بە چاپی بگەیەنێت و برام مامۆستا ئارام عەلی سەعید پێشنیاری بۆ کردم ئەوەی کۆمەڵ بێنمەوە گۆڕێ، خۆیشم بە چاکم زانی و بۆ دووبارەنەبوونەوەی بابەتەکە هەندێ لەوەی زیاتر مامۆستا ئاشنا بە خوێنەر دەکاو لە کۆمەڵ بڵاوم کردووەتەوە بێنمەوە گۆڕێ و ئاڵوگۆڕێکی تێدا بکەم و هەندێ بابەتی ماستەرنامەکەش تەرجەمەی کوردی بکەم و پلانی کتێبەکە بەم چەشنە بێت:

. نازناوەکانی مامۆستای مودەڕڕیس.

. سیفاتەکانی.

. کاردانەوەی زانایان لەسەری.

. وەسف و ثەنای زانایان لەسەری.

. ئەو پلەو وەزیفانەی بینیویەتی.

. مامۆستاو قوتابیانی.

. نووسراوەکانی.

. ناساندنی ڕۆژگاری ژیانم.

. مامۆستای مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە.

. کۆتا ژیانی مودەڕڕیس و کۆچی دوایی (1969 . 2005).

. جوانترین وەفا.

. پێڕست.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا دەمەوێ سوپاسی ڕۆژنامەی کۆمەڵ و گۆڤاری ستاندەرو پرۆژەی تیشك بکەم و خوا پایەداریان بکات، ئەزیزانم گەر هەڵەو پەڵەیەکتان بینی لەم کتێبە لێم ببورن و خوا لە منو لە ئێوەو لە مامۆستای مودەڕڕیسیش خۆش بێ و هەرهەمووومان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

وصلی اللە علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم.

11/محرم/1427ك

2007/1/30م

گوندی وێنە

نازناوەكانی مامۆستای مودەڕڕیس

مامۆستای مودەڕڕیس نازناوێكی زۆری هەیەو لە هەموویان دیارتر (مودەڕڕیس)ە، كە بەمانای (وانە بێژ) دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە (25) ساڵ لە بیارەدا وانەی وتووەتەوە[1]. خۆیشی هێما بەم نازناوە دەداتو لە كۆتایی كتێبی (فوائد الفوائح)دا دەفەرموێ: "فقیر مؤلف عبدالكریم فرزند محمد مشهور بـ مدرس)[2].

یەكێكی تر لە لەنازناوەكانی بریتییە لە (نامی) كە ئەمەش نازناوی شیعرییەتیو لە شیعرە كوردیو فارسییەكانیدا بەكاری دێنێت، بەڵام لە شیعرە عەرەبییەكانیدا بەكاری ناهێنێ، هەربۆیە لە نێوەندی عێراقدا بەم نازناوە نەناسراوە.

هەر بەم نازناوەوە سێ پەرتووكی بەچاپگەیاندووە كە برتین لە:

1. بەدیعو عەرزوی نامی.
2. تەفسیری نامی.
3. خولاصەی تەفسیری نامی.

هەروەها ووشەی نامی لە كۆتایی زۆرێك لە شیعرەكانیدا بەدیدەكەی وەك:

(نامی) ئەناڵی لە دەرگای ڕەحمەت
بۆ عەفوی خۆیو ماباقی ئوممەت[3]

یان:

(نامی) بۆ مەولای ساداتی كیرام
دیاری ئەنێرێ بە بەستەی سەلام[4]

یان:

(نامی) ئەم نامە ئەنووسێت بۆتان
واتە خادیم بن بۆ خودای خۆتان[5]

لەگەڵ ئەم دوو نازناوەدا مامۆستای مودەڕڕیس ناوەكەی پاڵ دەدرێتە پەنای هەندێ شوێن، وەك:

. مامۆستا عەبدولكەریمی بیارە، لەبەر ئەوەی لەوێ زۆر ماوەتەوە.
. مامۆستا عەبدولكەریمی شارەزووری[6]، دەدرێتە پاڵ شوێنی هۆزەكەی.
. مامۆستا عەبدولكەریمی كوردی[7]، دەدرێتە پاڵ گەلەكەی.

---

1 بنواڕە (رسالة سراج القلوب)، شێخ عثمان محمد سراج الدین الثاني : 76 .

2 فوائد الفوائح در شرح منظومة (فوائح) : 369 .

3 تەفسیری نامی : 224/7 .

4 خولاصەی تەفسیری نامی :631/3 .

5 بەدیع و عەروزی نامی : 8 .

6 وەك لە كۆتایی پەرتوكی رسائل العرفان : 214 و نامەی هوشیار:205 ورسائل الرحمه: 109و283 دا هاتووە .

7 وەك لە كۆتایی پەرتوكی (إرشاد الأنام إلى أركان الإسلام)دا دەفەرموێ: (وأنا المؤلف في المدرسة الگیلانیة ببغداد المحروسة ، عبدالكریم محمد الكردي الشهرزوري): 258 .

سیفاتی مامۆستای مودەڕڕیس

مامۆستای مودەڕڕیس باڵای ناوەندیو بەرەو كورتی دەنواندو لەم دواییانەداو لە كاتی نەخۆشیو پیریدا زۆر بچوكی دەنواند وەك هێمنی شاعیر لەوەسفیدا دەڵێ: "جارێك لەگەڵ چەند مامۆستای گەورەو ماقوڵ لە بارەگای حەزرەتی غەوس لە حوجرە تەنگو چكۆلەكەیدا لە خزمەتی مامۆستا دانیشتبووین، من ئەم بیرەم بەمێشكدا دەهات ئەگەر هەموو نووسینە بەنرخەكانی ئەم مامۆستا كورتە باڵا، ڕەزا سوكە، خوێن شیرینو قسە خۆشە بێنێو لە تایەكی تەرازووی باویو جەستەی لاوازی خۆشی لەتایەكەی دیكە بخەی، ئایا سەری وەمیچی حوجرەكەی ناكەوێ"[1].

بەردەوام جبەی لەبەر كردووەو زۆر حەزی بەڕەنگی قاوەیی دەكرد[2]، مێزەرێكی سپی جوان ڕەنگی لەسەر دەناو بەبینینی دڵی سپیو خاوێن دەكردەوەو پاكیو نەزاهەتی مامۆستاشی دەگەیاند.

زانایەكی لەخواترسو زیرەك و وەڵام بەدەست بوو، زمان پاراوێكی خۆش قسەو گفت بوو، مامۆستا تاهیری بەحركی لەوەسفیدا دەڵا: بەڕاستی مەجلیسی پڕخێرو بەرەكەتبوون باسی دنیات بەخۆشی دەبیست، ئەوماوەی لە خزمەتی دەمایەوە هەستت بەخۆشی دەكردن لەتوبا هەڵنەستی"[3].

قوتابیانی خۆی زۆر خۆشدەویستو هەمیشە لێبوردەیی بەرامبەر بەكار دەهێنانو بگرە تەنها ژیانی ناو فەقێیانو مزگەوتی بەژیان دەزانی[4].

مامۆستا زۆر بەوەفابوو، بەڵكە لە هەموو سیفەتەكانی تری، ئەم سیفەتەی دیارتر بوو[5] ئەمەش بەڕوونی لە كتێبەكانیدا بەرچاو دەكەوێ.. كە هەركەس چاكەیەكی لەگەڵ كردبێت لەبیری ناكاتو باسی دەكاتو بەنزای خێر بەسەری دەكاتەوەن بۆ نموونە بنواڕە علماؤنا[6] چۆن وەسفی شێخ جەمیلی تالەبانیو هەردوو كوڕەكەی شێخ عەلیو شێخ عەبدوڕڕەحمان دەكات، یان چۆن وەسفی شێخ عومەری قەرەداغی لە ڕۆژگاری ژیانم (84 . 92)دا دەكات[7] و هەر لەو سەرچاوەدا باسی دوو گەنجی سلێمانی موحەممەد ساڵحو موحەممەد سەعید دەكاو پیاوەتییان لەیاد ناكات كە وەختێ فەقێ بووە یارمەتییان داوە[8] هەروەها بنواڕە ئەو وەفایەی كە بەرامبەر بەشێخی بیارە هەیەتیو چۆنی دەلاوێنێتەوە لە بنەماڵەی زانیاراندا[9].

یەكێكی تر لە سیفەتە بەرزەكانی مامۆستا، موتالەعەی چروپڕو بەردەوامەو هیچ كاتێك دەرسێكی بەبی موتالاو خۆ حازركردن نەوتووەتەوە، ئەمەش یەكێكە لە ئامۆژگارییەكانی ئیبن قەرەداغی كە پیادەیكردووە.

مامۆستای مودەڕڕیس زۆر غەمخۆری گەلەكەی بوو، كە دەیبینی ڕۆژ بەڕۆژ نەزانی ئاوقایان دەبێتو دەكەونە گێژاویەوە هەربۆیە دەبینی بوێرانە دەستیدایە نووسین بەكوردیو زۆر لایەنو سوچی خاڵی كتێبخانەی كوردی ڕۆشنو ڕووناك كردەوەو كوردیش بەزمانی خۆی توانی تەقە لە دەرگای زۆرێك لە زانستەكانی علومی قورئانو حەدیس و بدیعو عەروز.. بداتو ئەو دەرگایە بەدەستی مودەڕڕیس، خرایە سەر پشت بۆ نەوەی ڕابوونی ئیسلامیی.

---

[1] پێشەكی دیوانی نالی (چاپی دوەم)هێمن .

[2] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ د.محمد گەزنەیی–سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئیسلامی – بە مێژووی 2005/7/24ز، لە بارەگای یەكێتی زانایانی سلێمانی .

[3] مێژووی زانایانی كورد: 76/9 ، دەسنوسێكی مامۆستا طاهری بەحركی یە لە مەكتەبەی بەحركە .

[4] . دیمانەیەكی كورت لەگەڵ عالیەخانی كچی مامۆستای مودەریسدا، ڕۆڤار ژمارە/ 14، ل 38.

[5] دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا محمد علی قەرەداغی ، لە 2005/7/25ز ، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی .

[6] علماؤنا في خدمة العلم والدين: 328 .

[7] بنواڕە ڕۆژگاری ژیانم: 84–92 .

[8] بنواڕە ڕۆژگاری ژیانم: 63 .

[9] بنواڕە بنەماڵەی زانیاران: 416 .

کاردانەوەی زانایان لەسەری

زانایان کاردانەوەیان لەسەر یەکدی بووە لە ئارامگرتنو سووربوون نووسینو داڕشتنو سەخاوەتو.. وێکچوون لە نێوانیاندا بووە، تایبەت گەر لە زەمەنێکدا ژیابنو تایبەتی تریش گەر قوتابیو مامۆستا بووبن.. تەنانەت لە شێوازی بیرکردنەوەو بگرە لە هیواکانی خوێندنیشدا.

مامۆستای مودەڕڕیس ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ ـ موتەئەسیر بووە لە ژیانی خۆیدا بە زۆرێك لە گەورە پیاوو ناوداران و زۆریش کاردانەوەیان لەسەر دروست بوونی کەسایەتیی زانستی ئەوبوە لە تەقاندنەوەی گڕو تینە شاراوەکانیو بیرفراوانکردنیو چاندنی هیواو ئاواتی بەرزو گەورە لە نووسینو وانە وتنەوەو بەردەوامی ئەودا دەستی دیارو بەرچاویان هەیە.

وەلێ پێش ئەوەی بچمە سەر باسی ئەم کەسایەتییانە پێمخۆشە ماندووبوونی دایكو باوکی بنرخێنم لە سەرەتای گەشەی مودەڕڕیسدا کە چۆن بابی سۆفی موحەممەد دەستی دەگریو دەیخاتە سەر ڕێڕەوی خوێندنو دایکیشی ـ کە زۆر هیوای گەورەیی بە کوڕە تاقانەکەی هەیەو بە (حاجی مەلا عەبدولکەریم) نەبێ قەتاو قەت بانگی نەکردووە[1] ـ هانی بەردەوامی خوێندنی دەدا دوای کۆچی دوایی مێردەکەی، کە ئەمە وا لە مودەڕڕیس دەکات بەبێ پچڕان لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بێت.

مامۆستای مودەڕڕیس کاردانەوەی دوو گەورە کەسایەتی لەسەر بووە، ئەوانیش (شێخ عمری) ناسراو بە (ابن القرداغی)و (شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی)[2] یەو مودەڕڕیس زۆر بە ڕوونی ئەمەی پێوە دیارە:

یەکەمیان: کەسایەتییەکی زانستییەو زۆر سیفاتی بەرزی لە مامۆستای مودەڕڕیسدا چاندووەو هەر لەویشەوە فێری نووسینو شێوازی تاقیق بووەو بە ڕوونی مودەڕڕیس ئەمەی وتووە: "هیچ کەسایەتییەك لە زانستو وانەبێژیدا سەرسامی نەکردووم، تەنها مامۆستام شێخ عمری قەرەداغی نەبێ"[3].هەروەها هەریەك لە شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی[4] و دکتۆر سەلاحەددین سەنگاوی[5]، ئەم ڕاستییەیان بۆ دووبارە کردمەوە کە مامۆستای مودەڕڕیس هەمیشە باسی (ابن القرداغی) دەکردو سەرسامی خۆی دەردەبڕی.

(ابن القرداغی) توانی کیانێك بۆ مودەڕڕیس پێك بێنێو کەسایەتی زانستی بەهێز کات لە پێش چاوی خەڵکیدا، تایبەت کاتێك تەشریف دەباتە بیارە لە بەهاری (1347ك)داو لە پێشچاوی شێخی عەلائەددین و خەڵکی بیارەو تەنانەت ئەوانەی دژایەتی موددەرریسیشیان دەکرد فەرمووی: "ئەم زاتە لە من مەلا تر ئەبێت ـ ئەگەر شێخ لوتف بفەرموێ لە گەڵیا ـ ئەوەی ئێمە زانیومانە لە خوێندنا وەری گرتووە بەهۆی تەدریسەوە ئەتوانی زیادەشی بخاتە سەر"[6].

بەردەوام نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا گوزەراوەو زیاتری لە بیست نامە لە (ڕۆژگاری ژیانم)دا هاتووە لە (ابن القراغی)یەوە بۆ مامۆستای مودەڕڕیس، کە لە ڕێیانەوە ئامۆژگارییەکانی خۆی ئاراستەی مودەڕڕیس کردووە.

دیارترینی ئەم نامانە ئەو نامەیە کە سەبرو بەردەوامی لەسەر وانەبێژی دەداتە مامۆستای مودەڕڕیس لە ڕۆژگاری ساردبوونەوەو ناڕەحەتی مودەڕڕیس بە هۆی کۆچی دوایی خێزانی یەکەمییەوە کە تێیدا هاتووە (انشاء الله) خەریك

---

1 بنواڕە باوەشێنی دڵ بۆ چەن بەستەی گوڵ/ 9. دەستنوسێکەی لە ژیانی مودەرریس تا واردبوونە بیارە.

2 شێخ علاء الدین کوڕی شێخ عمر ضیاء الدین کوڕی شێخ عوسمانی سراجەددینی نەقشبەندی لە ساڵی (1280ك ـ 1863ز) لە دایك بووەو لە ساڵی (1373ـ 1953) وەفاتی کردووە. بنواڕە علماؤنا: (404 ـ 406)و بنەماڵەی زانیاران (416 ـ 418).

3 بنواڕە مجلة الفتوی ژمارە (61)

4 دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 2005/7/25، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی.

5 دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 2005/9/18 لە ماڵی خۆیان گەڕەکی ئاشتی/ سلێمانی.

6 ڕۆژگاری ژیانم، (114).

بوونت بە وانە بێژییەوە لە جاران زیاتر دەبێ و غەمی منداڵەکان لەمەدوات ناخات و (ومن یتوکل علی الله فهو حسبه)[1].

دوەمیان: (شێخ علاء الدین) کەسایەتییەکی ڕۆحییەو دەستی مودەڕریسی گرتووەو خستوویەتییە سەر ڕێڕەوی تەسەوف و مامۆستای مودەڕریسیش بە پێشەواو مرشدی ڕۆحی خۆی قەبوڵی کردووەو دوای ئەویش تەمەسوکی بە کەسی ترەوە نەکردوە.

شێخی عەلائەددین هانی مامۆستای مودەڕریسی داوە لەسەر خوێندن کاتێ قوتابی بووە لە خانقای (دورود)و وەك باوك چاودێری کردووەو لە ڕووی ماددی و مەعنەوی یارمەتی داوە تایبەت ڕۆژگاری گرانی گەورە[2].

سیفەتی سەخاوەت و یارمەتیدانی هەژاران هەر لەو ساتەوە لە مودەڕریسدا چەکەرەی کردووەو دیاردەکەی بە ئاشکرا دەبینرێ، کاتێ مامۆستای مودەڕریس لە بەغداد دادەنیشێ و یارمەتی لێقەوماوانی کورد دەدات کە ڕێیان دەکەوێتە بەغداد بۆ پارەو نانێکی بژێوی یان لەبەر شیفایەك بۆ نەخۆشییەکانیان، بە ڕاستی حوجرەکەی گەیلانی خانەی بێنەوایان و لێقەوماوانی کورد بوو، هەزاران کورد شاهیدی ئەم ڕاستییە دەدەن و من بۆ خۆم چەندەها جار یارمەتی مودەڕریسم بینیوە بۆ لێقەوماوانی کورد و داماوی بێ جێ و ڕێم دیوە لە کنجوڕی حوجرەکەی مامۆستای مودەڕریسدا حەواوە تەوەو ئۆقرەی گرتووە.

لەدوای ئەوەی مودەڕریس ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ و لە (نێرگزەجاڕ) دەبێتە مەلا، هەر شێخی عەلائەددین دەستی دەگرێ و لە بیارە دایدەمەزرێنێ و لە پەنای شێخدا بیست و پێنج ساڵ وانە دەڵێتەوەو چەندین مامۆستای بەرز لەسەر دەستی ئیجازە وەردەگرن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ مامۆستای مودەڕریس زۆر موتەئەسیر بووە بە دوو کەسایەتی یەکێکیان کەسایەتییەکی بەهێزی زانستی و ئەویتریان کەسایەتییەکی ڕۆحی بەرزو پاك هەر ئەم کاردانەوەیە مامۆستای مودەڕریس دەکاتە زانایەکی سۆفی، دەکاتە موجتەهیدێکی دیندارو نووسراوەکانی شاهێدی ئەم ڕاستییەن.

وەسف و ثەنای زانایان لەسەری

لە گەڵ سازدانی چەند دیمانەو چاوپێکەتنێکدا لەگەڵ هەندێ زاناو ناودارو کەسایەتیدا، هەریەك بە چەشنێ وەسفی مامۆستای مودەڕریسی دەکردو لە ثەنای ئەودا بە جۆرێ دەپشکوا ئەمەش مشتێکە لە خەروارێك.

1. شێخ تەیبی بەحرکی:

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕریس–رحمە الله– زانایەکی بە تەقوا بوو، قەت ڕیای نەدەکردو خۆی لە دەسەلاتداران نزیك نەدەکردەوە، زۆر بە ئیخلاص بوو بۆ مەداریسی دینی، ئەوەی سەرسامی کردبووم ئەو ئەدەبە کوردانە کەوەری گرتبوو دانیشتنی چەند ساڵەی لە بەغداد پێی نەگۆڕی بوو[3].

2. مامۆستا عەبدولقادری کوڕی حاجی ڕەسولی بەحرکی:

مامۆستام مودەڕریس–رحمە الله– هەرکات یادی دەکەم وا دەزانم بەرامبەر زانای پایەبەرز ئیمامی (سیوطي) وەستاوم، هەمیشە وتوومە: بە ڕاستی ئەو (سیوطي) زەمەنی ئێمەیە، بە مەندە کۆتایی دێنم لە حەقیدا، خواڕەحممان پێ بکات بە هۆی بەرەکەت و شوێنەواری پاکییەتی ئەوەوە[4].

3. دکتۆر موحەممەد ئەحمەد گەزنی:

مامۆستای مودەڕریس بە نموونەی نووسەرو تاقیقیان لە نێوان زانایانی کورددا لە عێراق دێتە ژمارو بگرە لە نێو

---

1 بنواڕە ڕۆژگاری ژیانم: (110) نامەکە بە فارسییە.

2 بنواڕە علماؤنا في خدمة العلم والدین: 325 .

3 دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 2005/6/24، لە ماڵی مامۆستا تاهیر بحرکی برای لە بەحرکە/ هەولێر.

4 دیمانەیەك گەڵیدا لە 2005/7/28، لە حي المهندسین لە هەولێر.

زانایانی گشت عێراق، هەروەها بە دەریایەك لە زانست قەڵەم ڕەو دەكرێ لە سەرجەم زانستە عەقڵیو نەقڵییەكاندا، بە سەرچاوەی تەقواو ڕەوشی بەرزی پەسەند حساب دەكرێ.

بە ڕاستی زۆر خۆ بەكەم زانە، زۆر بە سۆزە، لەگەڵ قوتابییەكانیدا بە بەزەییە، لەگەڵ گەلەكەیداو لەگەڵ هەموو خەڵكی، بڕوای زۆر بەتینە، پشت بەخوا بەستەیەكی بەهێزە، زانستو ژیانی خۆی تەرخان كردووە بۆ خزمەتی دینی پاكو بڵاوكردنەوەی بە هەرسێ زمانی عەرەبیو كوردیو فارسی[1].

4- دكتۆر عوسمان موحەممەد غەریبی هاشمی كوردی- یەكێكە لە مجازەكانی:-

ئێستە ئەوەم دێتەوە یاد كە دكتۆر عەبدولحەمید حەمەد شەهاب العبیدی . چاودێر لەسەر دكتۆراكەم، لەبەردەم سەرجەم مامۆستایانداو لە كاتی گفتوگۆی سەر نامەی دكتۆراكە فەرمووی:

"زانای عەللامە، موحەددیثی گەورە، شێخ عەبدولفەتاح أبو غدە سەردانی مامۆستای مودەڕڕیسی كرد لە بەغداو هاتە دەرەوە بە سەرسامییەوە وتی: قەت بە بڕوامدا نە دەهات لە بەغدادا كەسانی وەك شافعی هەبن لە زەمانی خۆیدا، بگرە لەویش زاناتر!!"[2].

5. شێخ موحەممەدی بەرزنجی - یەكێكە لە مجازەكانی:-

وەك وەفاو خۆشەویستییەك، وەك ڕاستییو هاوەڵایەتییەك دەمەوێ زانیارییەكانم لەسەر عەللامەی كوردستانی، هەڵكەوتووی ڕەببانی جەنابی مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕڕیسی كوردی بنووسم:

بەڕاستی بەڕێزی كەسایەتییەكی زانستیو دانەرێكی گەورە بوو جێگەی سەرسامی زانایان بوو، زاناو خواناسو تێگەیشتوو وانەبێژو شەرع زانو موفتیو سەرۆكی ڕابیتەی زانایانی عێراق بوو، مامۆستا -ڕەحمەتی خوای لێبێ- زۆر بە سۆزو میهرەبان بوو بەرامبەر ئوممەی كوردی بەتایبەتیو ئوممەتی ئیسلامی بە گشتی. تایبەتی تریش بەرامبەر زانایانو پیاوچاكان هەروەها وانەبێژێكی بە توانا بوو لە هەورامانو شارەزوورو سلێمانی و كەركوكو بەغدادا، لە قوتابخانەكەی ئەودا سەدان زاناو پسپۆڕ لە علومی عەقڵیو نەقلیدا دەرچوونو لە زۆرینەی زانستەكاندا پەرتووكو نامیلكەی درێژو كورتی نووسیوەو ژمارەیان لە شەست تێدەپەڕێو زۆرینەیان بەچاپ گەیشتوون، من بە زۆرێكیان سەرسامم، بە تایبەت كتێبی (الوسیلة في شرح الفضیلة) و (شرح العقیدة المرضیة) و كتێبی (شەریعەتی ئیسلام) لە مەزهەبی ئیمامی شافعیدا ڕەحمەتی خوای لێ بێت[3].

6. مامۆستا عەلی باپیر:

-كە چەندین جار یەكتریان بینیوەو دان بەوەدا دەنێ كە چەندین جار وەصیەتو ئامۆژگاری مامۆستای مودەڕڕیسی پێگەیشتووە، كە بە پێویستی زانیوە بۆ كاری ئیسلامیی-:

مامۆستا . ڕەحمەتی خوای لێ بێ . خۆی یەكلا كردبووەوە بۆ علومی شەرعی بەوانە بێژیو فەتوادانو نووسین، خواپەرستو زاهیدو دنیا بە كەم گرو ئاخرەت ویست بوو، لەگەڵ گەورەیی تەمەنیداو زۆر مەشغەڵەتیدا بە غەم بوو بۆ كاروباری موسڵمانان -بە ئەندازەی ئاگاداری لێی-.

گەلێ خزمەتی گەورەی بە موسڵمانان گەیاند بە كوردو عارەبو توركمان لە عێراقداو لە ڕێی نوسراوو فەتواو ئامۆژگارییەكانییەوە.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە كە خزمەتەكانی مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس تەنها لە بازنەی زانستە شەرعییەكاندا

---

[1] بنوارە پێشەكی (المواهب الحمیدة): 6.

[2] پەیوەندییەكی تەلەفۆنی شەوی 2006/4/10 لە كۆیەوە.

[3] دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 12/ربیع الأول/ 1427ھ لە ماڵی خۆیان ، سلێمانی.

نەبووەکە شێوازێکی کلاسیکی کە شکۆلی لە خۆ گرتووە، بەڵکو ئەدەبی کوردیشی گرتووەتەوە کە ڕاڤەی چەندین دیوانی شیعری کردووەو زۆرێك گرێ کوێرەی شیعری شاعیرانی کوردی وەك (نالی)و (مەحوی)و.. ڕەحمەتی خوایان لێبێت، کردۆتەوە.

وەلێ هەر ڕاستی حەقە بگوترێ. ئەم مامۆستا پایە بەرزە ئەم فەقیهە گەورە، ئەم ئەدیبە بەڕێزە، وەك پێویست حەقی خۆی نەدرایە لەلایەن گەلەکەیەوە، تایبەت لەسەر ئاستی فەرمیو سیاسیی نەبەزیندوویی‌و نە بە مردوویی. بەداخەوە. کە هیچ گومانی تێدا نییە بۆچوونی عەلمانییەت. کە مەشخەلی قیادەی سیاسیی ڕەسمی کوردە. دەستیان هەبوو چۆن دەست بونێك لەم هەلوێستە نەیارە سووكو بێ ڕێزەدا(1).

7. مامۆستا نوری فارس

بەم چەند شیعرە عەرەبییە بەشداری کردو فەرمووی:

عــلماء امة الهدى أرواحنا
لهم الفدى سور لدينك خافر
ألقت مواكبهم بكوبة من ال
كـــرد الهداة بهم تقر نواظر
من بينهم زين الشيوخ شيخنا
عبدالكـــريم لدين أحمد ناشر
بوركت يا ابن الكردي سوف تفاخر
امم بكم وبعلـــمكم ستناظر
لخوالـد الكتب العظام نــوادر
و مؤلفاتكم لتلك بــوادر
سارت خزائن الكنوز فانها
لخير مجمـــع العلوم مصادر
تفنى الجبال والكتاب سيخلد
ففي الجنان للهداة مــنابر
بالنور مكتوب على جبينه
سيماه في هذا الشعار ظاهر
نور الوقار على الجبين اذاسما
يعني هنا روح الديانة حاظر[2].

[1] دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 17/جماد الأول/1427ھ لە مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لە سلێمانی.
[2] دیمانەیەك لەگەڵیدا لە 12/ربیع الأول/1427ھ لە مامۆستایان ـ سلێمانی.

ئەو پلەو وەزیفانەی بینیویەتی

لەگەل ئەوەی ماموستای مودەڕڕیس بە گوزەرێكی نائارامیی سیاسیدا تێپەڕیوەو لەگەڵ ئەو بارە ئابوورییە داتەپیوەی وڵاتەكەیدان، توانیویەتی هەندێ پلە وەرگرێو لە چەند وەزیفەیەكدا بەشدار بێت لەم باسەداو بەپێی تاریخەكانیان ڕیزیان دەكەم.

1. بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەو حوجرەی (نێرگزەجار) ئەمەش لە ساڵی (1347ك /1924ز) هەتا كۆتایی ساڵی (1346 / 1927ز)[1].

2. بووەتە مامۆستاو وانەبێژ لە (خانەقای بیارە) لە سەرەتای ساڵی (1347ك / 1928ز) تا ساڵی (1371ك / 1951ز)[2].

3. بە فەرمی بووەتە وانەبێژ لە مزگەوتی (حاجی حان) لە سلێمانی ئەمەش لە ساڵی (1371ك . 1951ز) تا ساڵی (1374 / 1954ز)[3].

4. چووەتە كەركووكو لە (تەكیەی حاجی شێخ جەمیلی تاڵەبانی)[4]. ماوەتەوە وانە بێژبووە لەم تەكیەدا لە ساڵی (1374ك / 1954ز) تا ساڵی (1380ك/ 1960ز)[5].

5. بووەتە پێشنوێژو وتارخوێن لە مزگەوتی (أحمدی) لە نزیك وەزارەتی دیفاعی ئەوسا لە بەغداد، ئەمەش لە ساڵی (1960ز) دوای دەرچوون لە تاقیكردنەوەی وتارخوێنیو پێشنوێژیدا[6].

6. دامەزراوە بە وانەبێژ لە قوتابخانەی (عاتكە خاتوون) لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانییدا، لە جەمادی یەكەمی (1380ك / 1960ز)[7].

7. لە دوای ئەوەی ساڵی (1393ك /1973ز) خانەنشین كراوە لەلایەن بنەماڵەی شێخی گەیلانییەوە، شەرەفی مانەوەی لە مزگەوتی گەیلانی پێبەخشراوە بۆ فەتوادان بۆ موسڵمانانو پێشنوێژی كردنی عەسرو نیوەڕۆو دواتر بووەتە موفتی هەمووعێراق[8].

8. سەرۆكی ڕابیتەی زانایانی موسڵمان لە عێراق بووە لە ساڵی (1974ز – 2003ز)[9].

9. لە ئەندامە كاراو دیارەكانی كۆڕی زانیاری عێراق بووە، لە ساڵی 1978ز تا كۆچی دوایی، وەلێ كارایەتی مامۆستا لە كۆڕدا لە پازدە ساڵ تێپەڕ ناكاتو دواتر ئەندامی شەرەفی كۆڕ بووە[10].

---

1 بنوارە ڕۆژگاری ژیانم: (93)و (106)، ئەوەی لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين) (327) نوسراوە كە گوایە ماوەتەوە تا ساڵی (1348ك) هەڵەیەو ڕاستەكەی ئەوەیە كە لە سەرەوە نووسراوە.

2 بنوارە (علماؤنا: 328).

3 بنوارە هەمان سەرچاوە.

4 شێخ جەمیلی كوڕی شێخ موحەممەد ئەفەندی كوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی، لە ساڵی 1892ز لە دایكبووەو پیاوێكی دیندارو خادمی ئەهلی عیلم بووە، لە ساڵی 1961ز كۆچی دوایی كردووەو هەر لە (تەكیە) نێژراوە، بنوارە بنەماڵەی زانیاران: (593 ـ 594).

5 بنوارە (علماؤنا): 328 ـ 329.

6 بنوارە (علماؤنا): 329، ڕۆژگاری ژیانم: 240.

7 بنوارە ڕۆژگاری ژیانم: 240.

8 بنوارە (علماؤنا): 329.

9 بنوارە (خولاسەی تەفسیری نامی): 634/3.

10 بنوارە خولاسەی تەفسیری نامی: 634/3. بۆ هەموو ئەوانەی لە دوی ڕاستی ئەگەڕێن: 41.

مامۆستا و قوتابیانی

أ– مامۆستاكانی:

مامۆستای مودەڕڕیس لای مامۆستاگەلێ خوێندویەتی، لە بەحری پڕ زانستیاندا لێوانیكی هەڵگۆزیوەو لە سنگی خۆیدا كۆی كردووەتەوەو پاش بوونە دەریا لە لێوی شیرین و قەڵەمی ڕەنگینییەوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ لێی ڕژاوەو قوتابی گەلێكی تینو لێی تێراو بوون.

ئەمەش ناونیشانی هەندێك لە مامۆستاكانیەتی:

1. مەلا عەبدولواحیدی كوڕی مەلا عەبدوڵلای هەجیجی:

لە ساڵەكانی 1303ك دا لەدایكبووە، لای جەنابی باوكی لەدێی (بالك) خوێندویەتی و گەڕاوە بەدوای زانستدا، هۆگری مامۆستا عەبدولقادری مودەڕڕیسی بیارە بووەو ئیجازەی لە خزمەتیا وەرگرتووەو یەكەمین كەسێكە كە زمانی مدریسی بەپیتەكان ناساندووە، یەكێكە لە دۆستەكانی صۆفی موحەممەدی باوكی مودەڕڕیس و لە دەوروبەری ساڵی 1352ك لە ساوجی نزیك مەریوان وەفاتیكردووە[1].

2. مەلا مەحمودی جوانڕۆیی:

لە ساڵەكانی دەوروبەری 1300ك لەدایكبووە، مامۆستای (بالك) بووەو پاشان چووەتە دەرتفێ و لە ساڵی 1363ك وەفاتی كردووە[2].

3. مەلا ئەحمەدی ڕەش:

زانای پایەبەرزی ناسراو بە (مەلای ڕش) خەڵكی گوندی (پاش بەرد)ی پێنجوێنە، لە دەوروبەری 1313ك لەدایكبووەو ئیجازەی لەخزمەتی مەلا عەبدولقادری مودەڕڕیس وەرگرتووەو دواتریش لە مەلا ئەبوبەكری ئەفەندی بڕوانامەی وەرگرتووە، ئەو زانایەكی وانەبێژی زۆر سەركەوتوو بووە، لە ساڵی 1373ك وەفاتی كردووە[3].

4. شێخ عومەری ناسراو بە ئیبن ولقەرەداغی:

عەلامەی تێگەیشتوو، پیاوچاكی پێگەیشتوو، شێخ عومەری كوڕی شێخ عەبدوللەتیفی گەورەی كوڕی شێخ مەعروفی دەرەقولە، لە ساڵی 1303ك لە شاری سلێمانی لەدایكبووە، ئیجازەی مەلایەتی لای شێخ نەجیبی قەرەداغی وەرگرتووە، زانایەكی وردەكار بووەو حاشیەو پەراوێزی لەسەر زۆرێك لە پەرتوكە زانستییەكان هەیە، لە ساڵی 1355ك ـ 1936ز وەفاتیكردووەو لەگردی سەیوان نێژراوە[4].

5. شێخ سلێمانی كوڕی فەقی عوسمان.

6. مەلا شەریفی كانی سانانی.

7– مەلا عەزیزی بالیكەدەری.

8. مەلا عەبدوللەتیفی بانەیی.

9. مەلا فەیزوڵلای تاڵش.

10. مەلا عارفی كوڕی مەلا عەبدوللەتیفی هەجیجی.

11. شێخ بابە ڕەسوڵی بەرزنجی.

[1] بنەماڵەی زانیاران/ 507 ـ 509.

[2] علماؤنا : 563.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو: 86 ـ 87.

[4] ڕۆژگاری ژیانم: 84 ـ 92.

12. سەید موحەممەدی كوڕی سەید ئەمینی گیزەملی.

13. مەلا موحەممەد سەعید عەبابەیلەیی.

14. حاجی مەلا عەزیزی دەرتفێیی.

ب-قوتابییەكانی:

لەڕاستیدا قوتابییەكانی مامۆستای مودەڕڕیس هێندە زۆرو بەربڵاون، كە لە مەقدەرەتی مندا نییە ناویان تۆمار بكەمو ئەویشی كە دەینووسم مشتێكە لە خەروارێك، وەلێ هەوڵدەدەم چەندی پێم كرا ساڵی ئیجازە پێ بەخشینیان بنووسمو تۆمار بكەم:

1. مەلا موحەممەد زاهدی كوڕی حاجی صاڵحی پاوەیی، 1351ك-1933ز ئیجازەی پێبەخشراوەو یەكەمین ئیجازەی مامۆستای مودەڕڕیسی لە بیارە بەدەست هێناوە.

2. مەلا ئەسەدوڵڵای تاڵش، هەمان ساڵ.

3. سەید حسامەدینی موكریانی 1355ك-1936ز.

4-سەید بەهادینی خوڕخوڕەیی 1356ك-1937ز.

5-مەلا خچری ئالوثي ئالانی، هەمان ساڵ.

6-شێخ ئەحمەدی سەردەشتی، هەمان ساڵ.

7-شێخ عومەری عزی دیرەزوری كوڕی شێخ ئەحمەدی سوری 1357ك-1938ز.

8- مەلا عەلی جوانڕۆیی، هەمان ساڵ.

9- مەلا محمودی وەیسەیی، هەمان ساڵ.

10. مەلا سەعیدی بالكی 1358ك-1939ز.

11- مەلا محسنی ئەڵمانەیی، هەمان ساڵ.

12. شێخ موحەممەی كوڕی شێخ مارفی نەرگسەجاڕیی، 1359ك-1940ز.

13. مەلا محمدأمینی موكریانی، هەمان ساڵ.

14-مەلا قادری كوڕی حاجی ئەحمەدی هارونی، 1360ك-1941ز.

15. مەلا مەجیدی كانی ساردی وارماوایی، هەمان ساڵ.

16. مەلا ئەحمەدی كوڕی سۆفی مەحمودی كوێركی، هەمان ساڵ.

17. مەلا مەحمودی كانی بەردینەیی، 1361ك-1942ز.

18- مەلا علی كوێركی، هەمان ساڵ.

19. مەلا صاڵحی كوڕی سۆفی عەبدولقادری ژاڵەناوی، 1362ك-1943ز.

20. مەلا فەتاحی شاتری، هەمان ساڵ.

21. مەلا صدیقی كوڕی خەلیفە مەلا ڕەحیمی هۆشاری، 1363ك-1944ز.

22- مەلا سعیدی گڵەچاڵی 1364ك-1945ز.

23- مەلا مجیدی وەلەدبەگی، هەمان ساڵ.

24- مەلا محمدی كوڕی مەلا أحمدی هۆشیاری 1368ك-1949ز.

25. مەلا موحەممەد ئەمینی بانەیی، هەمان ساڵ.

26. مەلا عەبدولقادری خۆشناوی، هەمان ساڵ.

27. شێخ نەجمەدینی كوڕی شێخ عەبدولقادری حەوتاشی، 1371ك-1952.

28- مەلا محمدی كوڕی عەباسی بانەیی، هەمان ساڵ.

ئەو ناوانەی سەرەوە لە بیارە ئیجازەیان وەرگرتوە، لە سلێمانیشدا مامۆستای مودەڕڕیس ئیجازەی هەر یەك لەم مامۆستایانەی داوە:

29. مەلا موحەممەد ئەمین گەورە دێیی، 1375ك-1956ز.

30. مەلا خدری مەنگوڕی، هەمان ساڵ.

لە كەركوك ئیجازەی ئەم مامۆستایانەی داوە:

31. مەلا ڕەشیدی كوڕی حاجی كاكەحمەدی قولی جانی، 1376ك-1957ز.

32. مەلا عومەر ڕەشیدی نۆ دەریاویی، 1377ك-1958ز.

33. مەلا حسینی كۆیی، هەمان ساڵ.

لە بەغدادیش زۆر مامۆستا لە خزمەتیدا سودمەند بوون و ئیجازەیان وەرگرتوە ئەمەش هەندێكیانن:

34. مەلا عەبدولقادری كوڕی شێخ ڕەسوڵی بەحركی(35).

35. دكتۆر عوسمان موحەممەد ئەلهاشمی.

36. شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی، لە ساڵی 1968 ئیجازەی وەرگرتووە،

37. دكتۆر موحەممەد مەلا ئەحمەدی گەزنەیی، وەزیری ئەوقاف، سلێمانی لەساڵی 1969ز ئیجازەی وەرگرتووە.

38. مامۆستا یاسین دەروێش.

39. مەلا موستەفای كۆزەپانكی.

40- دكتۆر صلاح الدین ی سەنگاوی، 1965ز.

لەگەل داوای لێبوردنماندا بۆ سەرجەم قوتابیانی تری مامۆستای مودەڕڕیس كە دەگونجێ هەندێكیان مامۆستاشم بووبن، وەلێ لەم كاتەدا لەیادم نین‌و داوامە لە سەرجەم ئیجازەپێدراو و قوتابیانی مامۆستا ئاگادارم بكەنەوە، زۆر سوپاسیان دەكەم و بابەتەكە دەوڵەمەندتر دەكەن.

دانراوەكانی مامۆستای مودەڕڕیس

یەكەم: بەزمانی كوردی:

1. سەرچاوەی ئاین: ئەم پەرتووكە، لە 1982ز بە چاپ گەیشتوە و لە شەش نامیلكە پێكهاتووە كە ئەمانەن:

أ. ئیمان‌و ئیسلام: لە عەقیدەدا نوسراوەو وەرگیراوە لە كتێبی (عەقیدەی هەورامیانە)ی مەلا حامدی كاتبی سراجەدین، كە بەشێوە زاری هەورامی نووسراوە، لەساڵی 1352ك-1933ز لە بیارە دایناوە.

ب . ئەساسی سەعادەت: شیعرە لەباسی ئادابی ئیسلام‌و ئەركانی ئیمان لە ساڵی 1354ك-1935ز لەسەر شێوەی پرسیارو وەڵام نووسیویەتی.

ج . ئاوی حەیات: ژیاننامەی ئەو پێغەمبەرانەیە، لەقورئاندا ناویان هاتووەو پاشان باسی عەشەرەی موبەششەرەو چوار ئیمامەی موجتەهید دەكات، ساڵی 1358ك-1939ز لەبیارە نووسیویەتی.

د . چل چرای ئیسلام: ڕاڤەی چل فەرمودەی پێغەمبەرە ρ ساڵی 1373ك-1954ز لە سلێمانی نوسوییەتی.

هـ . نورو نەجات: شیعرێكی كوردییە لە مەدحی پێغەمبەرρو هاوەڵانیدا، ساڵی 1375ك-1956ز لە كركوك نوسراوە .

و . ئیقباڵنامە: هۆنراوەیە، وەرگێڕاوی پەرتووكی (دولت نامە)ی مەلا خزری ڕوداریە، كە بەشێوەزاری هەورامی لەساڵی 1353ك-1934ز نوسراوە.

7. مەولودنامەو میعراج نامە، لە ساڵی 1378ك-1959ز لە كەركوك نووسیویەتی و لەساڵی 1982ز بەچاپ گەیشتوە.

8. دووڕشتە: فەرهەنگێكی عەرەبی كوردییە، ساڵی 1385ك-1966ز نووسیویەتی‌و 1992ز بە چاپ گەیشتوە .

9. بەهارو گوڵزار: حیكمەت‌و دانایەتییە مامۆستای مودەڕڕیس هۆنیویەتەوە، لەساڵی 1977ز بە چاپ گەیشتوە .

10. شەریعەتی ئیسلام: وەرگێڕاوی (منهاج الطالبین)ی نەوەوییە، چوار بەرگەو دانراوی ساڵی 1378ك-1958ز تا ساڵی 1381ك-1961ز یە.

11. وتاری ئاینی بۆ ڕۆژانی هەینی: بەزمانی كوردیو پوختەیەكی عەرەبی لە ساڵی 1380ك-1961ز لەبغداد نووسیویەتی و لە 1970ز بە چاپ گەیشتوە.

12. بارانی ڕەحمەت: هۆنراوەیەكە بەژیانی پێغەمبەری خوا ρ دەست پێدەكاتو دواتر كورتە ژیانێكی چوار خەلیفەكەو پاشان چەند بابەتێكی فیقهی كۆتایی دێنێ بەچەند باسێك لە باوەڕودا، لە ساڵی 1354ك-1935ز نووسیویەتی و لەساڵی 1958ز بە چاپ گەیشتوە.

13. یادی مەردان: دوو بەرگەو بەرگێكی باسی مەولانا شێخ خالیدی نەقشبەندیو بەرگەكەی تریش باسی شێخ عوسمانی سراجەدینە، بەرگی یەكەم لە 1979ز بە چاپ گەیشتوە و دوەم لە 1983ز و دوەم بەرگ لە علماؤنا بە (پەیڕەوان)ناوزەند كراوە.

14. دیوانی مەولەوی: لێكۆڵینەوەو ڕاڤەی شیعرەكانی مەولەوییە و لە ساڵی 1959ز دانراوە و لە 1961ز چاپ كراوە.

15. ڕاڤەی شیعرەكانی دیوانی (نالی) فاتحی كوڕی هاوكاریكردووە لە 197ز بە چاپ گەیشتوە.

16. ڕاڤەی شیعرەكانی دیوانی (مەحوی) لە ساڵی 1382ك-1962ز دایناوەو لە 1979ز بەچاپ گەیشتوە.

17. كۆمەڵە شیعرێكی فەقێ قادری هەمەوەندی، فاتحی كوڕی هاوكاری باوكی كردووە و لە 1980ز بەچاپ گەیشتوە.

18. حەج نامە: لەباسی ئادابی حەج.

19. ڕاڤەی (عەقیدەی مەرضیە)ی مەولوی لە عیلمولكەلامدا لە 1988 بەچاپگەیەنراوە.

20. مەكتوباتی كاك ئەحمەدی شێخ: وەرگیراوە لە فارسییەوە پەنجاو پێنج مەكتوب و نووسراوە، لە 1984-1991ز لە چوار بەرگدا چاپكراوە.

21. بنەماڵەی زانیاران: باس لە هەندێ بنەماڵە ناسراوەكان دەكات، كە شۆرەتیان بەزانستو دین بلاوبوەتەوە و لە 1984ز بە چاپ گەیشتوە و لە علماؤنا بە (بنەماڵەكانی كوردستان) ناوی هاتووە.

22. تەفسیری نامی، حەوت بەرگە لە تەفسیری قورئاندا، لە ساڵی 1980-1984ز بە چاپگەیشتوە.

23. خولاسەی تەفسیری نامی: سێ بەرگە، بۆ خۆی كورتیكردوەتەوە لە 1985زدا.

24. نوری قورئان: لە علومی قورئاندا، لە ساڵی 1319ك-1971ز دانراوە لەبغداد و لە 1985ز بە چاپ گەیشتوە.

25. ڕێگای بەهەشت: لە ساڵی 1987 بەچاپگەیەنراوە.

26. نامەی هوشیار: ساڵی 1409ك-1988ز لە بغداد نووسراوە و لە 1992ز بە چاپ گەیشتوە.

27. شەرحی (فتح القریب): لە فیقهی پێشەوا شافیعی.

28. بەدیعو عەروزی نامی: لە 1409ك-1989ز لە بغداد نوسراوە و لە 1991ز بەچاپگەیشتوە.

29. ڕێگای ڕەهبەر: لەزانستی علوم حەدیسدا لە ساڵی 1402ك-1982ز لە بغداد نوسراوە و لە 1985ز چاپكراوە.

30. سەناو سكالا، لە ساڵی 1406ك-1986ز لە بغداد دانراوە لە 1987 چاپكراوە.

دووهەم: بەزمانی عارەبی:

31. جواهر الفتاوی: فەتوای زانا گەلێكی كوردی تێدا كۆكردۆتەوەو لەفەوتان قوتاریكردوون، سێ بەرگەو لە ساڵی 1382ك. 1962ز داینـاوە ولە 1969-1971زبە چاپ گەیشتوە.

32. جواهر الكلام في عقاید أهل الاسلام: كتێبێكی نایابی عەقائیدە،كە خۆی هۆنیویەتەوەو ڕاڤەیكردووە، لەساڵی 1411ك. 1956 داینـاوە و لە 1993ز بە چاپ گەیشتوە.

33. صفوة اللآلي من مستصفى الغزالي: لەزانستی (اصول الفقه) دایەو توانای مودەڕڕیس لەم زانستەدا دەخاتە ڕوو

مەودای تێگەیشتنی لە ئوصول بەدەردەخات، ساڵی 1375ك . 1955ز لە كەركوك دایناوە و لە 1986ز چاپكراوە .

34. ارشاد السالك الی المناسك: لەباسی حەجدا نووسیویەتی، لە 1983ز چاپكراوە .

35. المواهب الحميدة في الفريدة: لەزانستی (نحو)دا ئەمەی نووسیوەو زۆر بەجوانی (فريده) كەی سیوتی ڕاڤە كردووەو لەدنیای فەوتان ڕزگاریكردووە، ساڵی 1374ك . 1954ز لە سلێمانی دایناوە ولە 1977ز چاپكراوە .

36. نور الايمان: لەزانستی عەقائیددا نوسراوە، لە 1978ز چاپكراوە.

37. ارشاد الأنام الی أركان الاسلام: لەزانستی فیقهدا نوسیویەتی، لە ساڵی 1408ك . 1987 دایناوە و لە 1990ز بە چاپگەیشتوە.

38. رسائل العرفان في الصرف والنحو والوضع والبيان: ئەمەش چەند نامیلكەیەكی لەخۆ گرتووە:

أ . الصرف الواضح للمبتدئين: ساڵی 1383ك–1963ز لە بغداد دایناوە.

ب . مفتاح الآداب: لەزانستی نەحوداو لە ساڵی 1393ك–1973ز نوسراوە.

ج . الخلاصة في الوضع والبيان والتبيان في الوضع البيان، ساڵی 1351ك–1932ز لە بیارە نووسیویەتی .

41. رسائل الرحمة في المنطق والحكمة: پێنج نامیلكەی لەخۆ گرتووە :

أ . المفتاح في المنطق: لەزانستی لۆژیكدا وەك سەرەتایەك زۆر بەسودەو ساڵی 1353ك–1934ز لە بیارە نوسیویەتی.

ب . الورقات في المنطق: ساڵی 1349ك–1930ز دایناوە .

ج . المقالات فى المقولات: هەمان ساڵ نووسیویەتی.

د . رسالة العزيزة في المنطق: ساڵی 1348ك–1929ز لە بیارە نووسراوە .

ه . الوجيهة المرضية في المواجهات: لە ساڵی 1349ك–1930ز نووسراوە .

46 . اعلام بالغيب واهام بلاريب: ڕاڤەی هەندێ فەرمودەی پێغەمبەرﷺ لە 1992ز چاپكراوە.

47. نور الاسلام: لەزانستی عەقائیددا نووسراوە، لە ساڵی 1397ك–1977ز دایناوە و 1978ز چاپكراوە.

48. علماؤنا في خدمة العلم والدين، ساڵی 1401ك–1981ز نووسیویەتی و لە 1983ز چاپكراوە، بەڕاستی ئەم پەرتووكەوە مامۆستا وەك كەشكۆڵێك بۆ زانایانی كورد دەردەكەوێت.

49. مواهب الرحمن فى تفسير القران: حەوت بەرگە لە تەفسیری قورئاندا لە 1984ز لە بغداد دایناوە و لە 1986–1989ز چاپكراوە .

50. خلاصة منظومة جواهر الكلام في عقايد أهل الاسلام: كورتكراوەی پەرتوكی جواهر الكلامی خۆیەتی، لە 1992ز لە بغداد كورتی كردوەتەوە و لە 1992ز چاپكراوە .

51. الرسالة وأنوارها: سەبارەت بە پەیامی پێغەمبەران و موعجیزەكان، لە 1989ز چاپكراوە .

52. اسناد الأعلام الی حضرة سيد الأنام، لە 1995ز چاپكراوە .

53. الفرائد الجديدة على المطالع السعيدة، ڕاڤەی (مطالعی سیوطی)یە لەزانستی نەحودا.

54. الوردة العنبرية في مدح خير البرية: ساڵی 1413ك . 1992 دایناوە و لە 1994ز چاپكراوە .

55. الأنوار القدسية في الأحوال الشخصية.

56 – الوسيلة في شرح الفضيلة، ڕاڤەی (الفضيلة)ی مەولەوی یە، بە عارەبی لە عیلمی كەلامدا و لە 1959ز لە كەركوك نوسیویەتی و لە 1972ز لە دوو بەرگدا چاپكراوە.

سێهەم: بەزمانی فارسی:

57. نامیلكەی (شمشێر كاری بر نسیمی رستگای) وەڵامە بۆ پەرتوكی (نسیمی رستگاری) كە لەسەر ئیجتیهاد و تەقلید ئایەتوڵڵا موحەممەد مەردوخی سنەیی نووسیویەتی و مامۆستای مودەڕڕیس وەڵامی بۆ نووسیوە، لە ساڵی 1356ك دایناوە .

58. فوائد الفوائح در شرح (منظومه الفوائح) كە مولوی لە عەقائداو بەزمانی فارسیی هۆنیویەتەوەو مودەڕڕیسیش شیكە ڕاڤەیەكی كردووەو مەولەوی مەلەوان لە فارسیدا ناساندووە بە عەجەمستان.

دەستنووسەكانی مامۆستای مودەڕڕیس:

لەڕاستیدا مامۆستای مودەڕڕیس كتێب گەلێكی هەن كە هێشتا بەدنیای چاپنەگەیشتوون، من ناڵێم هەموویان دەنووسم، بەڵكو ئەوەی بەردەستم كەوتووە، زانیاریم لەسەری هەیە قامكی بۆ درێژ دەكەم‌و ئومێدمە قوتابیان‌و شوێنكەوتووانی بتوانن سودیان لێوەرگرن‌و پاش لێكۆڵینەوە چاپیان بكەن.

59. العلمان في العلمين: لەزانستی (وضع و استعارة) دا لە ساڵی 1373ك نووسراوە.

60. شرح حدائق الصمدیه لەزانستی نەحودا نووسیویەتی.

61. العقد الذهب في جید الأدب، لەزانستی (بدیع وعروض)دا دایناوە.

62. خلاصه التبیان، لەساڵی 1374ك دایناوە.

ئەمانە هەمووی دەستنووسن‌و بەعەرەبی نووسراون.

بەزمانی كوردیش ئەمانەی نووسیوە:

63. نامەی حەقیقەت، ساڵی 1362ك دایناوە.

64. ڕۆژگاری ژیانم: دەستنووسێكی زۆر جوانەو لەبەسەر هات‌و ڕۆژگاری ژیانی خۆی نووسیویەتی (256) لاپەڕەی خورشیدییەو بەدرێژی تا ساڵی 1969 ژیانی خۆیی تیا نووسیوە.

65. سۆسەنی كۆسار: ئامۆژگارییە بۆ موسڵمانان لە ساڵی 1419ك نووسیویەتی.

66. وەنەوشەی نازار: لە ساڵی 1403ك دایناوە.

67. پەیڕەوان، باسی خەلیفە دیارەكانی شێخ عوسمان سراجەدینی یەكەم‌و كوڕەكانی دەكات.

68. باخچەی مەعریفەت: لە ساڵی 1373ك نووسیویەتی.

69. ڕاڤەو لێكۆڵینەوەی شیعرەكانی سالم.

70. ڕاڤەو لێكۆڵینەوەی شیعرەكانی بێسارانی.

71. شەمامەی بیندار: فەلسەفەو ئامۆژگارییە.

72. نامەی بەختیار: ئامۆژگاری گشتییە بۆ مسوڵمانان لە ساڵی 1384ك دایناوە.

73. ڕاڤەی تەصریفی زنجانی، بەكوردی لەزانستی صەرفدا.

74. باوەشێنی دڵ بەچەند دەستە گوڵ باسی ژیانی خۆی دەكات تا بوونە مامۆستا لە بیارە، پاشان وەك وەفایەك باسی شێخەكانی نەقشی دەكات بە مەولانا خالید دەست پێدەكات‌و بە شێخ (عومەر ضیاءالدین) كۆتایی دێت‌و مەخابن ئەم كتێبەی تەواو نەكردووە بە خەتەكەیدا پێدەچێ لە تەواوی پیری‌و دەست لەرزۆكی نووسیبێتی.

دەستنووسە فارسییەكان بریتین لە:

75. (شهاب سما در رجم جن جان نما): ئەمەش وەڵامە بۆ كتێبی (جان نما) دانراوی ئایەتوڵڵای مەردرخی لە عەقیدەدا، شێخی مودەڕڕیس لە 1357ك وەڵامی بۆ نووسیوە.

76. فیوضاتی خدای ذی من: ڕەددی پەرتووكی (یزدان‌و أهریمن): دانراوی ئایەتوڵڵای مەردۆخییە كە هەم كتێبەكەی مەردۆخی‌و هەم وەڵامەكەی مودەڕڕیس هۆنراوەیە، ساڵی 1358ك دایناوە.

77. گلزاری حكمت در رباعیات فارسی: نامیلكەیەكە لەسەر شێوەی هۆنراوەی فارسی لەگەڵ چەند چوارینەیەكی فارسی ساڵی 1377ك دایناوە.

78. هۆنراوەیەكی فارسی لە زانستی تەجویددا، ساڵی 1373ك نووسیویەتی.

79. ڕای رحمت حق: شیعرە بە فارسی.

ناساندنی (ڕۆژگاری ژیانم)

(ڕۆژگاری ژیانم) لە نووسینی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس دەستنوسێکە لەو دەستنوسانەی بە خەتی مامۆستا خۆی نووسراوەو لە (256) لاپەڕەدا نووسراوەو قەبارەی لاپەڕەکانیشی (20 × 28.5)سم هەر لاپەڕەش (32) دێری لە خۆ گرتووەو دیارە مامۆستا بەمەرەکەبو قامیش نووسیویەتی.

خەتی ئەم دەستنوسەر زۆر ڕوونو ئاشکراو جوانەو کەسێ تۆزێ شارەزایی خەتی مامۆستا بێت، زۆر بە سادەو ڕەوانی دەیخوێنێتەوە، مامۆستا بەڕێسای نووسینی مەلایانەو دێرین دەنووسێو هەندێ جار حاشیەو پەراوێز بە چواردەورویدا دەهۆنێتەوە.

مامۆستا پێش دەستپێکردن بە کتێبەکەی پێرستێکی نووسیوە وەلَی هەمووی تەواو نەکردووە تا سەرگوزشتەی (مەولەشێت) ڕۆیشتووە، ژمارە لاپەڕەی پێرستەکە هەڵەن بۆ نمونە (هۆزی قازی ل11) کەچی لە لاپەڕە (8) دایە، باسی (مەولە شێت ل/45) ئەو لە لاپەڕە/67 دایە و بەم چەشنە...، پێدەچێ ژمارەی لاپەڕەکانیش دواتر نوسرابن.

لە لاپەڕە (3)دا ناوی بڕێك لە نووسراوەکانو ساڵی دانانیان نووسراوە، وەلَی هەندێ لەو ناوانە لە کاتی چاپدا گۆڕاونو دەبێ بە وردی تەماشا بکرێن، بۆ نمونە (البستان في فتاوى علماء کردستان) چاپ کراوە، بە ناوی (جواهر الفتاوی)، هەردووك هەر یەك کتێبن و نابێ بە دوو حساب بکرێن، یان هەندێ لەو کتێبانە لەگەڵ کتێبی تر چاپ کراوەو دووبارە بە نووسراوی سەربەخۆی مامۆستا حساب ناکرێن، بۆ نمونە (کشف الغامض عن أحکام الحائض) کە لە(1348) نووسیویەتی لەگەڵ کتێبی (جواهر الفتاوی) چاپ کراوەو بە شێکە لەو کتێبە.

لە لاپەڕەی (4)دا ناوی ئەو قوتابیانەی نووسیوە کە لە بیارە ئیجازەی مەلایەتی پێ بەخشیونو مێژووی ئیجازەکانیشی نووسیوە، (27) قوتابی بیارەو یەك قوتابی سلێمانیو پێنج قوتابی کەرکووکی تۆمار کردووە کە موجازی مامۆستان.

لە لاپەڕە (5)دا بە ساڵی کۆچی ڕۆژی لە دایکبوونی (موحەممەد فاتیحو محمد و عالیه وموحەممەد نجیب وصلاح الدین و عطیه)ی لە منداڵەکانی نووسیوەو لە خوارەوەش لە دایك بوونی شیلانیی کچی صەلاحی تۆمار کردووەو لە کۆتاییدا نزای عاقبەتی خەیرو ئیمانو سەلامەتی بۆ کردوون.

ئینجا لە لاپەڕە شەشەوە دیباجەکەی مامۆستا دەست پێدەکات[1].

مامۆستای مودەڕڕیس لەم نووسراوەدا زۆر کات لە ژیانەکەی خۆی تێدەپەڕێو هەندێ باس کە مەبەستیەتی زۆر درێژەی پێدەدا، بۆ نمونە زۆر بە درێژەی باسی هۆزی قازیو هەسەن دەکاتو شەجەرەکانیان دەنووسێو لە لاپەڕە (8 – 13)ی کتێبەکەی ئەو باسەیە، یان هەندێ کەسایەتی هەن وەك وەفایەك ژیانیانی بە درێژی نووسیوەتەوە وەك شێخ عمری ئیبنولقەرەداغی کە لەلاپەڕە (84 – 92) باسی ژیانو قیافەو خووڕەوشتی دەکات، یان باسی ڕشتەی ساداتی بەرزنجە لە شێخ عیساو شێخ موساوە، یان پیر خدریو کاکوزەکریاکان، یان باسەکانی مەریوانو ئەمیر حەمزەو..

کورتیو پوختی دەمەوێ بڵێم: (ڕۆژگاری ژیانم) کە شکۆڵ ئاسا زۆر شتی جوانو زۆر باسی ناسکی لە خۆ گرتووەو ئەوەندەی بۆم ڕۆشن بووەتەوە دەرەنجامی خوێندنەوەم بۆ مامۆستاو نووسراوەکانی مامۆستا بەدوری لە کوردستان زۆر غەمبار بووەو عاشقێکی بێ وێنەی ئەم خاکە بێ وێنەیە، سەرسامە بە دارو ڕووبارو هەواو پیاو ماقوڵو زانای ئەم خاکە، هەموو مەبەستیشی دوو شتە:

یەکەم: دەیەوێ هەویە و تاریخێك بۆ ئەم گەلە کە بە هۆی دینەوە پەیدا بووە نەپوکێتەوە.

دووهەم: ئەم هەمووە زاناو گەورە پیاوەی کورد ناویان نەفەوتێو تۆزی زەمەن نەیان شارێتەوە.

ئیتر ئەم دڵە ناسکە بەم هەمووە عیشقو ئەوینەوە دەیەوێ ژیانی خۆی بنووسێ نەبادا گەلی مردووی ئەمیش بمرێنو

[1] بۆ زیاتر چاوەڕوانی خوێنەر چەند لاپەڕەیەکی (ڕۆژگاری ژیانم) کۆپی دەکەین، بنواڕە پاشکۆی ئەم کتێبە.

كە دەگاتە بابەتێكو دەزانێ گەلەكەی مراندویانە یەكسەر قەڵەمی ئەویندارى دەگرىو دەچێتە سەر ئەو باسەو كەمێك دەیلاوێنێتەوە .

بەهەر حاڵ من بۆ ئەوەی خوێنەر بە مامۆستاى مودەڕڕیس و ژیانی پڕ گەوهەری ئاشنا بێت، ئەم دەسنووسەم كورت كردوەتەوەو ئەوەی پەیوەست بە ژیانی خۆیەوە نەبێت نەمنوسیوەتەوەو تەركم كردوە. بەڵام بەم هێمایە(...) ئیشارەتم بۆكردوەو هەندێ جاریش، گەر بەگرنگم زانیبێ پوختەكەیم لە پەراوێزدا باس كردوە.

لەنێو نوسینەكەشدا گەر ووشەیەك یان جملەیەكم بەپێویست زانیبێت بۆ ئەوەی زیادی بكەم خستومەتە نێو (.) و لە پەراوێزدا ئیشارەتم پێداوە .

هەندێ شێوەنوسینی مامۆستام گۆڕیوە وەك (دەرزی) كردومە بە (دەرسی) یان (إسراحەت) كردوومە بە (ئیسراحەت)، ئەمەش لە هەمو جێیەكدا نەمكردوەو ویستومە چەشنی نوسینەكەی مامۆستا تێك نەدەمو تامی قەڵەمەكەی ئەو نەگۆڕم.

سەرباسم بۆ نوسیوەو هەندێك نوسراوەكەم زیاتر پێدەرخستوەو لە پەراوێزدا ئیشارەتم بۆ ئەمەش نوسیوە .

هەندێك نوسین گەر بە هەڵە پێش چاوم كەوتبێ، پەڕاندوومە جا یان پیت یان ووشەیەكم پەڕاندوە بۆ ڕاستكردنەوەی هەڵەكە زۆر كات لە پەڕاوێزدا ئیشارەم پێنەداوە، وەك (فاتحی لەگەڵیا خۆیا برد)ل610، ڕاستەكەی (فاتحی لەگەڵ خۆیا برد) یان (پیای) كراوە بە (پیاوێ).

مامۆستاى مودەڕڕیس ساڵەكانی بە نوسین نوسیوەو بەكۆچی تۆماری كردوە، من كردومە بە ژمارە و زاینییەكەشم بۆ زیاتر ڕوونی لەپەناوە نوسیوە.

ماوە بڵێم: خوێندنەوەی ژیانی هەر هەڵكەوتویەك، كۆپلە واتایەك لەخۆ دەگرێ، كە دەبێ خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بكرێ و، لێكۆڵینەوە لەسەر: 1–هۆكاری پێگەیشتن. 2–بەرهەڵستەكان لەبەردەم پێگەیشتن. 3–خاڵە سەركەوتوەكان لەژیانی ئەم كەسایەتییە. 4– شێوازی نوسین و قەڵەمی. 5–خزمەتی گەل و نیشتمانی. 6– تایبەتمەندی ئەم كەسایەتییە. 7–خاڵە لاوازەكان لەژیانی ئەودا.. زەرورەتێكی باسی مێژویی وورد و زانستین.

ئەم نووسینەی ئێمەش گەر چی تەقەی لە هەندێ لەوانەی سەرەوە داوە، وەلێ مەبەستی سەرەكی تێیدا وەفایەكە بۆ ئەو زانا گەورەیەی زۆر زانای ئەم وڵاتەی بە زیندوویی هێشتەوە، بە زیندوویی ژیانەكەی بهێڵینەوەو بۆ نەوەی داهاتوو خزمەتێك پێشكەش بكەین .

مامۆستای مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە

دیباجە

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله الذي خلق الانسان، وكرمه بالفضل والاحسان، فمیزه بالعقل والعلم والقلم واللسان، والصلاة والسلام على سیدنا محمد الذي هو في عین الوجود انسان وعلى آله وصحبه واتباعه بالاحسان الى یوم الدین.

لە لای ئینسانی هوشیارا دیارە، هەر ئینسانێ لە ماوەی ژیانی خۆیا گەلێ كارەسات ئەبینێ، كە بە سەری خۆیا، یا هاوڕۆژەكانیا بێت گەلێ شتی بەسوودو بار[1]، بۆ خۆی یان بۆ ئەوان دەست ئەكەوێت، ئەگەر ئینسان هۆی ئەو شتانە تەماشا بكات، ئەو ڕوداوانە بە خۆیان و هۆكانیانەوە بنووسێتەوە، بۆ پاشەڕۆژی خۆی و هاو زەمانەكانی، بۆ چینی دواكەوتووانی ئەوانیش زۆر بەسوود ئەبن.

هەروا گەلێ شت بەراورد ئەكا كە ئەبن بەسەرمەشق بۆ هاونیشتمانەكانی بۆ غەیری ئەوانیش لە موستەقبەلا لەسەر ڕووناكی ئەوانە ڕەفتار بكەن، بۆیە (سعدی) فەرموویەتی:

مرد هیز منذ پیشـەرا عمر دو بایست در ئین روزگار
تا زیكی تجربه ارد به بند و ز دگردی تجربه ئارد بەكار

جا لەسەر ڕووناكی پێشوو، من ئەمەوێ ڕووداوی زەمانی خۆم، ئەو كەسانەی كە لەگەڵیانا بووم – ئەوەی لە بیرما مابێ– بیان نووسم لەبەر چەند شت:

یەكەم: وەزعی ژیانم لەلای دۆستان، عەلاقەت دارانم ون نەبێ.

دووەم: وەزعی ئەو كەسانە لەم نامەدا ئەیان نووسم دەربكەوێ.

سێهەم: هەر پەندێكی سوودمەندیان تیادا هەبێ ڕەفتاریان پێ بكەن.

چوارەم: بۆ خۆم لە ماوەی دوایی ژیانما بە تەماشاكردنیان بە بیرەوەری حاڵی خۆمو دوستانم دڵی خۆم تۆزێ لە تۆزو تەمی غەم پاك بكەمەوە.

وە ئەم نووسراوانەم ناونا بە (ڕۆژگاری ژیانم)[2] لە میهرەبانی یەزدانی پاك داوا ئەكەم كە ئەم دەفتەرە[3] بكا بە هۆی سوودی سەعادەتو پیرۆزی ئەوانە تەماشای ئەكەن:

گەلێ لە زانای خاوەن بیرو هۆش گەلێ ئەدیبی بوساغی تێكۆش
گەلێ مەردانی بە عەقڵو ویژدان زۆر پاڵەوانی ئامادەی مەیدان
گەلێ دڵ پاكی بۆ مەردوم دڵسۆز زۆر دڵ ڕووناكی خاوەن عەشقو سۆز
گەلێ دڵبەری سەروی سنۆبەر كە تانەی ئەدا باڵای لە عەرعەر
گەلێ بەخشندەی خاوەن خانەدان پەنای ڕۆژی ڕەش بۆ حاجەت مەندان
مردنو گیانیان گەیشتە بەهەشت باسێكیان نەما نە لە شار نە دەشت
مایەی ئازارە بۆ دڵی هوشیار سوودێ وەرنەگرێ لە چەرخی دەووار
تۆماری دەوری خۆی نەكاتەوە ئاور بۆ حاڵی كەس نەداتەوە
نەكا بەسەرمەشق ئیشی پێشینان نەكا بە ڕێگە ڕێی تێكۆشینیان
جیهان قەڵایەو ئینسان پاسەوان نارەوایە بۆی نووستنی شەوان

1 لە دەستنووسەكە بەم چەشنە نووسراوە (گەشتی بەسود و بارە)و ڕاستییەكەی ئەوەی سەرەوەیە كە نووسیومە.

2 لە دەستنووسەكەدا (ڕۆژگاری ژیان) نووسراوە.

3 لە دەستنووسەكەدا (كە ئە دەفتەر بكا) نووسراو.

پێویستی مەردە لە ڕووی جیهاندا   بێدار بی لە گشت ماوەی ژیانا

مەبەستی (نامی) لەم تولی و عەرزە   ئەمەیە بۆ مەرد كەرامەت فەرزە[1].

ڕیشەی نەسەبی خۆم

باوكم موحەممەدی كوڕی فەتاح كوڕی سلێمان كوڕی مصطفى كوڕی محمد خەجێ لە عەشیرەتی (هۆزی قازی)، دایكی باوكم ریحان كچی نصر الله خەڵكی دێی (كورەمێو) لەلای پێنجوێن دا.

باوكی باوكم فەتاح لەگەڵ عەزیز ناوی برایا ظریفة ناوی خوشكیا لەلای باوكەوە لە(هۆزی قازی) وەلەلای دایكیەوە لە (هۆزی هەسەن) ن، ئەمانە لە ناو هۆزی قازیدا لە دایك بوون، پاش ماوەیێ لەناو عەشیرەتەكەیان دەرچوون، وەموددەتێ لە دێی (كەوڵۆس)، وەپاش ئەوە لە دێی (چەوتان) دانیشتوون، هەتا باپیرەم فەتاح ژنی هێناوە ئەمجار لەو دێ دەرچوون، هاتوون بۆ دێی (تەكیە) لە خواری مەركەزی ناحیەی خورماڵەوە، لە دێی تەكیەدا كە موڵكی شێخ بهاء الدین بوە بە زارعی دانیشتوون.

ئەم هاتنەیان بۆ (تەكیە) لە دەوری تاریخی 1275ك-1858ز بووە، دایكی باوكم لە پێش پەیدا بوونی باوكمدا دوو كوڕی تری بوە یەك لە دوای یەك، یەكەم محمد مصطفى ناو دووەم محمد شریف ناو، لەم سەردەمەدا لەگەڵ بەخێو كردنی مناڵەكانی خۆیا شیری داوە بە شێخ حسام الدین كوڕی شێخی بهاءالدین كە ئەم كوڕە لە (طیبة خان) ی كچی سید عبد الرحمن بیەلەنگەیی بووە.

محمدی باوكم هەر لە دێی (تەكیە)دا لە تاریخی 1285ك-1878ز دا لە دایك بووە[2]

وەهەر لە تەكیەدا گەورە بووە، پاش چەن ساڵێ باوكی باوكم فەتاح لەدێی تەكیەدا وەفاتی كردوە.

پاش ئەمە عزیزی مامی باوكم لەو دێ دڵی هەڵكەنراوە و گوێزاویەتەوە بۆ دێی ڕەشان لەلای (پێنجوێن)دا، وەدایكی باوكم لەبەر ئەوەی چاوی لە كوڕەكەیەوە بێ شوی كردوە بە مامە عزیز، پاش چەن ساڵێ لە ڕەشانەوە لەبەر هەنێ كارەسات لە ڕەشان گوێزاویانەتەوە بۆ (بەییلە)، وەلەوێ مەشغوڵی زەراعەت كردن بوون، لە دەوری تاریخی 1310ك-1892ز دا دایكی باوكم لە عزیزی هێوەری كوڕێكی محمد ناوی بوە پاش ئەو كچێكی خەجێ ناوی بوە.

باوكم لە تاریخی (1315ك-1897ز) ژنی هێناوە، دایكم (خانم) ناو لە عەشیرەتی (سورەجو)یی بووە، كە لە نزیكی شانەدەریدا دانیشتوون، لە تاریخی 1317ك-1899ز ئامینەی خوشكم لە دایك بوە، لە (1321ك-1903ز) لە ئەوەڵی

---

[1] ئەم دیباجەیە لە گۆڤاری (ستاندەر)دا بڵاو نەكراوەتەوە.

[2] لێرەوە ئەو هەڵە بەربڵاوە ڕەد دەبێتەوە كە دەڵێ مامۆستای مدرس لە تكیە لەدایك بوە، لێرەدا بەڕونی مدرس دەڵێ: باوكم لە (تكیە) لەدایك بوە، پاش وەفاتی باپیریشی كە فتاح بوە، نەنكی واتە دایكی باوكی شوی كردوەتەوە بە عزیزی برای فتاح كە هێوەری خۆی بوەو باریان كردوە بۆ (ڕەشان) لای پێنجوێن و دواتریش كە سۆفی محمدی باوكی گەورە بوەو ژنی هێناوە لە (سورەجۆ) هەر لەلای پێنجوێن و چەند جارێك باریان كردوە بۆ دیوی ایران و هاتونەتەوە هیچ باسێكی تری (تكیە)م نەخوێندوەتەوە لە دەستنوس و چاپكراوەكانی مامۆستای مودەرریسدا، ئیتر نازانم ئەم هەڵە چۆن بڵاو بویەوە دنیای ڕاگەیاندنی داگیركرد و ڕاستی شاردەوە، بۆ جوانبینی ئەم هەڵە بنواڕە كوردستانی نوێ (ژ/2510) بابەتێكی صلاح عبدالقادر (ژ/3763) بابەتێكی بەرزانی مەلا تەها كە هەردوك ئەم هەڵەیان نوسیوە، هەروەها ژمارە (902) ڕۆژنامەی خەبات بابەتێكی ممتاز حەیدەری و لە ڕۆژار (ژ/14) هەمان هەڵەی تێدایەو هەفتەنامەی یەكگرتو (ژ/555) بابەتێكی غازی عەلی و هەروەها بابەتێكی ئومێد محمد قەرەزاغی لە (ژ/ 132)ی ڕۆژنامەی داهێنان و لە (الافق)یش دا بە عەرەبی بابەتێكی محسن تحسین و شێخ فائق نامق لە بابەتێكی تری (الافق)ی (ژ/115)دا، ئەمانە هەمو ئەم هەڵەیان تێدا دوبارە بوەتەوە، هێندەی من ئاگادار بم، لەگەڵ ئەوەشدا دەستخۆشی لە هەمویان دەكەم و لە سەرجەم ئەو بەڕێزانەی ئەو زاتە گەورەیان بەسەر كردەوەو بە پێنوسی جوانیان مێژو و وەفاداریان نوسی و لە زۆرینەشیان سودم بینیوە و منیش چەندەها هەڵەم هەیە، تەنها مەبەستم ڕاستكردنەوەی ئەم هەڵەیە بو، لەژیانی ئەم زانا پڕ لە گەوهەرە بەو بۆ ئەم بۆچونەی خۆیشم بە تەلەفۆن پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا محمد علی قەرەداغی گەورە نوسەر كرد و لەڕۆژی 2005/9/17 لە وەڵامدا فەرموی ڕاستر وەهایە كە مامۆستا لە دەوروبەری مەریوان لەدایك بوە، پێم وایە ئەم هەڵە لەم عیبارەتەوە سەرچاوەی گرتوە كە لە (علماؤنا/324) دەفەرموێ (**أنا عبد الكریم بن محمد المتولد في قریة "تكیة"**) و ئەو المتولدەیان بە سیفەت بۆ عبدالكریم گەڕاندوەتەوە، ڕاستیەكەی وەهایە كە بۆ محمد دەبێتە سیفەت و ئەقرەب مرجعە.

بەهارا من لەدایك بووم [1]

وە لە 1322ك–1904ز دا، رابیعەی خوشكم لە دایك بوە، وەلە ساڵی 1325ك–1907ز دا باوكم وەفاتی كردوە (ل/7)...[2]

باوكم خوێندەوار بوو، وەموریدی شێخی بیارە شێخ علاءالدین بوە، زۆر صالح وەخزمەتگوزاری ئەهلی عیلم و صەلاحت بو، زۆر محەببەتی مەرحوم حاجی سید حسن ی چوڕی بوو، حاجی سید حسن لە سەفەری حەج دا (دلائل) ێكی چاپ ئەستەمبولی بە دیاری بۆ هێنا بو، تا ماوەیێ پاش فاتی باوكم ئەو دەلائلە مابو لە پاشا فەوتا.

من خۆم لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەبەر ڕەغبەتی باوكم لە خوێندنما نراومەتە بەر قوتابخانەوە، بیرم دێ مامۆستا مەلا عبدالواحد برای مەلا عارف كە لەوكاتا مەلای ئاوایی بو ئەلف و بێی نوسیەوە بۆم، خەتەكەی زۆر روناك بو، كە پرسیاریان ئەكرد لێم: ئەو حەرفە چۆنە نوختەی هەیە یا نە، چەن نوختەی هەیە، باش جوابم ئەدایەوە.

بیرم دێ پرسییان لێم (م) لەچی ئەچێ؟! وتم: لە مێزەرەكەی ماموسا مەلا عبدالواحد، گەلێ بەجوابەكەم پێكەنین.

پاش ماوەیێ كەم قورئانم گەیاندە سورەی (زمر) ئەوەندە بەرچاوم كرابووەوە لەوە ژور گوێیان لێ گرتم، قەراریان دا پێویستم بە دەرزی قورئان نەماوە، لەو كاتا زیافەتێكی پلاوو گۆشتیان بە باوكم كرد بۆ شادیانەی قورئان خوێندنم.

مەرحومی باوكم لەپێش وەفاتیا بە چەن ڕۆژێ ڕۆیشت بۆ تەعزیەی یەكێ لە دۆستان، لەوسەرەوە كە هاتبۆوە، بە عاصاكەی خەتێكی لەژێر دارگۆیژێ كێشابوو، فەرموبوی: ئەگەر من لەم ڕۆژانا مردم لەژێر ئەم دارا لەسەر حاسی ئەم خەتە بمنێژن.

ئەو ڕۆژە بۆ شەو وەصیتی كرد بۆمان كە لە پاش خۆی تەركی خوێندنم نەكەم، بە هەر وەزعێ ببێ هەر دەوام بكەم، دائیمە عەلاقەمان بەشێخی (علاءالدین)ەوە ببێ، هەروا قەراری دا كە كاغەز و قەڵەم و دەوات بۆ من بسێنێ و بنوسم نەكا

[1] گەلی كورد مێژووی لە دایكبوونی ڕۆڵەكانی تۆمار نەكردوە لە كاتی خۆیدا، هەر بۆیە ئەوەی دەوترێ لە ڕۆژی لە دایكبوون و دیاری دەكرێت بۆ زانایەك لە سەدا سەد نیە و بە عەقڵ ولێكۆڵینەوە دەردەكەوێ ،سۆفی محمدی باوكی مامۆستای مودەرریسیش هیچی بۆ تۆمار نەكردوین ولە پێش پێگەیشتنی رۆڵەكەیدا كۆچی دوایی كردوە ،ئیتر ئەوەی دەوترێ لە ساڵی لەداكبوونی مودەرریسدا تەخمینیە، تەنانەت ئەوەی مودەرریس خۆیشی دیاری دەكات لە سەدا سەد نیە، هەر بۆیە خیلاف و جیاوازی لە لە ساڵی لە دایكبوونیدا هەیە:

مامۆستا خۆی دەفەرموێ لە (علماؤنا/324) من لە ساڵی 1323ك–1905ز لەدایك بووم و لەم دەسنووسەش (رۆژگاری ژیانم/7) دەفەرموێ لە ساڵی 1321ك–1903ز لە دایك بووم.

وتەی یەكەم بەهێز دەبێ بەوەی كە لە (باوەشێنی دڵ بە چەند بەستەی گوڵ/8)دا دەفەرموێ لە 1323ك لەدایكبووم ،هەروەها من خۆم لە دیمانەیەكم لەگەڵیدا لە 2005/4/21ز لێم دوپاتكردەوە فەرمووی من لە 1323ك لە دایكبووم، وتەی دووەم بەهێز دەبێ بەوەی كە مەشهورە دوو پاش وەفاتی شێخ عمری بیارە لە دایك بوە، شێخ عمر لە 1318ك وەفاتی كردوە ئەمەش لە وتەی دووەمەوە نزیكە.

ئەوەش بۆ خۆم بۆم یەكلا بوەتەوە دوای وردبوونەوە و قاڵ بونەوە لە زۆرینەی نووسراوەكانی مامۆستا ئەوەیە كە مامۆستا لە دایكبووی كەمتر لە ساڵەكانی 1320ی كۆچییە، ئەمەش بە چەند بەڵگە:

یەكەم: موقابەلەی زۆرێك لە مامۆستایانم كردووە وەك مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی گەورە نووسەر و دكتۆر محمد گەزنەیی سەرەك زانایان و مامۆستا تەییب بەحكی و مامۆستا تاهیر بەحركی و شێخ طاهر إسماعیل قەرەداغی و...هەموان پێیان وابوو مامۆستا لەو مێژووە گەورە ترە .

دووەم: لێرەدا(رۆژگاری ژیانم/7) مامۆستا دەفەرموێ: باوكم لە بەهاری 1325ك وەفاتی كردووە، هەروەها دەفەرموێ(رۆژگاری ژیانم/23) : من خۆم لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەبەر رەغبەتی باوكم لە خوێندنما نراومەتە بەر قوتابخانەوە، لەلایەكی ترەوە دەفەرموێ كەفێری خوێندەواری بووە و قورئانی خەتم كردوە و باوكی شادیانەی بۆ گێڕاوە.

منیش دەڵێم گونجاو نیە باوكی لە (25) وەفاتی كردبێ و خۆیی لە (21)یان(23) لە دایكبوبێ و بە پێنج ساڵیش باوكی ڕەحمەتی وەبەر خوێندنی نابێ، شادیانەی بۆ قورئان فێربوونی گێڕابێ، كەوابوو: 1325ك پێنج ساڵی منداڵی لێدەركە و دواتر سێ ساڵێكی بۆ فێر بوونی خوێندەواری و قورئان خەتمكردن لێ لابە، دەمێنێتەوە 1317ك بەم چەشنە: 1325–5–3=1317ك لەدایك بووە بەرامبەر 1899ز.

[2] لە (ل/8–22) مامۆستای مودەرریس بە درێژی باس لە هۆزی قازی دەكات، ئەسڵ و بناغەیان، وەچەو نەوەیان.

خۆی بمرێ وەپەكم بكەوێ.

دایكم لەم قسانە زۆر زویر بو، بەڵام ئێمە فامی ئەوەمان نەبو، بە خواستی خودا لەو ڕۆژانا پاش كڕینی كاغەز و قەڵەم بۆ من لە بەهاری ساڵی (1325ك–1907ز) وەفاتی كرد، (رحمه الله وطاب ثراه).

پاش وەفاتی باوكم: دایكم خودا عەفوی بكا زۆر حەولی لەگەڵمادا زۆر كۆششی كرد بۆ خوێندنم، ئەو هاوینە لەماڵی مرحوم مەلا محمدی كوڕی حاجی شێخ قادرا مامەوە، كتێبە ووردەكان وەكو (اسماعیل نامە و..) خوێند. لەم كاتا شێخ عزیزی خەڵكی (دۆڵ پەمو) لە خزمەتی

مەلا محمدا ئەیخوێند، لە ڕۆژی وەفاتی باوكیشما زۆر دڵخۆشی ئەدامەوە.

پاش ئەم تاریخە شێخ علاءالدین، مەلا محمدی برد كردی بە مدرسی خانەقای (دوروە) منیش لەم لاولا مەشغوڵی خوێندن بوم، بەینێ لەماڵی خۆمان، بەینێ لە (بەییلە)، بەینێ لە (ئەسراوا)، بەینێ لە (كانی سانان)، ماوەیێ لە (لنجاوا) بەكورتی تا ساڵی (1330ك–1911ز) بەخۆندن و پەككەوتن نەخۆشیەوە دەوامم كرد، ئەم جار لە مانگی محرم ساڵی (1330ك–1911ز) لە لەنجاوادا دەستم كرد بە (ل 23) (تصریفی زنجانی) لەو ساڵا تا بەهار تصریفم گەیاندە باسی مضاعف، لە بەهارا ڕۆیشتم بۆ (سەردوش) بۆ لای مەلا سلێمان كوڕی فقێ عثمان كە داوای خزمایەتی ئێمەی ئەكرد، باسی مضاعفم لە تصریف خوێند، دەستم كرد بە عوامل، بەڵام بیستم كە (مەلا محمودی جوانڕۆیی) هاتووە بۆ (بالك) بوە بە مدرس، لە سەردوش گوێزامەوە بۆ بالك، لەوێ عوامل و سعدالله ی بچوكم خوێند.

لە عەینی ساڵا مامۆستا مەلا عبدالواحد كوڕی مەلا عبدالصمد بو بە مەلای (گوێزە كوێرە) منیش لەبەر ئەوە كە ئەم زاتە مناسبەو دۆستی قدیمی لەگەڵمانا بوە ڕۆیشتم بۆ خزمەتی، لەخزمەتی ئەوا لە ساڵی (1332ك–1913ز) (أنموذج)م تا باسی (فعل) خوێند، پاش ئەوە (اظهار)م خوێند، پاش ئەو (تصریفی مەلا عەلی)م خوێند، دوو (رسالەی وضع واستعارة ی مەلا ابوبكری میر ڕۆستمی)م خوێند، پاش ئەمانە دەستم كرد بە كتێبی (جامی) جامیم گەیاندە باسی (تمیز)، ئەم ساڵە ساڵی (1334ك–1915ز) بوو، لە ئاخری ئەم ساڵا لە پایزا دایكم وەفاتی كرد.

لەپێش وەفاتی دایكما (آمنة)ی خوشكم شوی كردبو، لەپاش وەفاتی دایكم هەر زەخیرەو ئەشیائێكمان بو بارم كرد بۆ ماڵی پورە فاتمەی خوشكی دایكی بۆ دایكم، كە ماڵیان لە (دایران) بو، رابعەی خوشكیشم برد بۆ لای ئەو، بەقەی ئیمكان مصرفم بۆ ئەكرد.

ئەم جار گوێزامەوە بۆ (كانی سانان) بۆ خزمەتی مەلا شریف (جامی)م گەیاندە (توابع) پاش ماوەیێ لە ئاخیری پایزا ڕۆیشتم بۆ خزمەتی حاجی مەلا عزیز لە (دەرەتفی) ئەو زستانە لە خزمەتی ئەوا بەعزێ (جامی)م خوێند، لەپاشا دەستم كرد بە (سیوطی) تا بەهار گەیاندمە دەوری (موصولات)، لە بەهارا گەڕامەوە بۆ خزمەتی جەنابی مامۆستا عبدالواحد و لەسەر خوێندنی (سیوطي) دەوامم ئەكرد، بەڵام لەبەر ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ دنیا تاریكتر ئەبو، گرانی دەستی پێكردبو، خەڵكی لە ئاشوبی جەنگی جیهانی زۆر پەرێشان بوون، منیش دڵم هەڵكەنرا، ویستم بڕۆم بۆ ووڵاتێ تر، تصادف لەو ماوەدا مەلا عبداللطیف نجنێیی بانەیی برای مەلا عبدالوهاب نجنێیی هات بۆ لای ئێمە، ئەیویست بڕوا بۆ (شاری سلێمانی) بۆ خوێندن، منیش لەگەڵ مەلا حسن ی بالیكەدەری دا لەخزمەتیا كەوتینە ڕێگە بۆ شاری سلێمانی، لە سلێمانیدا لە مزگەوتی مەلا عزیزی بالیكە دەری دامەزرام... (ل/24)[1].

[1] مامۆستای مودەرریس لە (ل/24–61) لە باسی سەفەرەكەی لادەداو دەفەرموێ(واز ئێنم لێرا لە باسی سەفەر ئەگەڕێمەوە بۆ هەنێ خەبەر) ئیتر لە سەرەتاوە باسی پەشێوی دنیا و جەنگی جیهانی یەكەم و جیهادی كوردانی دلێر بەرامبەر ڕوس و شەهیدانی ئەم ڕێگە و بەشداری شێخی علاء الدین و....پاشان باسی مەریوان و ئاوو هەوا و ئابوری ئیدارەو ناودارانی ئەم ووڵاتە و گۆشەی ئایین و دین پەرستی مەریان و پەیوەندی ساداتی پیر خدری و بەرزنجی و كاكۆ زەكەریایی بەم خاكەوە دەكات و ڕشتەی ساداتی بەرزنجە دەهۆنێتەوە و شێخ عیسی و شێخ موسی و سید صادق و كابلێ و كاكە سوری و شێخ حسنی گڵە زەردە و زۆرێكی تر باس دەكات و نامە مەشهورەكەی نادرشا بۆ شێخ و وەڵامی پڕ كەرامەتی شێخ حسن بۆ نادر شا دەنوسێتەوە و....دێتە سەر باسی ئەمیر حەمزەی

ئەم سەفەری منە لە خزمەتی مامۆستا مەلا عبداللطیفی برای مەلا عبدالوهابی بانەیی، مەلا احمدی خەراجیان، لەگەڵ مەلا حسن ی بالیكە دەری وەفقی حسێن ی طائربوغەیی دا، لە ئاخر مانگی زستانابو، چەند ڕۆژێ پێش نەورۆز، لە پێنجی ئەو مانگەوە باران نەباری، بەم هۆوە خەڵك زۆر نارەحەت بون، هەموو كەس دوعای بارانیان ئەكرد .

لەڕێگەدا شەوێ لە (دەرەتفێ) بوین، بۆ سبەینێ ڕێكەوتین هاتینە پێنجوێن شەوێكیش لە پێنجوێنا بوین لە مزگەوتی پاشادا، لەوێوە ڕێكەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی (وولیاوا) شەو لەوێ بوین بۆ سبەینێ ڕێكەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی (چنگیان) لە بەینی ئەم دوو دێ‌دا دووجار توشی زەحمەت بوین :

یەكەم: لە چەمی (ئاشان) گەیشتین بە گەلێ (ضبطیة) كە لەلای خۆیان پاسەوانی ئاسایشی ڕێگەبون، ویستیان خۆیان بگۆڕن لێمان ڕوتمان بكەنەوە، بەڵام مەلا احمدی خەراجیانی یەكێ لەو جەماعەتەی ناسی بەهۆی ئەوەوە ڕزگار بوین .

جاری دوەم: لە نزیكی (نۆدێ) توشی گەلێ عەسكەر بوین بۆ پێنجوێن ئەڕۆیشتن، ئەوان پێڵاوی مەلا حسن یان برد، هەرچی پاڕاینەوە نەیان دایەوە، بە هەر چۆن بێ گەیشتینە (چنگیان) لەو ڕۆژا مەلا عارف مەلا بو مامۆستا مەلا قادری باوكیشی لەحەیاتا بو..

بۆ سبەینێ لە چنگیانەوە هاتین بۆ دێی (سیتەك) لەو كاتا (مەلا سلیمان) ناو مەلای سیتەك بو، كە لەپاشا بو بە نائب قازی لە ماوەت دائەنیشت، كە گەیشتینە سیتەك تەماشامان كرد خەڵكەكە لەسەر تەقالیدی وولات هەنێ ئاڵای قەبری صاڵحانیان هێنابوو، خستبویانە ناو حەوزی دێ بەئومێدی ئەوە باران بباری، زۆر زۆر بۆ باران چاوەڕێ بون، شەوێكیش لە سیتەكماینەوە بۆ سبەینێ هاتین بۆ شاری سلێمانی.

وە بەهۆی ئەوەوە كە مەلا حسنی بالیكە دەری خزمی مەلا عەزیزی مدرس بو ئیمامی مزگەوتی مەلا محمد امینی بالیكەدەری (بو) لە مزگەوتی مەلا محمد امینی بالیكەدەری یا بەمیوانی دانیشتین، لەپاش شەوو ڕۆژێ مذو مەلا حسنی بالیكەدەری لە عەینی مزگەوت دامەزراین، مامۆستا مەلا عبداللطیف، فقێ حسینی طائر بوغەیی لە مزگەوتی شێخ محمدی بەرزنجەیی دا دامەزرا، مەلا احمدی خەراجیانیش ڕۆیشتەوە بۆ خەراجیان كە دێی خۆی بوو... (ل/62).

لەخزمەتی مامۆستا مەلا عزیزدا مەشغوڵی خوێندنی سیوطی ئەبوم، بە فرصەت ئەڕۆیشتم بۆ خزمەتی مامۆسا مەلا عبداللطیف لە مزگەوتی شێخ محمدی بەرزنجیدا دەرزەكەم بە حاشیەی ابوطالبەوە ئەخوێندەوە، بەڕاستی لە خزمەتی مامۆستا مەلا عبداللطیف دا چاوم بۆ ووردەكاری خوێندن كرایەوە لەو ماوەدا لە مزگەوتی حاجی مەلا عزیز دابوم، دوو كوڕ لەو محلەی سەرشەقاما بون محمد صالح و محمد سعید ناو زۆر خزمەتیان كردین.

لەو بەهارا لە سلێمانیا ماینەوە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ لەبەر بێبارانی شدەتی جەنگی یەكەمی عالەمی رزق گرانتر ئەبوو، وضع لە انسان تاریك ئەبوو بە هەرچونێ بێ مانگو نیوێ هاوینیش لە سلێمانی ماینەوە، ئیتر بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ هەورامان، وەیا علی الاقل شاری سلێمانی بەجێ بێڵین، بەڵام شێخ محمدی بەرزنجەیی كە مامۆستای مامۆستا مەلا عبداللطیف بوو هەمو ساڵێ لە هاوینا ماوەیێ ئەڕۆیشت بۆ بەرزنجە، فەقێكانی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد، لەسەر ئەم یاسایە شێخ محمدی بەرزنجی نامەیێكی نوسی بۆ شێخێكی پیاو و مناسبی بەرزنجە كە مامۆستا مەلا عبداللطیف مذو مەلا حسن فەقێ حسێن طائر بوغەیی ئەم چوار كەسە لەدێی بەرزنجە دابنیشین تا جەنابی شێخ محمدیش لە سلێمانی یەوە بێت بۆ بەرزنجە، ماوەیەك لە بەرزنجە (بین) تا بزانین وضع چۆن ئەبێ.

بەم خەیاڵە ئەم چوار كەسە لە سلێمانییەوە كەوتینە ڕێگە بۆ بەرزنجە، بۆ ئێوارە گەیشتینە (چنگیان) بۆ سبەیذێ لەوێوە ڕۆیشتین بۆ دێی (شوكی) لەنیوەڕۆدا لەوێ اسراحەتمان كرد، پاش نان خواردن نوێژ كردن ڕێكەوتین بۆ بەرزنجە،

بابان و مەلا ئەبو بەكری موصەننیفی چوڕی وڕشتەی پیر خدری شاهۆیی و بنەماڵەی مەشایخی كاكۆ زەكەریایی و خەلیفەكانی شێخ شهاب الدین و زانا ئاینیەكانی مەریوان و بیست وسێ زانا ناو دێنێ و كورتە ژیانیان باس دەكات و دێتە سەر ئەدەب و شاعیران و كورتە ژیانی هەشتیان تۆمار دەكات و بە چەندین شیعر و نوكتە ی جوان ئەو چەند لاپەڕە دەڕازێنێتەوە و دواتر و لە سەرەتای (ل/62)دا دەفەرموێ (با بڕۆینەوە بۆ باسی سەفەر بە ئیزنی خودای دانای بەخەبەر).

بۆ ئێوارە گەیشتینە بەرزنجە، بووین بە میوانی ماڵی ئەو شێخە کە شێخ محمد نامەی بۆ نوسیبو، گەلێ خزمەتیان کردین (ل/63)

کە ڕۆژ بووەوە تماشامان کرد جاف لە کوێستان بەو گەرمایە لەترسی هێرشی دوژمن ئێنە خوارەوە، دنیا وەضعی باش نییە، بڕیارمان دا لە بەرزنجە دانەنیشین وەرو بکەینە هەورامان، لەسەر ئەم بیرە ماڵ ئاواییمان لە شێخ کرد وەڕێکەوتین بۆ طەرەفی هەڵەبجە، بەڵام ئەوڕۆژە لەدێی (موریاس) بەولاوە بەڕوی شارەزورا لەبەر گەرما بێ ئاوی زۆر پەرێشان بوین، بەحاڵا خراپ بۆ مغرب گەیشتینە دێی (تەپەکەل) کە عائد بو بە مرحوم شێخ حسام الدین، ڕۆیشتینە ماڵی کوێخا (حەمە کەرەم) ناو کە وەکیلی شێخی حسام الدین بوو، رحمه الله.

ئەم زاتە ئەو شەوە گەلێ خزمەتی کردین، خودا جەزای بداتەوە، بۆ سبەینێ بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتین، بۆ سەعات چواری پاش نیوەڕۆ گەیشتینە هەڵەبجە لە مزگەوتی محمد پاشادا بەمیوانی ئاراممان گرت.

ئەم ڕۆژە زەمانی مرحوم شێخ عبداللطیف کوڕی شێخ محمدی قەرەداغی بو، بەعزێ طلبەی لە خزمەتا بو، یەکێ لەوان ملا محمدی پاوەیی بو، کە وارد بوین زۆر ماندو بوین، لەبەر هەیوانی مزگەوت دانیشتین، بە شەکر و چایی خۆمان چامان لێنا، کاتێ شێخ عبداللطیف تەشریفی هاتە مزگەوت، وەچاوی کەوت پێمان کە خۆمان چامان لێناوە، گەلێ لە طلبەکان عاجز بو، کە بۆچی ئەوان نەهاتون بەدەممانەوە، سوێندی لێ خواردین ئەبێ ئەو ڕۆژ و شەوە میوانی ئەوبین، بەڕاستی گەلێ دڵخۆشی داینەوە، خزمەتی کردین، تا سبەینێ لەخزمەتیا بوین.

بۆ سبەینێ ڕۆیشتی بۆ مدرسەی (عەبابەیلێ) لەو ڕۆژا مامۆستا مەلا عبدالله ی شێخ قادر مدرس بو گەلێ طلبە لە مدرەسەدا بون، جێگەی طلبەی زیادە نەبو، شەوێ لە عەبابەیلێ ماینەوە، بۆ سبەینێ لە پشتی عەبابەیلێوە بەڕێگەی کێوی شنروێدا ڕۆیشتین بۆدێ ی تەوێڵە، لە ڕێگەدا لەدێ ی بەڵخە لەباخێکا دانیشتین اسراحەتمان کرد، ماڵا بەعزێ فەریکە توی بۆ هێنابن لەگەڵ کاسەیێ دۆی سارد و خەستا، توو دۆییێکمان خوارد زۆر بەلەزەت بو، جا ڕێکەوتین بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە (خانەقای تەوێڵە).

لەوکاتا خانەقا پڕبوو لە خەڵکی موکریان، وەضعی عالەم لەبەر شەڕی عالەمی زۆر پەرێشان بوو، تەوێڵە مدرەسەی تیانەبو، جا لەبەر ئەمە لە تەوێڵە دەرچوین بۆ هەورامانی ئەودیو بۆ خانەقای (دوڕوو) بۆ مدرسەی مرحوم شێخ علاءالدین، کە لەو ڕۆژا سید حسین طائر بوغەیی لەوێ مدرس بو.

بەڕێگەی (تەتە)دا چوینە دەشتی (هەوش و بەدرانی) کە زۆر شوێنێکی بەصەفا و خۆشە، لەوکاتا حاجی شێخ عارفی سەقزی کوڕی حاجی شێخ مصطفی بە مهاجری ماڵی گەیشتبوە ئەو شوێنە، ئێمەش لامان دا ماڵی ئەوان قاوەڵتیمان کرد بە دەربەندی (کەلەوی) دا ڕاپەرین بۆ عصرێکی دێر گەیشتینە (خانەقای دوڕوو).

کە گەیشتینە ئەوێ تماشامان کرد مدرسە پڕە لە طلبە هاتن بەدەم مانەوە اکرامیان گرتین، بەخزمەتی شێخ گەیشتین، زیارەت مان کرد، ئەویش بەخێرهاتنی لێکردین، بەخزمەتی سید حسینی مدرس گەیشتین. بە کورتی ئەوەندە دڵمان خۆش بو ئازاری سەفەرەکەمان نەما. (ل/64).

وە بەهۆی زۆری طلبە و بونی مدرسی بەرزی زانای وەکو سید حسینی طائر بوغی مکریانیەوە زۆر بە سەربەستی و دڵ خۆشی دەسمان بە خوێندن کرد، مامۆستا ملا عبداللطیف لە خزمەتی مدرسا جمع الجوامع ی ئەخوێند، منیش لە خزمەتی مامۆستا مەلا عبداللطیف دا سیوطی -م ئەخوێند..

بەکورتی ماوەی دوو مانگ زۆر بەخۆشی ڕامان بوارد، لەو ماوەدا شێخی علاالدین زۆر دڵی سید حسینی ڕائەگرت، بە حورمەت تماشای ئەکرد.

(پاش کێشەیەك کە ڕوویدا)[1] سید حسین ئێوارە وەختێ بەتۆراوی لەدورو دەرچو ڕوی کردە هەورامان بۆ (تەوێڵە)

[1] کێشەکە بەدرێژی باسکراوە، کە لەنێوان سەید حسێن و وەکیل مەسرەفی شێخی عەلائەدین دا ڕوی داوە.. نەقلم نەکردوە، بنوارە: ل/65.

لەوێوە ڕۆیشتەوە بۆ (مكریان) مدرسە بێ مدرس مایەوە.

ئێمەش سەرگەردان بوین، مامۆستا مەلا عبداللطیف یش لەدووڕوە بەرەو بانە گەڕایەوە، من و چەند طلبەیی بەبێ كەس ماینەوە بەدڵ پەرێشانی.

وا ئەم وەختە ناوەڕاستی پایزە، منیش بۆ وەضعی خوشكەكانم زۆر پەرێشانم ئەوانیش لەگەڵ خەڵكی وولاتا بە مهاجری هاتبون بۆ چەمی (ئەسكول و پیران)... لە هەواری (سەرشابكە) لەپشتی دەگاشێخانەوە كەپریان بەستوە، لەبەر ئەمە هەستام ڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنانە بۆ لایان و فعلاً چاووم كەوت پێیان وەضعیان تاحدێ باش بو، بعزێ رزق و پارەیان بەدەستەوە مابو، پاش دوسێ رۆژ لەوێ گەڕامەوە بۆ دورو، بەعزێ پارەم لەلایان هەبو مقداری دوصد قەرانم بۆ خەرجی خۆم هێنا لەگەڵ خۆما. تا من لەم سەفەرە هاتمەوە مەلا فیض‌الله ی طالش، كە مجازی ملا قادری صۆفی بو (ل/65) لە شمیرانەوە بەرەو دورو هاتبو بە عەزمی ئەوە برواتەوە بۆ طالش كە گەیشتبوە دورو، شێخ ئەمری فەرموبو لەوێ بمێنێتەوە، دەرز بە طلبەكان بفەرموێت تا مدرسێ ڕائەگرێ.

ئەم وەضعە تاحدێ دڵی ئێمەی خۆش كرد، طلبەكان دەستیان كرد بە دەرزخوێندن، منیش دەستم لە سیوطی هەڵگرت، دەستم كرد بە (إیساغوجی) لە علمی منطق. لەم كاتا ساڵ بو بە ساڵی (1336ك–1917ز)، دنیا رۆژ بەڕۆژ تاریك تر ئەبو رزق گران تر ئەبو، خەڵك لە هەمو شوێنێكەوە لەبەر بێرزقی ماڵی خۆیان بەجێ ئەهێشت ڕو بە هەورامان ئەهاتن، چونكی ئەم هەورامانە لە ئازاری جەنگ پارێزراوبو، كەمێ رزق لە قبیلی تو میوە كەمێ دەخلی تیا دەست ئەكەوت.

بەڕاستی لەم زستانا شێخی دورو خوادا جەزای بداتەوە گەلێ خزمەتی موسڵمانانی كرد، نانەواخانەی دانابو، بۆ هەموو ڕێبوارێ ئێوارەو بەیانی نان و چێشت بوو، بۆ میوانی تایبەتی

یاسای پێشوو بەرقەرار بو، بۆ هەموو طالبێك رۆژی هەشت نان چێشت بڕیار درابو، بەتەواوی دەست ئەكەوت، ئێمە ئازاری برسێتی مان چاو پێنەكەوت، بە مەعلوماتی من لەو پایز و زستانا مقداری حەفتاوبینج تەغاری دورو بەراتی دا بە وخانە وادانە لێقە وماوانە كە پەنایان پێ هێنا، بە پارە یش بەقەی ئیمكان مساعدەی ئەكردن.

یەكێ لەوانە باباشێخی كوری شیخ عبدالله ی بانەیی بوو بەهەژدە سەرخیزانی خۆیو ماڵی مام و برازایەوە هاتبونە (دە یمە) یەو رۆژێ تەشریفی هات بۆ دورو بەخزمەت شێخ گەیشت پاش بەخێرهاتن إكرام، عەرزی شێخی كرد ئێمەكتێب خانەیێكی گەورەمان هەیە بۆمان دەرچوە تقدیمی شێخی ئەكەم بۆ مەدرە سە، وە شێخ لطف بكا بمان ژێنێ بەم مەعنا قیمەتی كتێبەكان رزقمان بێ بدا.

شێخ فەرموی: سەید عاجز مەبە خواكەریمە.

پاش نان خواردن نیوەرۆ ئەمری فەرمو دوتەغارگەنم وزەڕات وەبیست تومان پارە وەعەبایێ وەجوتێ قۆندەرەیان تقدیمی بابا شێخ كرد، بەپیاوو وڵاخی خۆیەوە بۆی ڕەوانەكرد، وەفەرمووی كتێبخانەی خۆیشتان موبارەكی خۆتان بێ.

لە ئاخری ئەم زستانا پورم فاطمة وەفاتی كردبو، جا (رابعە)ی خوشكم لەبەر بێكەسی هات بۆ لام بۆ دورو، منیش قضیەكەم عەرزی شێخ كرد، شێخ زۆر بەمیهرەبانی فەرموی: هاتنەكەی زۆر باش بوە، انسان لە تەنگانەدا لەماڵی باوكی خۆیا بژی عەینی سەعادەتە، رابعە بەخۆشی لەماڵی شێخ دا دانیشت لە بەهارا امینەی خوشكم ئەویش هات بۆ لام، لەگەڵ رابعە دا دامەزرا، ئەم نەوعە پیاوەتی شێخە لەگەڵ ئێمەدا كردی مەگەر خودا جەزای بداتەوە، لەلایێكەوە من بەخۆشی لە مدرسەكەدا ئەخوێنم، لەلایەكی ترەوە خوشكەكانیشم وەكو لەماڵی باوكیانا بن وەها ئەژیان، مع العلم باوكم مردیدێكی فدائی شێخ بو، خۆی وەصیەتی بۆ كردبوین كە هەر لە پەنای شێخ دابین، ئەو بەكارمان بێت، بالفعل وەها دەرچو.

پاش ماوەیێ شێخ ئەمری كرد رابعەم مارەكرد بۆ مەلا احمدی قارئ كە كوری رضاعی شێخ بوو، امنەیشم مارەكرد بۆ فقی موحەممەد كە مصرف وەكیلی اموراتی شێخ عثمانی كوری شێخ بوو، بەخۆشی دامەزران. (ل/66)

لە زستانی (1336ك–1917ز) گرانی گەیشتە پایەیێ مەنێ گەنم بەلیرەیێ زەرد دەست ئەكەوت، خەڵكی زۆر لە رێگەوبان و لاكۆڵانا مردن، گەلێ كەس لەكێوەكانا گیانیان دەرئەچو دڕندە گۆشتەكەی ئەخواردن، برا لەبرای نەدەپرسی، بەڵكو پەنا بەخودا باوك و دایك بیری ئەولادیان لەلا نەمابو...

بگەڕێینەوە سەر باسی مدرسە، لە بەهاری (1336ك) مامۆستا مەلا فیض‌اللە ی طالشی ڕۆیشتەوە بۆ وولاتی خۆی، جا مامۆستا مەلا عارف امامی خانەقا، ئەو بو بە مامۆستای طلبە منیش لە منطق خوێندن دەستم هەڵگرت، هاتمەوە سەر خوێندنی سیوطی، ئەوەی مابو خوێندم تا نزیكی باسی (صرف)ەكەی، قضاءً مامۆستا مەلا عارف هەم ئەویش لە ئەوەڵی پایزا بەو نەخۆشیە كە باسم كرد[1] وەفاتی كرد، رحمه اللە وطاب ثراه...(ل/67)

پاش وەفاتی مامۆستا مەلا عارف لە اخری پایزا لە برجی قوس دا شێخ ناردی بەشوێنی جنابی ملا سید محمد كوڕی سید امین گیزملی كە لە سنەدا لە خزمەتی مەلا حمەرشید بەگ مدرسی مزگەوتی (دار الاحسان)دا لە سنە اجازەی وەرگرتبو، هات بۆدوروو كردی بە مدرس لە خانەقای دورووداا...

جا لە خزمەتی مامۆستا سید محمدا ئەوەی لە سیوطی مابو تەواوم كرد، دەستم كرد بە رسالەی (رشدیە) لە علمی منطق دا كە كتێبێكی جوانە تالیفی مەلا محمد رشیدی مدرسی دار الاحسان بوو، پاش تەواوكردنی ئەم كتێبە دەستم كرد بە (فناری) لەپاش فناری دەستم كرد بە عبداللە یەزدی، خوێندنەكەم ڕەونەقێكی تازەی وەرگرت...(ل/68)(2[2])

بۆ ساڵی (1338ك–1919ز) مرحوم شێخ نورالدین، كوڕی مرحوم شێخ نجم الدین وەفاتی كرد، مرحوم مەولاذا مەلا عبدالقادری مدرسی بیارەیش متوفی بو، بیارە بێ خاوەن مایەوە، جا شێخی بیارە یانی شێخ علاالدین لە ئاخری فەصلی بەهاری 1338 لەدورو گوێزایەوە بۆ بیارە گەلی هەورامانی ئەودیو، یانی دیوی شارەزور پێشوازیان لێكرد، مصطفی بەگی كوڕی جعفر سلطان بە امری باوكی هات بەپیرییەوە، لە خانەقای بیارە دامەزرا، لە هەمو لاییێكەوە مرید و منسوب لە خواص و عوام ڕویان كردەوە خانەقای بیارە.(ل/70)

وە لەپاش ئەوە شێخ لە بیارە دامەزرا، مدرسەی دوروو هەرچەند هەر ئاوەدان بو، مرحوم مامۆستا سید محمد لەویا بە مدرس مابوەوە، بەڵام تقریبا چۆڵ بو، ئەو خۆشیەی نەما، لەبەر ئەمە منیش قەرارم دا بڕۆم بەو دیوا بۆ دەوری بیارە.

مع العلم من لەم بەینا زۆر استفادەم لە مامۆستا سید محمد كرد، عبداللە یزدی رسالەی ئادابی منظومة گەلەنبەوی ئاداب و عصام الدینی استعارە رشدیە و فناری بعزێ لە شەرح منهج رسالەی حسیبی فارسی و تشریح الأفلاك ئەمانەم هەمو بە دەرز خوێند، گەلێ لەمانەم لەبەر بو، لە خوێندنا چاوم تا حدێ كرایەوە...(ل/71)

لەم ماوەدا كەلەدورودا لەخزمەتی مامۆسادا ئەمخویند بەرێكەوت چەن سەفەرێكی خۆش

كەوتە بەرم، یەكەم لەبەهاری ساڵی(1306ك–1888ز) لە اخری گرانیەكەدا لەدورەوە رۆیشتم بو(دەرەتفیۆ)بوو كڕینی گەلەنبەوی شەرح: لەم سەفەرا رویشتمە چور شەوێ لەوێ بوم، شەوێ لە(نێ) وەشەوێ لەدەرەتفیۆ بووم، كە گەرامەوە لە ڕێگەدا لەلای باخی تەرخانئاوا لەم دیوی بەئیلەوە گەیشتم بە مەرحوم محمد صالح بەگی كوری فەتاح بەگ، ئەم زاتە سوێندی خوارد لێم ئەبیۆ من سوار ئەسپەكەی ئەوبم ئەو بە پیادە لە پێشمەوە بڕوا، هەرچەند حەولمدا چارم نەكرد، بالفعل بەو شێوە لەگەڵیا هاتمەوە تاماڵەوە وەشەو لەسەربانی ماڵی حەمە سعید بەگی برایا نوستم، لەبەرەبەیانا بەم دەنگە خەبەرم بووەوە یەكیۆ ئەیووت: (إن أشرف خلق اللە نور) مع العلم كەچاوم كردەوە نەكەس دیاربوو نەبانگیش درابوو، ئەم روداوە زۆردڵی روناك كردمەوە ،وەبەحاڵی إنشراحەوە هەستام نوێژی سبەینێم كرد وەلە پاش بەرقلیان وەچاخواردن

[1] لە ئەوەڵی ساڵی 1337ك لە نەخۆشییێكی وەكو ئەنفلۆنزەی ئێستە پەیدابو، گەلێ عالەم بەم ناساغیە مردن، دەوری دومانگ ئەم نەخۆشیە دەوامی كرد. ل/67، من ئەمەم پێشتر نەقڵ نەكردوە لەبەر درێژی.

[2] لە (ل/69–70) مامۆستای مودەرریس باسی گوندی دوڕو دەكات جوگرافیا و ئاوەكانی و جۆری گوڵەكانی و كێوەكانی چواردەوری و چۆنیەتی كڕینی لەلایەن شێخی علاوالدینەوە و خۆش ڕابواردنی قوتابیان تێیدا.

گەڕامەوە بۆ دوڕووە.

سەفەری دووەم: لەساڵی 1337ك– دا لە خزمەتی مامۆسا سید محمد شێخ عثمانی کوڕی شێخ گەلێ پیاو مناسب قەرەباڵغ لە ڕێگەی کۆساڵان و ژیوارەوە هاتین بۆ هەورامانی ڕوی شارەزور بۆ دێی گوڵپ بۆ ئەوەی کچی شێخ صادقی گوڵپ خاتون حبیبە ناو بگوازینەوە بۆ شێخ مەولانای کوڕی شێخ.

لەم سەفەرا مەرحوم مەلا أمین ی جفاری مەشهورمان لەگەلا بو، شەوێ لە ژیوار شەوێ لە نوێن بوین، بەلای دێی کەلجی دا سەرکەوتین، وەلە پشتی دێی هەجیجەوە داپەڕین بۆ چەمی هەجیج، بەڕاستی چونکی مەوسیمی بەهار (بو) ئەم سەفەرە زۆر بە صەفا بوو.

کە گەیشتینە سەر کێوی پشتی هەجیج مەلا أمین بانگی کرد: خەڵکە بێدەنگ بن بزانین ئەوە چی ئەڵێن، ئێمە هەمو داچڵەکاین، لامان کردەوە، پرسیمان چیە ؟! وتی ئەوە نیە کە مەلائکەکانی ئاسمان ئەڵێن (سبوح قدوس ربنا ورب الملائکه والروح) یانی شوێنەکە ئەوەندە بەرزە سەری داوە لە ئاسمان، کە لەو کێوە داپەڕین گەیشتینە شوێنێکی زۆر سەخت و نابار مەشهورە بە (چنگە ڕنە) یانی ئینسان دەست نەذێتە عەرز ناتوانێ داپەڕێ، مەلا ئەمین پرسی ئەمە کوێیە، وتیان لابەلای چنگەڕنە، وتی ئەم شوێنە قنگەڕنەیە نەك چنگەڕنە کە گەیشتینە چەم هەم مەلا ئەمین بانگی کرد بێ دەنگ بن دەنگی مەلائکەی عەزابی جهنم بێت، (ل/71) یانی ئەوەندە قوڵە نزیکی ژێر زەوی بوەتەوە کە وەکو مەشهورە دۆزەخ لە ژێر عەرزایە.

بە کورتی گەیشتینە باخەکانی خواری هەجیجەوە لەویا مەلا محمد ڕەشیدی هەجیجی لەوێ بوو، شەو لەوێ نانمان خوارد وەڕێکەوتین بۆ دێی (نۆدشە) شەو لە نۆدشە بوین، بۆ سبەینێ هاتین بۆ دێی تەوێڵە شەوێ لەماڵی محمد رشید ئاغای کوڕی سعید ئاغای خاڵۆی شێخ بوین، سبەینێ زیارەتی مەرەدی سراج الدین و بهاءالدین مان کرد، جارێکەوتین بۆ بیارە، وەشەوێ لە بیارە بوین، زیارەتی مەرقەدی ضیاء الدین نجم الدین زیارەتی مەحاسنی شەریفەمان کرد.

وە زیارەتی مەولانا مەلا عبد القادر مان کرد زۆر إکرامی شێخ عثمان و سید محمدی گرت، وەمن دەستم زیارەت کرد دوعای توفیقی بۆ کردم، بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ گوڵپ، شەوێ دوو شەو لەوێ بوین، جا بوکیان سوار کرد، ئەمجار بە ڕێگەی سەرگەتا بە کێوی کەماجارا هاتینە سەر بە ڕوی (قەڵاخانی) و (هەوش و بەدرانی) دا، وەشەو لە (دەرەکێ) لەماڵی أسعد بەگی کوڕی بورزۆ بەگ بوین، بۆ سبەینێ بە ڕێگەی دەربەند، کە لەوێدا ڕۆیشتین بۆ دوڕوە نزیکی عەصر گەیشتینە بەرابەری دوڕو، تماشامان کرد سوارە مەشغوڵی ڕمبازین، وەشێخ نظام الدین برای شێخ کە زۆر سوارچاك بووهات بە پیرمانەوە، لە عەینی وەختا گەلەبەکانی خانەقایش پاشایان دروست کردبو گەلێ سەیر و صەفامان لەو کاتا چاو پێکەوت.

سەفەری سێهەم: لە ئاخری بەهاری (1338ك–1919ز) لە زەمانی حوکمداری شریف الدوله عصای ( ) ناردبوو بە خەلات بۆ شێخ، ئەمرێ لە سنەوە هاتبو کە شێخ بڕوا بۆ سنە ئەو خەلاتە وەربگرێ، بەلاٚم شێخ وای بە مەصلەحەت زانی کە سید محمدی مودەڕڕیس، وەشێخ عیمانی کوڕی، وەحاجی میرزا رحمت الله ی طالش بنێرێ بۆ وەرگرتنی، بالفعل ئەمانە ڕێکەوتن، منیش لە خزمەت مامۆسا سید محمدا ڕێکەوتم، لەم سەفەرا شەوێ لە سور کەوول، وەشەوێ لە (شوێشە) بوین، بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ سنە تانزیکی دێی (کەمیز)، دەوری دووصەد سوارێ لە أعیان و علماو مەنسوبین هاتن بە إستقبالی شێخ عیمانەوە، وەڕۆیشتین لە مزگەوتی مەلا محمد ی کوڕی مەلا عارف ی کوڕی مەلای نودشە، کە عائدی ماڵی حاجی معتمد بو دابەزین.

ئەم ورودی ئێمە تصادفی ئەوەڵی ڕەمەزانی کرد، چواردە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، حەفلەی وەرگرتنی (عصا) بەسرا، لەم حەفلەدا ناطقی لەسەر ئایەتی (هل یستوي الذین یعلمون والذین لایعلمون) بە تەشریفی علماو زانا و ڕۆحیانیان دا گەلێ قسەی جوانی کرد، جا شەربەت خۆری کرا، لەم مەجلیسا بە خزمەتی مەرحوم مەلا عبد الله ی موفتی وشەیی وەسید نجمالدین

كوڕی سید عبدالحكیم هەمرولەیی گەڵ علمای بەرز گەیشتم، لەم سەفەرا شەوێ مەدعو بوین لە ماڵی حاجی معتمدا، میرزا عبد الله خان بەعزێ پرسیاری عیلمی لە من كرد، جوابم دایەوە، لە بیستنی ئەم سوال و جوابە حاجی معتمد زۆر مەسرور بوبو، كاتێ ئەهات بۆ مزگەوت بۆ چاو پێكەوتنی شێخ عثمان ئەی پرسی (ئاغەی مەلای محقق لە كوێیە) بەم عنوانە خەبەری منی ئەپرسی میهرەبانی دەرئەبڕی. (ل/72)

لەو سەرەوە كە هاتینەوە شەوێ لە دێی (كەرچو) شەوێ لەدێی (نجنی) لە خواری دێی (ئەویهەنگ)ەوە بوین، بۆ شەوی سێهەم گەیشتینەوە دورِوە.

سەفەری چوارەم: لەم ساڵا لە زستانا لە خزمەتی شێخ دا ڕۆیشتم بۆ دێی (سورەتو)...

سەفەری پێنجەم: خۆم لەگەڵ بەعزێ قوتابی ڕەفیقما چەن ڕۆژێ بۆ ڕابواردن ڕۆیشتین بۆ ژاوەرۆ، وەخت پایز بو، هەمو نەوعە میوەیێ وەكو قۆخ و هەرمێ و هەنار، وەكەمێ ترێ مابو، لەم سەفەرا كە گەڕاینەوە لە چەمی (بوری دەر)ا تاقە دانەیێ (بەهێ)مان بەر دارێكەوە چاوكرد، من بروم تێگرت داكەوت، كەچوم بەهێكە دەربێنم دارێكم بۆ درێژ كرد بە هێیەتر دەركەوت، تەكرار بەهێی تر دەركەوت هەتا صدو چل دانە بەیمان لەو ناو بێشەو باخە دەركرد كە إعراضیان لێنابو، بەخۆشی و ڕابواردن هاتینەوە...

بڕۆینەوە سەر مەقسود، پاش ماوەیێ لە دامەزرانی شێخ لە بیارە لە ڕۆژی سێ‌شەنبە (7)ی مانگی ذی القعدة لە ساڵی (1338ك-1919ز) لەگەڵ سید فرج ی عەربەتی دا كە ئەویش لە طلبە ی علم بو، دورومان بەجێهێشت، ڕۆیشتین بۆ بیارە، بۆ شەو گەیشتینە بیارە، بە خزمەتی شێخ گەیشتین، بەڵام لەبەر ئەوە كە لەو كاتا لەبیارەدا مدرسە نەبو، شێخ نامەی بۆ نوسین بۆ خزمەتی مامۆستا مەلا حمەسعیدی مدرسی (عەبابەیلی) بالفعل ڕۆیشتین بۆ ئەوێ دامەزراین، من دەرسی گەلەنبەوی بورهانم ئەخوێند لە ئەوەلیەوە، پاش ئەوە كە چەند دەرسێكم لێ خوێند گەیشتم بە باسی (نسب ی اربعە)، مامۆسا مەلا حمەسعید سەفەری شاری سنەی كەوتە بەر ڕۆیشت، تا ئەو لەو سەفەرە هاتەوە من بۆ دەرس ئەڕۆیشتمە هەڵەبجە لە خزمەتی شێخ بابا رسول ی بیدەنی كە لەو دەما میوانی ماڵی شێخ عبداللطیف بو، دوازدە دەرزم لەگەلەنبەوی خوێند... (ل/73)

تماشام ئەكرد وەضعی خوێندنمان لە عەبابەیلێ باش نیە، چونكی دەرزمان ئەفەوتا، لەبەر ئەمە لەگەڵ سید فەرەج دا لە سێ شەنبەی حەوتی مانگی محرمی (1339ك1920ز) گەڕامەوە بۆ هەورامانی ئەودیو، سید فرج لەدێی (ئەلمانە) لەخزمەتی باباشێخ دامەزرا منیش ڕۆیشتمەوە بۆ دورِوە. لەخزمەتی مامۆستا سید محمدا دامەزرامەوە، من لەماوەی پایز و زستان و بەهارا لە خانەقای دورِوە گەلەنبەوی بورهانم خوێند.

وە لە هاوینی ساڵی (1339ك-1920ز) ڕۆژی شەمەی بیست هەمی مانگی شەوال لە خانەقای دورِوە ڕۆیشتم بۆ مدرسەی (بالك) بۆ خزمەتی مەلا محمودی جوانڕۆیی، لەوێ دەستم كرد بە شرحی عقایدی ملا سعد گەیاندمە باسی (تكوین) لە اخری صفاتی ذاتیەدا، فرائضی منظومەی شێخ معروفی نودێشم لەخزمەتیا تەواوكرد.

لەم ماوەدا شێخی بیارە هات بۆ مەریوان...(ل/74) لەم سەفەرا لەو سەرەوە شێخ تشریفی هێنا بۆ (بالك) ئێمەش تا نزیكی بەرقەڵا، لەگەڵ اشراف و پیاو مناسبی دێ، مامۆستا مەلا محمود استقبالمان كرد، كە تشریفی هاتە بالك شەوێ لە بالك مایەوە سبەینێ تشریفی ڕۆیشت بۆ چور، ئێمەش هەموو لایێ تا چور بۆ ڕەوانەكردنی ڕۆیشتین، لەم ماوەدا شێخ فەرموی بە من كە ملا احمدی ڕەش لەبیارەیە ئەمەوێ بیكەم بە مدرسی خانەقای بیارە، ئەگەر مەیلت هەیە تۆیش بێرەوە بۆ بیارە بۆ خوێندن، منیش لەسەر ئەم ئەمری شێخە، ڕۆژی جەژنی قوربان لە (1339ك) لەدێی بالك ەوە گوێزامەوە بۆ بیارە، لە بیارەدا لە خزمەتی مامۆستا مەلا احمدی ڕەش دا بە فەقێ تی دامەزرام.

لەماوەی سێ مانگا لە خزمەتی مامۆستا مەلا ئەحمدا شرحی عقایدم تەواوكرد، عقیدە كوردییەكەی مەولەوی‌م بە دەرز خوێند. دەستم كرد بە مختصری مطول، گەیاندمە سەر بابی احوالی مسند إلیە، لەم مەدەدا شێخ توفیقی پشتەیی كوڕی

شێخ عبدالرحمن ئەویش لە بیارەدا لە خزمەتی مامۆستا شێخ حیدرا، دەرزی کافیەی ئەخوێند، من لەگەڵیا خەریك ئەبوم تا باش ڕەوانی ئەکرد.

مامۆستا مەلا احمد لە بیارەدا زۆر پەرێشان بو مەترسی بو لە بەعزێ دەستەو بەستەی مەلا حسین کە ئازاری بدەن، هەرچەند شێخ دڵ خۆشی ئەدایەوە سودی نەبو، لە ئەنجاما ئیزنی وەرگرت لەشێخ، کەوتە ڕێ بۆ شاری سلێمانی، منیش ناچار لە خزمەتیا ڕێکەوتم، مەلا عەلی مەولاناوایی کە ئێستە مەلای (فقێ جنە)یە[1] ئەویش مان لەگەڵا هات بۆ سلێمانی بۆ ئێوارە بەزەحمەت گەیشتینە دێی (مووان) چونکی لەو ڕۆژا لەخەتی سید صادقەوە ئوتومبێل نەبو، ئێوارە وەختێ درەنگ گەیشتینە ناو دێ، بوین بە میوانی امامی ئەو دێ کە ناوی مەلا کریم بو، خەڵکی ئەو ژورە بو، تماشام کرد مەشغولی جەژنی مولودە، نان و چێشتێکی زۆری دروست کردوە، ئێمەش ئەو شەو مەولودنامەکەمان بۆ خوێندنەوە، بە زەوق و شەوقێکی باش جەژنەکەمان تەواوکرد.

سبەینێ ڕێکەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە شاری سلێمانی لە خانەقای حەزرەتی (مەولانا خالد) (قدس الله سره) کە لەو سەردەما مامۆستا شێخ عمری ابن القرداغی مدرسی ئەوێ بو بە میوانی دانیشتین، پاش دوسێ ڕۆژ مامۆستا شێخ عمر زۆر میهرەبانی لەگەڵ منا کرد، بەصورەتی فەقێتی لەخزمەتیا دامەزرام، مامۆستا مەلا ئەحمەدیش لەسەر توسطی مامۆستا شێخ عمر رحمە الله بو بە مدرسی (گەڵاڵە) لە ناحیەی ماوەت... (ل/75)[2]

لەساڵی 1340ك–1921ز دا کە دامەزرام لە خزمەتی مرحوم مامۆستا شێخ عمر رحمە الله تعالی، بەهۆی کۆشش و ڕەغبەتی ئەوا لە خوێندن و کتابت و اشتغال بە علم ئافاقێکی تر لەبەرچاوما کرایەوە، ماوەیێ هەر مەشغولی خوێندنی مختصر بوم. پاش ئەوە کتێبی (أقصى الأماني) کە تالیفی حفیدی سعدی تفتازانییە مامۆستا شێخ عمر حاشیەی لەسەر کردوە، بە حاشیەکانەوە نوسیمەوە بە دەرس خوێندم، جا دەستم کرد بە خوێندنی ریاضیات ترشیح الأفلاك و رسالة حسابی (ل/77) بهاء الدین عاملي،وە اسطرلاب تالیفی عاملي بعضی لە ربعی مجیب م بەدەرز خوێند، ئەم کتێبانە هەموو مُدوّنی مامۆستا شێخ عمریان لەسەرە، پاش ئەمانە تقریب المرام شرحی تهذیب الکلام بە حاشیەی شێخ، حاشیەی مەلای پێنجوێنەوە نوسیمەوە، ماوەی هەشت مانگ مەشغوڵی بوم خوێندم، کتێبی (جمع الجوامع) م بە خط لەگەڵ مدونی مامۆستا شێخ عمرا نوسیەوە، خوێندم، گەلێ منهج تحفەم بە دەرز خوێند، بەدەم ئەمانەوە فریدەی جلال سیوطی م نوسیەوە، سماعم کرد، گەلێ إستفادەی زیادم لەشێخ کرد گەلێ میهرەبانی و لطفی لەگەڵ ما بو خودا پایەی بەرز بکا.

بۆ یاداشت [3]

لەوکاتا گەیشتمە سەر باسی (إلهیات) لە تقریب المرام وەضعی سلێمانی تێکچوو، لەبەر ئەوە لەو چەرخا شێخ محمودی حفید زادە کرابو بە سەرۆك و فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە، میانەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تێکچو، شاری سلێمانی کەوتە بەر (بۆمباباران) خەڵکی شار وڵاتەکەیان چۆڵ کرد، جا من و مەلا عبدالقادری خۆشناوی (بالیسانی) بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ (عەبابەیلێ) و لە خزمەتی مامۆستا حمە سعیدا دانیشتین، من دەستم کرد بە (لب الأصول) سێ مانگ لە هاوینا لەوێ مامەوە هەتا وەضعی شار باش بوو، جا گەڕاینەوە بۆ شار لە خانەقادا دانیشتینەوە ئەو مقدارە کەمابو لە تقریب المرام تەواوم کرد، پاش ئەو کتێبە حاشیەی (لاری)م خوێند.

لەم ماوەدا لە سلێمانی ئەو مستعدانە کە بەیەکەوە لە خزمەتی شێخ دا ئەمان خوێند ئەمانە بون:

---

[1] ئەم نوسراوە لە شەستەکاندا مامۆستای مدرس نوسیویەتی و ئەوکاتە مەلا عەلی لە (فقی جنە) بووە.

[2] لێرەدا مامۆستای مدرس بەدرێژی باسی ژیاننامەی (مەلا احمدی ڕەش) دەکات، بنواڕە ل/75–77.

[3] ئەم سەرباسە هی مامۆستای مدرسە، بنواڕە ل/78، بەڵام جیای نەکردوەتەوەو بەم چەشنە نوسیویەتی: (بۆ یاداشت: لەوکاتا..).

1-سید عبدالحكیم.. 2-مەلا حسینی كوڕی عبدالله ی خسرو چاوەش خاڵۆزای شێخ تاج الدین خەڵكی دێی (گوڵپ)..
3-مەلا حممد امین ئەسپەرێزی هەورامی.. 4-مەلا یحیی كوڕی مەلا محمودی كوی حاجی مەلا سلامی بانەیی.. (ل/78)
5- مەلا عنایت الله.. 6- شێخ محمدی خاڵ..[1]

ئیجازە وەرگرتنی مامۆستای مودەڕڕیس و نەرگسەجار

من خۆم لەپێش كاتی اجازە وەرگرتنم یەك دوو جار لە بیارە غیری بیارەدا ملاقاتی شێخ صدیقی كوڕی شێخ معروفی نەرگسەجاریم كرد، بەیەكەوە رێكەوتین لەسەر ئەوە پاش اجازە وەرگرتن بڕۆم لە (نەرگسەجار) بە مدرس دابنیشم لەبەر چەند شت ئەم وەضعەم قبوڵ كرد:

یەكەم: نەرگسەجار لە زەمانێكی سابقەوە مدرسە بوە، كتێب خانەیێكی باشیان هەبوو.

دوهەم: شێخ صدیق منسوبی شێخی بیارە بو، لەگەڵ منا هاو مەشرەب بو.

سێهەم: نزیكی بیارە بو، هەركاتێ بم ویستایێ بڕۆم بۆ زیارەتی شێخ لە بیارەدا بۆم ڕێ ئەكەوت.

چوارەم: ئەو بە وەزعێكی وا دەعوەتی منی كرد كە بەیەكەوە وەكو برا بژین.

سەرەڕای ئەمانە شێخی بیارەش لەسەر ئەم وەضعە ڕاضی بو. تەرغیبی كردم بۆقبولی اقتراحی شێخ صدیق، مامۆستا شێخ عمریش تصویبی ئەمەی فەرمو.

جا لەمانگی شعبان لە موسمی ئەوەڵی بەهاری تاریخی 1343ك-1924ز مامۆستا شێخ عمر رحمه الله بانگی كردم، فەرموی: كاتی ئەوە هاتووە إجازەی تدریس بدەم پێت، بڕۆی تدریس بكەی، انشاالله موفق ئەبی، بە تدریسی طلبة گەلێ تەرەقی ئەكەی.

جا بەدەستی خۆی اجازەنامەی بۆ نوسیمەوە لە بختیاری منەوە لەوكاتا جەنابی مرحوم شێخ نجیبی قەرەداغی كە ئوستادی ئوستادم بو لە سلێمانیدا بو، جا جنابی شێخ نجیب و شێخ بابا علی و ملا حسینی پیسكەندی و شێخ معروف برای شێخ عمر گەلێ لە اهلی علم، مستعدی مزگەوتەكان حاضر بوون، شەربەتیان خواردەوە شێخ باباعلی اجازەنامەكەمی خوێندەوە، سید بلالی خەڵكی (شابەدین) كە لە نەتەوەی مەلا موسای توكلی یە، هەستا مێزەرەكەی بەست بەسەرمەوە منیش یەكەیەكە دەستی مامۆستاكانم زیارەت كرد، هەموو دوعای توفیقیان بۆ كردم. لەم مجلسە پیرۆزە پڕ لە علمای كبار طلبەی علومە إجازەم وەرگرت جبە و عەمامەم بەبەرما كرد. (ل/79)[2].

جا پاش اجازە وەرگرتنم لە دوازدەهەمی مانگی شعبان دا لە ساڵی 1343ك لە شاری سلێمانیەوە ڕوو بە هەڵەبجە ڕێكەوتم بۆ نەرگسەجار ملا عبدالقادری خۆشناوی بالیسانی كە لە مزگەوتی شێخ محمد بەرزنجی دا ئەی خوێند و قاضی میری ئەخوێند، بە حسنی ظنی بەمن لەگەڵما هات.. (ل/93) بە قەسدی ئەوە لەلام بخوێنێ، هەروا مەلا محمدی كوڕی صوفی كریم بەگی مەریوانی خەڵكی (نێ) ئەویش هات ڕۆیشتین بۆ هەڵەبجە، لە هەڵەبجەدا لە مزگەوتی پاشا بوین بە (میوان) جا ڕام سپارد تا لەدێی نەرگسەجارەوە، ملا امینی كوڕی دەروێش عبدالرحیم وولاغی سواری بۆ خۆم وولاغی سواری بۆ أسبابەكانم هێنا ڕۆیشتین بۆ (نەرگسەجاڕ) لەوێ شێخەكان ئەهلی دێ هاتن بە استقبالمانەوە، بۆ حورمەت دابەزیم، بە صفەتی مدرس امام لەدێ دامەزرام، دڵ خۆشییەكی زۆریان دامەوە بە نەوعێ كە ئەو شوێنەم بە ماڵی خۆم

[1] مامۆستای مدرس، هەر یەك لە مستعدەكانی هاوەڵی كورتەژیانێكیان بۆ دەنوسێ، تەنها شێخ محمدی خاڵ نەبێ، كە دەفەرموێ: لەمەولا باسی ئەكەم، بنواڕە ل/78-79. وەلێ من بەكورتی تەنها ناوەكانم نقڵ كردوە.

[2] ل/80 نامەیەكی شێخی عەلائەدینە، ل (81 ـ 83) ئیجازە نامەكەی مامۆستای مودەرریسە، بنواڕە پاشكۆی ئەم كتێبە، ل 84-92 باسی شێخ عمر ابن القرەداغی یە و دواتریش باسی سەفەرێكە كە مامۆستای مدرس پێش اجازە وەرگرتنی نەرگسەجاری بینیوە. ل/93.

ئەزانی..[1]، بەهۆی خزمەتی منسوبینی اطرافەوە رابواردنمان باش بو، طلبەكان لەلایەن ماڵی شێخ صدیقەوە، ماڵی شێخ قادر شێخ احمدی مامی شێخ صدیقەوە خزمەت ئەكران.

وە منیش بەتایبەتی لەماڵی شێخ صدیقەوە خزمەتم ئەكرا، بەیانی و ئێوارە نانم بۆ ئەهات تا ماوەی چەند مانگێ بەم نوعە رام بوارد، لەپاش ئەوە مەیلم لەسەر ئەوە بو كە ژن بێنم، خۆم جێگە و ڕێگەییێكی تایبەتیم ببێ لەم خصوصە استشارەم بە شێخی بیارە كرد، ئەویش فەرموی صبر بكە بەڵكو لەلاییێكەوە كەسێ هەڵكەوێ كچێكی باشی ببێ مارەی بكەی.(ل/95)

پاش ماوەیێ لەم پرسیار و راوێژكردنی منە بەشێخ، مەلا ئەحمەدی زاوام لە دورەوە هاتبوو بۆ بیارە بۆ خزمەتی شێخ، لەوێ باسی مەسئەلەی ژهێنانی بۆ من كردبو، قەراریان دابو كە خوشكی مەلا ئەحمەد مارەبكەن بۆم لەسەر ئەو قرارە شێخ بە خطی خۆی ئەم كاغەزەی بۆ من نوسی بۆ نەرگسەجار[2].

منیش پاش هاتنی نامەكە رۆیشتم بۆ بیارە، لەوێ لەبەر چەند دەلیلێ ئەم مطلبەم رفض كرد هاتمەوە بۆ نەرگسەجار.

لە هاوینی ساڵی 1344ك–1925زدا لە كاتێكا كە لە هەواری نەرگسەجارە كۆذا بوین، بیستم شێخی بیارە رۆیشتوە بۆ ئەوبەری سیروان لە نزیكی (پەلكژی)[3]دا كەپریان بۆ بەستوە.. منیش لەگەڵ فەقێكان بەعزمی زیارەت رۆیشتین بۆ خزمەتی شێخ بۆ ئێوارە گەیشتینە كانی كەوە، لەماڵی محمدی سان احمد میوان بوین، هەر ئەو شەوە، ولاغی سواری بۆ هێنام پیاوێ شارەزای لەگەڵ منا نارد هەتا گەیشتینە هەواری (پەلكژی) شەو لەوێ نوستین بۆ سبەینێ بە خزمەتی شێخ گەیشتین، بەڕاستی ئەم هەوارە زۆر خۆش و فێنك بو... (ل/96)[4].

ئێمەش لەبەر ئەوە قەرەباڵغ بوین كەپرێكیان بۆ بەستین، فەقێكان دەرزیان ئەخوێند مەشغول بوون، تقریبا حەفتەیێ لەوێ ماینەوە.

لەو ماوەدا مەلا عبداللە ی مەلای محمد بەگی حبیب اللە خان مەشهور بە امیر اسعد لە طرفی محمد بەگەوە بۆ بەعزێ ئیش هات بۆ خزمەتی شێخ، كە چاوی كەوت بەمن فەقێكان وا مەشغوڵی خوێندن و دەرزین، دڵی یێتە سەر ئەوە كچی خۆی بدا بەمن، ئەڕوا لەخزمەتی شێخ ئەم مەقسەدەی عەرز ئەكا، جا شێخ ناردی فەرموی مەلا عبداللە بە زمانی خۆی ئەڵا من طالبی ئەوەم كچێكم هەیە مارەی بكەم بۆ مەلا عبدالكریم، تۆ چی ئەڵێیت، منیش عەرزم كرد قوربان جارێ من ئەو كچەم نەدیوە، نازانم وەضعی چۆنە، شوێنەكەیشیان دورە لە نەرگسەجارەوە، جا ئەمری شێخە.

شێخ فەرموی: من وەضعی ئەزانم مناسبە، دوریش مانع نییە، بەڵكو باشترە لەنزیكی بۆ ئەم زەمانە، من مەیلم وایە مارەی بكەی، شێخ ئەمری فەرموو شەربەت خۆرییان كرد، مەلا حسینی كوڕی مرحوم مەلای گەورە لەوێ حازر بو، مەلا عبداللە كچەكەی بۆ مارەكردم، پاش ئەم وەضعە بە دوسێ رۆژ مەلا عەبدوڵلا رۆیشتەوە، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ نەرگسەجار لەسەر ئەم قەرارە كە تا پاییز ئەسبابی زەماوەند ئامادە بكەم، بنێرم بەشوێنی ژنا بۆم بێت.

وە فعلا هاتمەوە بۆ نەرگسەجار اسبابم رێكخست لە ئەوەڵی پاییزا شێخەكانی نەرگسەجار شێخ احمدی شێخ عبدالرحمن، شێخ علی شێخ عارف لەگەڵ چەند كەسێكا سوار بوون، لە ساداتی تاوەگۆزی نەتەوەی مەولەوی جەنابی سید محمودیشیان لەگەڵ خۆیانا بردبو (ل/99)، رۆیشتبون بۆ ماڵی كوێخا محمودی كوڕی كوێخا احمدی كوێخا یوسف لە (ئەشكی) لەوێوە چوبون بۆ (قالیچەكە) كە هەوارگەی زستانی محمد بەگی میر اسعد بو، لەوێوە عائلەكەیان بۆ

---

[1] لێرەدا (نامی) باسی شێخەكانی نەرگسەجار و قسەووتنێكی بە (ابوطالب) نوسەری حاشیەی سیوطی و خەوبینین پێیەوە دەگێڕێتەوە من نەقڵم نەكردوە. بنوارە ل/94–95.

[2] نامەكەی شێخ لە ل/96.

[3] كانی و ئاوێكە لە نزیكی كێوی (كەرگەمل) لە پشتی دێی (مورتكە)ی سید كاك احمدەوە، بنواڕە ل/96.

[4] لە ل/97–98 چوار نامەی دەستخەتی شێخ عمر بن القرداغی.

گوێزامەوە بۆ نەرگسەجار، خودا جەزایان بداتەوە قەدرێ زەحمەتیان کێشابو بۆ من...

لە بەهاری 1345ك-1926زدا شێخ لە بیارەوە شێخ فاضلی کوڕی شێخ محمودی شێخ محمد صالحی (گۆپ تەپە)یی نارد بۆ لام بۆ خوێندن... ئەم شێخ فاضلە لەو رۆژا (عبدالله یەزدی) ئەخوێند انسانێکی زۆر خاوەن استعداد و قابلیەت وسیماجوان و خط خۆش دەنگ خۆش بو، گەلێ مرید و منسوبیان لەدێ (غولامی)دا هەبوو، هاتنی ئەو هەم بو بەهۆی رەغبەتی خەلك لە خزمەتی مدرەسەکەمانا... (ل/100)

لەساڵی 1345ك دا لە پشتی خانوی شێخ صدیقەوە خانوێکیان پێدام، بەڵام لەبەر ئەوە شوێنەکە کفایەتی نەدەکرد، لەبەردەمی ئەو خانوا سەکۆیێکم دروست کرد و هۆدیەیێکی باشم بۆ خۆم دروست کرد، بەڵام گەلێ ئازاری دڵم بو چونکی داری ئەم خانوە لەدێی (توەقوت) بران بە ئاوی تانجەڕۆدا هات تا نزیکە نەرگسەجار، لەویا مەلەوان دارەکەیان هێنا دەرەوە ئەوسا بە لۆس خەڵکی نەرگسەجار هێنایان بۆ ناودێ، هەرچی قامیشی پێویست بو هەموی خەڵکی شەکەرمەیدان مەمەشەیی بە ولاغی خۆیان بۆیان هێنام.

بەم نەوعە شوێنی سکونەت تەواو بو، هەم بەقەی پێویستی دۆ و رۆنی خۆمان، حەیوانی وردە وەکو بزن و مەڕ مانگا بەدەستم کەوت، قادری سلیم نیوەی جوانی ماینێکی پێدام بۆ سواری، ڕەشوەی دایە دەستم، بەکورتی لە خصوصی گوزەرانەوە لە هەمو بابەتێکەوە وضعم باش بوو، رۆژ بەڕۆژ خەڵك زیاتر ئەیان ناسیم ئولفەتیان لەگەڵما پەیدا ئەکرد بە نەوعێکی وەها پیاوێکی مورشد و مقتدی بە رعایەتی دڵ یان ئەکردم.

وە خەڵکی شەك مەیدان مامەشەیی بەش پیرك قارەمانی هەموو وەك و مرید و منسوب رعایەتی دڵ یان ئەکردم، ئەوەی کە هۆی ئازاری دڵم بو ئەوەبو بەهۆی گەرمی شوێنەکەوە، هەمو ساڵ چاووم ئەئێشا، بەناچاری ئەبو کاتی هاوین بڕۆیشتمایە بۆ بیارە، ماوەی چل رۆژێ لەوێ بمێنمەوە.

لەم خصوصەوە دڵم نارەحەت بو لەلاییێکەوە وەضعی تدریس احترامی خۆم و طلبەکانم زۆر باش بو، لەلاییێکەوە گیرۆدەی چاوئێشە بوبوم هەمو ساڵێك جارێك و دوجار چاوم ئەییێشان، ترسم بو چاوم عەیب دار ببن.

بەهەر حاڵ صەبرم کرد بە ئومێدی ئەوە خودا دەروویێ بکاتەوە لێم، لە شوێنی خۆما مەشغوڵی تدریس بوم، هەر لەم ساڵی 1345ك-1926ز دا لە شەوی جمعەی سێهەمی مانگی رجب المفردا (فاتح) لەدایك بو، لەوکاتا گەلێ طلبەی باش لەلام بون، یەکێ لەوان مەلا محمدی کوڕی دەروێش کریم کوڕی رحمانی قازی خزمی خۆم بو، کە لەو رۆژا نەم ئەزانی خزمایەتیمان هەیە...

وە لەم نەرگسەجارا وەکو تدریسم ئەکرد، جارجار لەکاتی فەراغەتا ئەو شەرحەی کە لە (صمدیە)م کردبو لە زەمانی فەقێتیما لە سلێمانیدا بە ناقسی مابووەوە لێم ئەنوسی لە ئەنجاما کەمێکی مابو لە زستانا رۆیشتم بۆ بیارە لەوێ ئەو مقدارەم تەواو کرد.

لە بەهاری ساڵی 1346ك-1927ز قصیدەیێکم لە مدحی حضرەتا صلی الله علیه وسلم نوسی، هەروا لەلام مایەوە تا لەساڵی 1355ك-1936زدا بە عنوانی (نور الصباح) لە چاپخانەی محمد امین عصری دا لە کرکوکا چاپ کرا ولله الحمد... (ل/103).

لە موسمی هاوینا لە ئەوەڵی ساڵی 1345ك-1926ز شێخ عبداللطیف قازی لە هەڵەبجە نەخۆش کەوت، ئێمەیش لە نەرگسەجار بیستمان کە شێخی بیارە هاتووە بۆ عیادەی شێخ عبداللطیف، بە عەزمی عیادەی شێخ عبداللطیف زیارەتی شێخ رۆیشتین بۆ هەڵەبجە دوو شەو لەوێ بوین، شێخ عبدالطیف زۆر ناساغ بو، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی زۆر بە مصلحەتمان زانی بگەڕێینەوە بۆ نەرگسەجار و فعلا خواحافظیمان کرد هاتینەوە بۆ نەرگسەجار، بۆ سبەینێ لەپێش نیوەڕۆدا نوستم، لە خەوما یەکێ هات وتی شیطانی نمرود لەگەڵ ابراهیم عبداللطیف مجادلەی کرد، بەڵام ابراهیم عبداللطیف غالب بو بەسەریا، کە خەبەرم بووەوە تێگەشتم کە شێخ عبداللطیف وەفاتی کردوە، فعلاً بۆ ئێوارە بیستمان ئەو رۆژە وەفاتی

كردوه، دوباره ڕۆیشتینەوه بۆ تعزیه فاتحه خوێندن. رحمه الله وطاب ثراه وجعل الجنة مأواه..

بۆ ساڵی دوایی كه تاریخ گەیشته 1346ك-1937ز له پایزا مرحوم مامۆستا مەلا حمەسعیدی عەبابەیلیٚ یش وەفاتی كرد، دوو ڕۆژ لەپێش وەفاتیا هەر ئەمەی ئەخوێند (الله لطيف بعباده). مرحوم شێخ عبداللطيف له گۆڕستانی مەشهور به گوڵان له هەڵەبجه دفن كراوه، مەرحوم مامۆستا مەلا محمد سعيد له شمالی غەربی مەرقەدی حضرەتی اباعبیده بەدوازده هەنگاو دفن كراوه. طاب ثراهم وجعل الله الفردوس مأواهم بفضله آمين.

دامەزرانی مامۆستای مودەڕڕیس له بیارەدا

بڕۆمەوه سەر باسی خۆم، له ایام تشريقی ساڵی 1346ك له بیارەوه نامەیێكیان نوسی بو به شوێنما بۆ نەرگسەجار كه بڕۆم بۆ بیاره منیش ڕۆیشتم، كاتیٚ گەیشتمه بیاره حاڵییان كردم كه شێخی بیاره بڕیاری داوه: سید موحەممەد مدرسی خانەقای دوروه بهێنیٚ بۆ بیاره بیكا به مدرس، منیش ڕەوانه بكا بۆ خانەقای دوروه، لەویٚ به مدرس دابنیشم، داوای موافقەیان لیٚكردم، منیش لەبەر ئەو عوزری چاوئێشەو گەرمای نەرگسەجاره موافقەم كرد، لەگەڵ جنابی سید مظهر كاتبی شێخ كه ژن برای سید موحەممەدی مدرس بو، لەگەڵ قەرەباڵغێكی زۆرا ڕۆیشتین بۆ دورروه تا ئەوان ماڵی سید محمد بگوێزنەوه بۆ بیاره، مینش لەویٚ دابنیشم، بەو ڕێگەی هەوراماناا زۆر به سەیران و صەفا و خۆشی ڕامان بوارد، بەلاٚم كه گەیشتینه دورووه حاڵیمان بو، بەگزادەی (ڕەزاد) له بیستنی نقلی سید محمد زۆر عاجز و ملول و پەرێشانن، قەرارییان دابو منعی ئەم نقله بكەن، چونكه لەو ڕۆژا بۆ گەلیٚ اموراتی حكومەتی هاتوچۆی شاری سنه به شێوەی واجب پێویستیان به سید محمد هەبو، كه له وەزعەكه حاڵی بوین سەیید مظهرنامەیێكی نوسی بۆ خزمەتی شێخ بۆ (ل/104)[1] بیاره، داوای ئەوەی كردبو لەشێخ كه دەستور العمل مان بۆ بنوسێتەوه ئێمه چی بكەین، لەپاش چەند ڕۆژیٚ نامەی شێخ هات، له نامەكەدا ئەمری فەرموو بو بەمن كه بگەڕێمەوه بۆ بیاره..[2] پاش گەیشتنی ئەم نامه من له دورووه دەرچوم هاتمەوه بۆ بیاره، پاش زیارەتی شێخ ماذوحەسانەوەم شێخ بانگی كردم، مامۆستا مەلا بهاءالدینیش له خزمەتیا بو فەرموی ئەتوانی له بیارەدا دانیشی تدريس بكەی؟! ئیشارەی كرد بەوه ئایا ئەتوانم بەرامبەر مخالفه بەربەرەكی معارضین خۆم بگرم، منیش عەرزم كرد ئەگەر مەقسەدتان تەواناى تدريس بیٚ ئەوەندە بتوانم كۆشش ئەكەم، ئەگەر مەبەس مخالفاتی خەڵك بیٚ (وعلى الله فليتوكل المؤمنون) ئەكەم بەسەرمەشقی خۆم. شێخ فەرمووی: مبارەكه، تۆ لەم تاریخەوه مدرسی بیارەی، جا فەرموی: ئەی بۆ معیشەت هۆی گوزەرانت چی ئەڵێیت؟! عەرزم كرد لەم بابەتەوه هیچ ناڵێم شێخ خۆی وەكیل بیٚ هەر نەوعه معیشەتیٚ ببیٚ من ئەساچێنم. بەم قسانه تعیینم تەواو بو، بەلاٚم شێخ فەرمووی[3] ئەم دوو سیٚ ڕۆژی كۆتایی مانگه بڕوا جا له غەرەی محرمی 1347ك-1928ز پیاو ئەنێرم بەشوێنی خانوەكەتا له نەرگسەجاڕەوه نقلی بكەن بۆ بیاره.

واقعا له ئەوەڵی محرمی ئەم تاریخەوه شێخ ناردی ماڵەكەیان گوێزامەوه بۆ بیاره، لەڕێوه كه هاتین له ماڵی (سەربورج) خانوی شێخ صاحب و شێخ سیف الدين كوڕانی مرحوم شێخ نجم الدين دامەزراین والحمدلله. (ل/106)

پاش ئەوه ماڵەكەم گوێزراوه بۆ بیاره، دامەزرام، ئەم هەواڵه بلاٚوه بو به وولاٚتا، جا له هەمو لاییٚكەوه طلبه رویان كرده بیاره بۆ خوێندن به ماوەییٚكی كەم بێجگه لەو چەند طلبەی خۆمه كه له نەرگسەجاڕەوه هاتن بۆ بیاره، قەرەباڵغێكی زۆر له

[1] ل/105، نامەیەكی مەلا صالحی كۆزەپانكییه، بۆ مامۆستای مدرس و لەكۆتاییەكەی نوسراوه (مخلصكم الطالح الكۆزەپانكی صالح -المدرس بأربيل).

[2] نامەكه له ل/106 دا چەسپ كراوه.

[3] لێرەدا پەراندێك له دەستنوسەكەدا دەبینم كه بەم شێوه نوسراوه (بەلاٚم شێخ ئەم دو یٚ ڕۆژی ئاخری مانگه بڕوا...) بەپێویستم زانی ووشەی (فەرموی) بۆ زیاد بكەم.

طلبه له مدرسه‌دا حاضربوون.

هۆكاری ڕەغبەتی فەقێیان لە بیارە

هۆكاری ڕەغبەتی تەڵەبە بۆ بیارە چەن شتێ بوو:

یەكەم: بیارە شوێنێكی مقدس و پیرۆز بو خەڵك بە ئومێدی بەرەكەت بەختیاری رویان ئەكردە ئەو شوێنە بەتایبەتی كە محاسنی شریفەی حضرەت ﷺ چەند تالاَ لە موی ڕیشی مبارەكی پێغەمبەرﷺ لەبیارەدا حاضر بون.

دوەم/ شێخی بیارە بە پەیڕەوی ئەسلافی خۆی زۆر ڕەغبەتی لە خزمەتكردنی تەلەبەدا هەبو، بەچاوی حورمەت تماشای ئەكردن.

سێهەم/ لە لطفي خواوە شۆرەتی كۆشش وسعی من لەگەڵ تەلەبەدا بە وولاتەكەدا بلاوبوبوەوە، بەراووردیان كرد كە فەقێ لەلای من زۆر استفادە ئەكا.

چوارەم/ تەلەبەكان غالبا مسنوبی شێخی بیارە بون، زۆر تالبی ئەوە بون كە لە نزیكی شێخدا دانیشن، چاویان لە شێخەوە بێ.

پێنجەم/ شوێنی بیارە زۆر شوێنێكی خۆش و ئاودار و باغ دارە، بەتایبەتی بۆ هاوین و بەهار، چەن مانگێ لە پایز وەكو بەهەشتی سەر عەرز وەهایە.

شەشەم/ لەبەر ئەوە كە هەموو ئەسبابی گوزەرانی فەقێكان تەنیا لە ماڵی شێخەوە بو، ئازادبون لە حەول دان بۆ گوزەران ژیانی خۆیان.

حەوتەم/ بیارە بە نسبەتی باقی شوێنەكانی كوردستانەوە زۆر شوێنێكی ئیجتماعی بو، هەمیشە گەلێ لە علماو ادبا و متصوفین پیاوی مشرەب بەرزی تیابو.

جا معلومە شوێنی وەها هەمیشە خەڵك تالبی ئەبێ.

سەرەڕای ئەمانە هەمو لە ئەوەڵەوە شێخ اعلانی ئەوەی كرد هەتا مجال بێ لە خانەقا و مدرسەدا بسورت (لاردّ) تلبە قبوڵ ئەكا.

بەم هۆیانەوە بیارە وەها پڕبو لە تەڵەبە كە لە پاش مغرب بەسەربانی خانەقا و حەوش و دەورووبەری خانەقادا تەلەبە بە عادەتی كوردستان دەستیان بە دەوركردنەوە ئەكرد، ئەوبەرو ئەم بەری بیارە كە دوو كێوە دەنگی ئەدایەوە، بەڕاستی بە دامەزراندنی مدرسە لەسەر ئەم شێوە و شەكلە، بیارە خانقای بیارە سەر لەنوێ تازە بووەوە، نمونەیێكی جەمال و شێوە جوانەكەی زەمانی حضرەتی ضیاء الدین حضرەتی نجم الدین وجودی مبارەكی مەلای بیارەو مستعدەكانی نیشان ئەدا.

وە پاش دامەزرانم لەلایەن هەموو دۆست و برادەرێكەوە نامەی مبارەكبایم بۆ هات، بەڕاستی بۆ وجود و شخصیەتی منیش دنیایەكی نوێ و ئافاقێكی تازە كرایەوە، نیشاطی زیاد لە نیشاطی پێشوم بۆ پەیدا بو ولله الحمد على ذلك. (ل/107)

وە پاش دامەزرانم لەسەر یاسای خۆم كە هەموو هەواڵێكی خۆمم ئەنوسی بۆ خزمەتی شێخ عمر اعلى الله مقامە، نامەیێكم بۆ نوسی باسی ئەمری شێخ، تعیینی خۆم لە بیارە نوسی بۆی، ئەویش گەلێ مسرور و دڵشاد بوبو. ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نوسیبوم[1]:

بەنوسینی ئوستادم بۆ ئەم نامەیەو گەیشتنی بەدەستم زۆر شاد بوم، بەلاَم بەیاسای وەضعی ئینسان كە شەرم ئەكا لە شوێنی پیاوی گەورە، زۆر لەدڵما ئەم گرێ بو، كە نەبادا معنویاً مرحوم مەلای بیارە بەم دانیشتنی منە متأثر بێ. قضاءاً

[1] نامەكەی شێخ عمر ابن القرداغی لە ل/108 دا هەیە و مێژوی 27/محرم/ 1347ك لێدراوە.

شەویٚ لەو بەینا لەخەوا ڕۆیشتمە دیواخانێکی زۆر بەحورمەت و جوان، کە تەماشام کرد ذاتێکی جوانی مێزەرەسەوز لە ژوری دیوەخانەکەدا دانیشتوە، لەوکاتا دوو فەقێی طالش هاتبون بۆ لام، مەلا اسد اللە و مەلا عارف ئەوانیش لەگەڵما بون، ئەو ذاتە کە پرسی لە فەقیٚ طاڵشی یەکان ئەم مەلایە کیٚیە؟ ئەوانیش عەرزیان کرد: ئەمە ناوی مەلا عبدالکریم–ە، لەم بەینا شێخی بیارە کردویە بە مدرسی بیارە، کە ئەوان ئەم قسەیان عەرز کرد، ذاتی فەرموی: ئەی مبارەك بیٚ، مبارەك بیٚ، ڕۆڵە تا ئێستە نۆبەی ئێمەبو، جا نۆبەی تۆیە، هەستا لە دیوەخانەکە تەشریفی بردە دەرەوە.

کە لەم خەوە خەبەرم بوەوە، کەوتە دڵمەوە ئەو زاتە مرحوم مەولانا عبدالقادری بیارە بوەو ئەویش لە هاتنەکەی من مەسرورە... الحمدللە پاش ئەم خەوە ئەو مەراقەم نەما، بەڵکو قەرارم دا هەتا تاڵبیٚ زیاتر بیٚ دەرسیٚ زیاتر بیٚ، ئەوان احسانیان زۆرتر ئەبیٚ کەوابیٚ مسرور ئەبن. (ل/108).

پاش چەند ڕۆژیٚ لەبەر نزیك بونەوە لە خانەقا و مدرسە ماڵمان لەسەر بورج گوێزایەوە بۆ ئەوبەری خانقا، لە نەقسی خانوی شێخ دا هۆدەیێکیان پێدابن، تیایا دانیشتین، بەسەرگەرمی مەشغوڵی تدریس بوم، دو فەقێی طالشیش وارد بون، مەلا اسداللە مەلا عارف، بەڕاستی دوو ئینسانی خاوەن استعداد و قابلیەت بون، دەستیان کرد بە مختصری مطول بەم وەضعە ڕامان بوارد تا چوار مانگ یانی کەوتینە مانگی جمادی الاولی، لەم مانگا منداڵەکانمان وەضعی حملیان بو، کوڕێکمان بو، ناومان نا (اسعد)، لەم وەختا شێخ تەشریفی ڕۆیشت بۆ شاوەیس و باوەیس بۆ سەر مەرەزە و وارداتی خانەقا.

لە ئەثەری ئەم وەضعی حملە عائلەکەم بەنەخۆشینەوە مایەوە، لە ئەوەڵی مانگی جمادی الثانیة وەفاتی کرد.

بەم کارەساتە دەرگای گەلیٚ مەینەت لەسەرم کرایەوە، لەلاییێکەوە من غەریب و بیٚکەس بوم، لەلایەکەوە (فاتح) تازە لەشیر برابوەوە، پێویستی بە خزمەت بو، مهم تر لەوە ئەم کوڕەیش کە تازە لەدایك بوە کەس نییە شیری پیٚبدا، بەهەرحاڵ دایەنم بۆ أسعد پەیداکرد، کاغذیشم نوسی بۆ ماڵی خەزورم کە خەسوم بیٚت بۆ بیارە، پاش دە پازدە ڕۆژیٚ خەسوم.. ژنی مەلا عبداللە کە ژنێکی زۆر صاڵحە و عاقڵە بو هات بۆ بیارە، تۆزیٚ باری دڵم سوك بو، لەم لایشەوە بەهۆی تعزیەنامەی شێخ مامۆستا شێخ عمرەوە کە صورەتیان ثبت کراوە[1] بەهۆی بعضیٚ برادەر و (ل/109) دۆستەوە، کە هاوغەم و هاوبیرم بون دڵم تۆزیٚ مەینەتی لەسەر هەڵگیرا، ڕوم کردەوە حاڵی طبیعی خۆم.

پاش چەند ڕۆژیٚ خەسوم.. فاتحی لەگەڵ خۆیا برد بۆ وڵاتی خۆیان، أسعد مان لەلای دایەنی (خورشیدە)ناو کە لەدێی (بنجۆی درە) دائەنیشت دامەزران، بەس خۆم مامەوە.. پاش ئەم وەضعە لەبەر بیٚعائیلەیی دڵم پەرێشان بوو، دەکەوتمە تەلاش بۆ ئەوە ژن بیٚنم، عائلەکەم خوشکێکی بو (جمیلە) ناو کچی مەلا عبداللە، کە قورئانی خوێندبو، مناسبی حاڵ بو بۆ منداڵەکانم، لەسەر قەراری داواکردنی ئەم ژنە لە ئاخری پاییزا سەفەرێکم کرد بۆ (باوەجانی) بۆ ماڵی مەلا عبداللە. کە قسەکەم دەربڕی هەموو لاییێکیان قەبوڵیان کرد، ڕەغبەتیان بو لە ئیشەکەدا لەبەر خاتری منداڵەکان، بەڵام کوڕێکی مەلا عبداللە بو ناوی فتاح بو، ئەم کوڕە مەیلی نەبو عوزری ئەمەبو کە بیارە دورە لەوان، سیروان لەبەینایە، ئەیووت: وەکو چۆن ئەو خوشکەم مرد ئێمە فریای نەکەوتین، ئەمیش وای بەسەر دیٚت (ل/110).

پاییزی ساڵی 1347ك–1928ز زۆر پەرێشان حاڵ بوم بە نەوعیٚ وەها کە مامۆستای گەورەم مامۆستا شێخ عمر نامەی تعزیەنامەی بۆ نوسیم، مەجالی دڵم ئەوەندە تەنگ بو، لەبیرم چووە تا جوابی نامەکەی بۆ بنوسم، تا تماشام کرد نامەییێکی دوهەمی هات بۆم..[2] داوای بەیانی حاڵ و وەضعی لیٚ کردبوم بۆی بنوسم، منیش بە مەعذەرەتەوە جوابی نامەکەم بۆ نوسییەوە، بەیانی ئەحواڵی خۆمم بۆ کرد، داوای دوعای خێرم لیٚ کرد، بەڵکو خوا لە لطفی خۆی فەرەج شادییێك بخاتە

[1] نامەکان لە ل/109 و 110 ثبت کراون.
[2] ئەم نامە لە ل/111 دا هاوپێچ کراوە.

دڵم، جا ئەم نامەیە هات بۆم[1]، الحمدالله پاش ئەمە حاڵم روی كردە باشی، لەگەڵ تەلەبەكان مشغوڵ ئەبوم، ئەو زستانە ڕابورد.

لە بەهارا بە ارشادی فقێ محمدی قەڵ بەزەیی كە دۆستی خۆم مریدی شێخی بیارە بو، ڕۆیشتین بۆ (كانی كەوە) لەشارەزور، خوازبێنی ئامینەی كچی شێخ عەلی خەڵكی شیوی قازیم لە شێخ محمدی برای كرد، إجابەیان كرد گەڕاینەوە بۆ بیارە تا لە هاوینی ساڵی 1348ك. دا گوێزامەوە بۆ بیارە، پاش ئەوە دایەنەكەی أسعدی كوڕیشم هێنایە لای خۆمان، بەم وەضعە زۆر دڵم مرتاح بو، شێخ علی خەزورم كوڕی شێخ قادری كوڕی شێخ قادری كوڕی شێخ عثمان ی كوڕی شێخ عبداللطیف ی گەورەی كوڕی شێخ معروفی دەرقوڵەیە، شێخ احمدی باپیرەی مەلاییكی گەورە، خلیفەی شێخ بهاء الدین بوە، دایكی ئامینەی عائلەم (رضیة) ناو كچی شێخ عبدالرحمانی شیوی قازی بوە، ئامینە خاڵۆزای مامۆسا شێخ عمر بو، مامۆسا شێخ عمر پورزای ئامینە بو، چونكی خاتون خدیجە دایكی مامۆسا شێخ عمر خوشكی شێخ علی باوكی ئامینە بو، ئەم خزمایەتیە مناسبەییكی (ل/111)[2] زیادەی پەیداكرد لە بەینی من و مامۆسا شێخ عمرا، طبعاً ئەویش بەم خزمایەتیە مەسرور بو، چونكی یەكیّ لە ئەولادە حەسەبیەكانی علاقەی مصاهرەی لەگەڵا پەیداكرد.

دوو بەسەرهاتی خۆش

(من جملە) پاش دامەزرانی شێخ بابا رسول لە عەبابەیلیّ و لەپاش دامەزرانی من لە بیارە دا لە ساڵی 1347ك–1928م، ئەم ذاتە لەگەڵ كۆمەڵی مەلاكانا هاتن بۆ بیارە، كاتیّ ئێمە خەبەرمان زانی ڕۆیشتین بە ئیستقبالیانەوە لەنزیكی دەرگای (نانەواخانە) بەیەك گەیشتین، لەپێش ئەوا كە بە یەك بگەین شێخ بابا رسول هەردو دەستی بڵاوكردەوە تا گەیشت بە من، دەستی كردە ملم، فەرموی: مەلا كریم! لەگەڵ ئەوا ئەم مەقامە زۆر بەلای ئێمەوە بە حورمەتە، زیارەتی لەسەر ئێمە وەكو واجب وایە، من ئەم سەفەرە هەر بۆ لای تۆ مبارەك بادی تۆ كردوە، گەلیّ قسەی پیاوانەی وای كرد لەگەڵ منا، چەن ڕۆژ لە بیارە مانەوە جا ڕۆیشتنەوە، ڕۆژ بەڕۆژ وەضعی اجتماعی علمای هەڵەبجە چاتر ئەبو، محبت لەناوا زۆرتر ئەبو.

لە بەهاری ئاخری ساڵی 1347ك–1928م مامۆسای گەورەم لەسەر وەعدەی خۆی كە بڕیاری سەفەری بیارەی دابو، لەگەڵ كۆمەڵا لە علمای محترمین دا، وەكو شێخ بابا علی مدرس لە مزگەوتی خۆیانا شێخ عبدالكریمی احمد برندە، مەلا عزیزی پریس، شێخ رسولی تەكیەیی مدرس لە مزگەوتی جامعەی هەڵەبجە، شێخ بابارسول مدرسی عەبابەیلیّ، مەلا عبدالله مدرس و امامی دەرەشیش، حاجی مەلا عمری عمر گونبەدی، مەلا قادری ڕەش، كە ئەم دو كەسە هەردویان مەلا بون، یەكەم لە مزگەوتی خۆیانا لە كەركوك، دوهەم لە دەوری كۆیە، بۆ خوێندنی ریاضیات هاتبون بۆ سلێمانی بۆ خزمەتی مامۆستا شێخ عمر، لەگەڵ چەند كەسیّ لە مناسبینی ئەم ذاتانە، وەكو كۆمەڵەی ئەستێرەی (كۆ) كە لە بەرەبەیانێكی صافا طلوع بكەن، وەها تەشریفیان لە أفقی بیارەوە دەركەوتن، ئێمەش هەمو لایێ مەلا و تەلەبەو پیاومناسبانی خانەقای بیارە ڕۆیشتین بە استقبالیانەوە بەشادی واردی خانقا بون (ل/113).

ئەم سەفەرە گەلیّ سەفەرێكی خاوەن صەفا بو، دەمیّ زەمان بۆ كۆمەڵێكی وەها لە عالمە گەورە بەرزەكان بەو ذەوقو شەوق و شادیەوە لە بیارەدا گردنەبوبونەوە، نسبەت بە من بەتایبەتی زۆر بەسود بو لەلاییكەوە زیارەتی مامۆستام، بەخزمەت گەیشتنی ئەم ذاتە گەورانە گەلیّ ڕوناكی خستە دڵمەوە لەلایەكی ترەوە بۆ من بەهۆی حورمەت و كەرامەت دەرچو.

مامۆستا شێخ عمر لەناو قەرەباڵغیەكی گەورە فەرموی: مەلا كریم هەرچەن زیارەتی بیارە زۆر مەقسەدی ئەهلی عیلمە،

---

[1] ئەم نامە لە ل 112 دایە.

[2] نامەیەكی شێخ عمری تیا ثبت كراوە.

بەلام من بەشی زۆری ئەم سەفەرەم لەبەر خاطری چاوپێكەوتنی تۆبو.

وە لەكاتێكا بە خزمەتی گەیشتین، مامۆستا شێخ عمر گەڵێ لە خزمەتی شێخ دا تقدیری منی كرد، لە جملە فەرمودەكانی یەكێ ئەمە بو فەرموی: یاشێخ پێویستە زۆر یارمەتی مەلا كریم بكەی بۆ ئەوە لە تدریسا موفق بێت، عیلمی زیاد بكا، ئەم ذاتە لەمن مەلاتر ئەبێ یانی ئەگەر شێخ لطف بفەرموێ لەگەڵیا، ئەوەی ئێمە زانیومانە لە خوێندنا وەری گرتوە، بەهۆی تدریسەوە ئەتوانێ زیادەشی بخاتە سەر، یەكێ لە یارمەتیەكانی ئەمەیە، كە بە ئارەزوی خۆی فەقێی مستعد ڕابگرێ، نەك هەر فەقێیێك بێت بەهۆی نسبەتی بە شێخەوە مجبور بكرێ لەسەر تدریسی، ولو كان ئەو فەقێ قابلیەتی خوێندنیشی نەبێ، ئەمە ئەبێ بەهۆی دواكەوتن لە تدریس و بڵاوكردنەوەی عیلمدا، گەڵێ قسەی جوانی تریشی فەرمو، لە واقعا شێخ مقابل بەم قسانە زۆر بە ئیقبالەوە جوابی دایەوە، فەرموی: مەلا كریم وەك ئەولادی خۆم وایە، لەگەڵ جهەتەوە منظوری ئێمەیە، گەڵێ جار بە قصدی زیادی علم توجهم دەرحەقی بوە، ئومێدم وایە ان شاء الله گەڵێ تەرەقی بكا.

هەر لەم سەفەرا ڕۆژێ لە حوجرەی شەرقی خانەقاوە كە ئێستە نەماوە كراوە بە بازاڕ، هەمو مەلاكان لە خزمەتی مامۆستا شێخ عمرا دانیشتبون، مەلا عارفی بانەیی حاضر بو، ملا عباس كە ئێستە لە گەرمیانە ئەویش حاضر بو، باسی عیلم هاتە پێشەوە، مەلاعارف وتی: من میزانی هەمو شێوەو باقی مەلاكانی لیوای سلێمانی ئەزانم، نیسبەت بە هەریەكێ قسەیەكی كرد، لە ئاخرا لێیان پرسی ئەی مەلاكریم چۆنە؟ ئەویش وتی: بەخوا مەلاكریم ئەتوانێ شەرحی مواقف بە فەقێی ئەم زەمانە بڵێت، قسەكەی هەرچەن لە سیاقی تعریف بو، بەلام ذو الجهتین بو، ئەوەشی ئەگەیاند كە بۆ فەقێی ضعیف ئەتوانێ تدریسی كتێبی وا بكات.

لەسەر ئەم قسانە مەلا عزیزی پریس فەرموی هەڵسن بڕۆین بۆ حوجرەی مدرەسە، لەویا بە تحفەوە كتێبە گرانەكان ئەم مەبەستە دەربخەین كێ مەلای چاكە، فعلاً بۆ خۆشی هاتن بۆ مدرسە، مەلا عارف تحفەی هێنا شوێنێكی لەمن پرسیەوە، شوێنێ لە مەلا عزیز لە قاموس دا شوێنێكی لە مەلا عباس پرسیەوە، مامۆساكانیش هەمو دانیشتون، بەڕاستی ڕۆژێكی سەیر و خاوەن صەفا و ڕابواردنی علمی بو، تا دەورەی حەفتەیێ ئەم كۆمەڵە لە بیارە مانەوە (ل/114) پاش ئەوە تەشریفیان ڕۆیشتەوە بۆ هەڵەبجە، لەپاش یەك دوو ڕۆژ لە هەڵەبجە بلاوەیان لێكرد، هەر یەكێ ڕۆیشتەوە بۆ شوێنی خۆی، بەلام ئەو تأثیرە ئەم سەفەرە كردی لەناحیەی ئێمەدا لەبیرمان ناچێتەوە.. (ل/116)[1].

وەضعی خۆم[2]

لەساڵی 1347 ك –1928ز كاتێ كە لە خانوەكانی شێخ صاحب گوێزامانەوە بۆ هۆدەیێ لە خانوی شێخ لەوبەری خانەقاوە نزیكی دو مانگ لەو هۆدەدا ماینەوە، جا شێخ ئەمری كرد لە ڕیزی ماڵی خۆیا چەند هۆدە خانویان كردەوە، دو هۆدەیان بۆ من، دو هۆدەیان بۆ سید نظام الدین كە خزمەتی شێخی دەكرد، دایكی فاتح لەم خانوە تازەدا وەفاتی كرد، پاش وەفاتی ئەو پایز و زستان و بەهاری اخری ساڵی چل و حەوت من خۆم لە مدرسەدا ئەنوستم، ئەو خانوەم بەجێ هێشت بو، لەبەهاری ئاخری 1347ك كە ئامینەی كچی (شێخ علی)م هێنا سێ مانگ لەو خانوانا ماینەوە، پاش ئەوە گوێزامانەوە بۆ بەری خانقا، لە هۆدەیەكی نزیكی حوجرەی شێخ كە وەختی خۆی هۆدەی حضرەتی ضیاءالدین بوبو، شێخی بیارە لەپاش هاتنەوەی بۆ بیارە بە پارە كڕی بوی لەشێخ زین الدین، باقی ئەولادەكانی مرحوم شێخ نجم الدین دامەزراین... (ل/117)[3].

---

[1] لێرەدا مامۆستای مدرس باس لە گوێزانەوەی ئامینەی دوەم خێزانی بۆ بیارە و وەفاتی خێزانی شێخ عمر (حەلاوەخان) و مەشغەڵەتی مدرس لە خانقای بیارە و نەچون بۆ پرسەی دەكات ل116–117.

[2] ئەمە سەرباسی مامۆستای مودەڕریسە ل/117.

[3] لە ل/ 118 و 119 دو نامەی شێخی علائەدینە.

تاریخ گەیشتە 1348ك–1929ز جا لە فصلی پایزا وورده وورده دەستم كرد بە نوسینی رسالەی عزیزە لە علمی منطقدا، ئەم رسالەمە بۆ ئەوە تالیف كرد كە مەلا عزیزی بانەیی كە ئێستە بەرحەیاتە[1]، ئیمامی دێی (قەڵاجی)یە لە دیوی هەورامان.. بیخوێنێ، فعلاً ئەو و گەلێك لە طلبەكان نوسیانەوە، خۆندنیان.

هەروا بەدوای ئەما رسالەییێكی منظومەم لە علمی (تجوید)دا تألیف كرد، پاش ئەوە رسالەی (كشف الغامض من أحكام الحائض)م تألیف كرد، ئەم رسالەش زۆر بەسودە، لەناو مجموعەی فەتاوای علمای خۆمانا نوسیومەتەوە[2]... ئەم پایزو زستان و بەهاری 1348ك گەلێ موفق بووم، گەلێ طلبەی باش طالبی خوێندن لە بیارەدا گردبونەوە. مەلا أسد الله ی طالش، مەلا عارف ی طالش، مەلا محمد زاهدی رباطی، غەیری ئەمانەیش لە بیارەدا ئەیان خوێند، نشاطی تحصیلی علم زۆر بو...

لەمانگی شەعبانی 1348ك–1930ز شێخی بیارە بە خەیاڵی سەفەری بەغدا رۆیشت بۆ ئەوبەری سیروان بۆ دێی (گومە)، گەلێ مریدو منسوبی لەخزمەتا بو، ئەمری فەرمو كە جەنابی شێخ عبدالكریم مدرسی احمد بڕندەیش لەگەڵیابێ، فعلاً شێخ عبدالكریم رێكەوت، ڕۆیشت بۆ خزمەتی، لەو میانەدا منیش لەگەڵ مامۆستا مەلا بهاء الدینا مامەوە لە بیارەدا بۆ ئەوە كە ئەو مەشغولی أموراتی خانقا بێ، منیش مشغوڵی تدریس ئیدارەی قوتابییەكان بم، كاتێ شێخ ڕێكەوت ئەمری فەرموو بەمن كە هەر مەصرەفێ بۆ عائلەی پێویست بێ بە إشرافی من بێ، بەبێ إطلاعی من هیچ نەكرێ، ئەم ئیشە تا ئەندازەیێ لەسەر شانم گران بو:

یەكەم: لەبەر ئەوە بۆم نەدەكرا باش إشراف بكەم بەسەریا.

دووەم: ئەبو بەهۆی ئازاری دڵی عائلەو متعلقاتی شێخ لە من.

وە پاش ماوەیێ بە واسطەی سید مظهری كاتبەوە نامەییێكم نوسی داوای ئیذنم كرد برۆم بۆ گومە، بەڵكو خۆم لەم زەحمەتە دەربكەم لە عهدەی ئەو ئیشە دەرچم، ئەگەر إمكان ببێ بڕۆم بۆ ماڵی خەزورم چاوم بە فاتح بكەوێ، بەڕاستی خەیاڵی مارەكردنی ژن خوشكەكەیشم لەدڵا مابو، بەڵام شێخ بەم نامەیە[3] مەنعی ڕۆیشتنی كردم، بە خطی خۆیشی لە حاشیەی نامەكەدا نوسیبوی، ئەگەر بە قصدی ئەو ئیشەیش كەوا لە دڵتا بێت.پێویستە دڵت لەو خەیاڵە وەرگێڕی، ئیتر بەناچار لەبیارە دەرنەچوم.(ل/121)[4].

سەفەرەكەی شێخ درێژەی كێشا تاكەوتە ساڵی 1349ك–1930ز ئەوجا گەڕایەوە...لەم ساڵی 1349ك. من زۆر موفق بوم، وەرسالەی(ورقات)لە منطقا، و(مقالات) لەباسی مقولاتی عەشەرە وەبەعضی أموری حكمەت لە اعتباریات وەأموری عامە، وەرسالەی (وجیهە)لە علمی منطق دابەتاییەتی لەباسی (موجهات)داتالیفم كردن، وەگەلێ لە طلبە كان نوسیانەوە وەخوێندیان.

بەڕاستی ئەم ساڵەلە هەموو جیهەتێكەوە بەخۆشی لەسەرمان ڕابورا ولله الحمد.(ل/127)[5].

لە ساڵی 1348و1349ك، نفوذی پەهلەوی لەسنوری ئێمەدا هێزی گرتبو، لەو میانەدا ڕۆژێ سلطانێ هات بۆ بیارە ولە خزمەتی شێخ دا دانیشت، گەلێ باسی احترامی ئال و بەیت و مذهە بی هەوا خوا هانی ئەوانی كرد، بەڵام زۆر مبالغەی تیادا كرد بەنەوعێ گەیشتە ئەو پایەوتی:هەركەس لەژێر ادارەی ئیمامەت و خەلافەتی ئەوانا نەبێ (أموراتی دینی تەواو

---

[1] مەبەست پێ ساڵی شەستەكانی كاتی نوسینی ئەم كتێبە.

[2] مەبەست پێ (جواهر الفتاوی)یە كە مدرس زۆرێك لە فەتوای زانایانی كوردی تێدا زیندوو كردوەتەوەو لە فەوتان قوتاری كردون.

[3] ئەم نامە لە ل/121 دایە.

[4] ل/122–127 باسی درێژی سەفەرەكەی شێخی علائەدین دەكا و شەش نامە كە لەو ماوەدا لەنێوانیانا گوزەریوە باس دەكا و وێنەی نامەكانیشی تێدایە.

[5] لێرە بەدواوە باسی وەفاتی شێخ جمیل برای شێخی بیارە دەكات و كورتەژیانێكی باس دەكا و چەند نامەیەكی ابن القرداغی داناوە تا ل/131.

نابێ) (ل/131)[1].

لەویا شێخ لەبەر رعایەتی ئەوە کەخاوەن ماڵ بو، وەکابرایش میوان بو جوابی نەدایەوە، بەڵام من خۆم پێنەگیرا، وتم: ئاغە! مادام ئەم فەرمایشتە ڕاستە کەهەر کەس لە ئیدارەی ئەوانا نەبێ اموراتی دینی تەواو نابێ، ئەهلی تشیع بۆچی لە غەیری زەمانی ئیستیلای صفویەکانا لەم ولاتە تا ئێستە جارێ نەبو کە یەکێ لە سادات بکەن بە امام و گەورەی خۆتان، بۆچی ئیطاعە ی غەیری ئەوان ئەکەن؟!

کابرا لەجوابا قسەی بۆ نەماوە، ئەوەندەی ووت: ئێمەش لەم بابەتەوە مقصرین.(ل/132)

سەفەرێك بۆ باوەجانی [2]

هەر لەساڵی 1349ك–1930ز سەفەرێکم کرد بۆ (باوەجانی) بۆ ماڵی مەلا عەبدوڵڵای خەزورم بۆ چاوپێکەوتنی فاتح، وەلەم ساڵا (أسعد)ی کوڕیشم برد بۆ ئەوێ، وەلەلای دایە گەورەیابەجێم هێشت تالە عمری چوار ساڵیدا لەلای ئەوان وەفاتی کرد، وەلە قبرستانی شێخ شملی لە قەراخی ئەم بەری ئاوی بوارەوە دەفن کراوە.

لەم سەفەرا لەماڵی أمیر أسعدا تصادفی (سلطان حیدرخان)م کرد، کەفەرمانداری ئەو منطقە بو وەگەڵی مناظرە ی مذهەبی لەگەڵ کردم.

لە ئەوەڵەوە بەڕستی من نەم وێرا بەسەربەستی قسەی لەگەڵا بکەم، تائەو بەهەموو صەراحەتێ مەیدانی مرخص کرد، جاپێم ووت: مادام وایە قسەت لەگەڵا ئەکەم: طبعاً تۆ باوەرت بەقورئان هەیە ؟ وتی: بەڵێ، وتم کەوابێ، من استدلال بە حدیث ناکەم، چونکی ممکنە تۆ بڵێیت ئەم حدیثە موضوعە، وەتۆیش استدلال بە حدیث مەکە، چونکی ممکنە من لە صحەت اسنادەکەیا قسەم ببێ، بەس دەلیلی هەردو– لامان باقورئان بێ، یا دەلیلی عقلی.

وتی:باشە!

وتم:خودا لەقورئانا بە صورەتی عام تعریفی ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ ئەکا بەئایەتی (کنتم خیر أمة أخرجت للناس)[3] مخاطبی دەرەجە ئەوەل ئەصحابەکانی بون.

وەبەصورەتی خاص بە ئەصحابەوە ئەفەرموێت، (والذین معه أشداء علی الکفار رحماء بینهم...)[4] تا أخری ئایەتەکە.

هەروا لە شأنی ئەصحابی حدیبیە دا ئەفەرموێت (لقد رضی الله عن المؤمنین الذین یبایعونك تحت الشجرة، فعلم مافی قلوبهم، فأنزل علیهم السکینة وأثابهم فتحاً قریباً)[5].

وە لە شأنی سابقین لە مهاجرین و أنصارا ئەفەرموێت: (والسابقون الأولون من المهاجرین والأنصار والذین اتبعوهم بإحسان، رضي الله عنهم ورضوا عنه)[6].

کەوابێ چۆن موسڵمان ئەتوانێ لەگەڵ ئەم هەموو ثەنا و ستایشی عام و خاصە باوەڕ بکا بەوە ئەم جەماعەتە بەرامبەر بە وەصیەتی پێغەمبەر ﷺ ئیهمالیان کردوە، وەصیەتی ئەویان بەجێ نەهێناوە، یا ئەبێ کەلامی دەربارەی ئەوان ڕاست نەبێ –العیاذ بالله– ئەمە مەحاڵە، یا ئەبێ ئەمانە لەسەر دەستوری حەق معاملەیان کردبێ، بەیعەتیان بە حضرەتی ابوبکر موافقی حق بێ.

---

1 مامۆستای مدرس لە ل/131 تەنها ئەوەندەی نوسیوە و تەواوی نەکردوە ئەوەی نێو کەوانەکە زیادکراوی ئامادەکارە، بە قەرینەی لەوەوپاش نوسیومە .

2 ئەم سەرباسە هی ئامادەکارە.

3 سورەتی آل عمران / 110.

4 سورەتی الفتح /29.

5 سورەتی الفتح / 18.

6 سورەتی التوبە /100.

وە لەلایەنی (أمیر المؤمنین)ەوە ملاحظە بكەین، ئەگەر خلافەتی ابوبكری بەحەق نەزانیایێ، چۆن جاریەی بنی حنیفەی لە ابوبكر قبوڵ ئەكرد، ئەگەر لە عمری كوڕی خەتتاب عاجز بوایە، بە غاصبی خلافەتی بزانیایێ چۆن كچی خۆی بۆ مارە ئەكرد.

وە ئەگەر لەو عصر و زەمانا خلافەتی بە حەقی محضی خۆی بزانیایێ، چۆن لەماوەی بیست و چوار ساڵ لە زەمانی سێ خەلیفەدا لە حەقی شەرعی خۆی چاوپۆشی ئەكرد، ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە كە حضرەتی أمیر خلافەتی ئەو ذاتانەی بەحەق زانیوە، ئەگەر نا كەسێ أسد الله بێ ئەوەندە ساڵ لە حەقی خۆی لەبەر ترس، یا لەبەر مانعێكی احتمالی دەسبەردار نەدەبو، لە ئەنجاما كابرا قسەكانی قبوڵ كرد. (ل/135).

نێوان من و قزڵجی لە بیارەدا [1]

لە ساڵی 1350ك–1931ز لەمەوسمی ئەوەڵی هاوینا لەمانگی صفرا، مەلا محمدی قزڵجی واردی بیارە بوو، مامۆستا شێخ عمر ئەم نامەیە بۆ من نوسیبو [2].. توصیەیشی كردبوم كە خزمەتی مەلا محمدی قزڵجی بكەم... [3].

ماوەی چوار مانگ لە بیارە مایەوە، لە حوجرەی مدرسەدا لە منزڵی منا دانیشت، بە هەموو نەوعێ شێخی بیارە حورمەتی ئەگرت من و طلبەكان دڵمان رعایت ئەكرد، بە یەكەوە ڕامان ئەبوارد، لە مانگی جمادی الثانيەدا لە بیارە دەرچو، ڕۆیشت لەدێ (سەراد) لەناحیەی پشدر بە موفقی بە صورەتی مەلایەتی دانیشت بە خەیاڵی ئەوە پایز كە شێخ ئەڕوا بۆ بغدا، لەگەڵ شێخدا بڕوا بۆ بغدا، شێخ سعی بكا بۆ دامەزرانی، واقعاً لە ئەنجاما فكرەكەی جێبەجێ بو، وەكو لەمەولا انشاء الله باسی ئەكەم. (ل/136)

لەم ماوەدا كە مەلا محمدی (تورجانی) حالاً (قزڵجی) اصلا لە بیارەدا بو، هەر لەحوجرەی مدرسە دابو غالباً لەو كاتانا من دەرسم بە فەقێكان ئەووت ئەو دائەنیشت یا ڕائەكشا، بەڵام ئەیوت بەمن پەكی دەرسەكان نەخەم، فعلاً منیش بەیاسای خۆم دەوامم ئەكرد.

بیستم ڕۆژێ شێخ پرسیاری كردبو فەرموبوی: مەلاكریم مەلاییێكی چۆنە؟ ئەویش بە حسنی ظنی خۆی لەوەڵاما فەرموبی: بەڕاستی جێگەی وەكو بیارە مەلاییێكی وەكو مەلا كریمی ئەوێ، گەلێ قسەی جوانی كردبو، جزاه الله بالخیر.

لەپاشان نوێژی عصر ئەغلەب لەگەڵیا ئەچوم بۆ باغاتی بیارە، یا بۆ چەمی (هانە گەرمڵە) یا بۆ چەمی بیارە، میوەی جوانم بۆ ئەهێنا ئەبوا ئەو میوەیە بەدەستی خۆی لەناو كانیە ساردەكانی چەمی بیارەدا بشۆریایەتەوە، ئەوسا میوەكەی ئەخوارد، یانی زۆر محافظە ی صحەتی خۆی ئەكرد.

لەساڵی 1350ك– 1931ز لەپاش طلوعی صوبح لەڕۆژی پێنج شەممە بیست و نۆهەمی مانگی ربیع الاول، لەوكاتا ئێمە لەو ماڵا بووین كە متصلە بە حوجرەی شێخەوە محمد لەدایك بو، لەوكاتا مەلا محمد لە بیارە بوو، منیش لەبەر ئەوە هێشتا لەدایك نەبوبو قەرارم دا گەر كوڕ بێ، ناوی (محمد) بێ، ئەم دو كەلمەمە نوسی بۆ شێخ [4] كە لەقەبێكی بۆ زیاد بكا، ئەویش لە حاشیەی نامەكە نوسی: هەر ناوی (محمد) [5] كافیە مایەی خێر و سعادەتە انشاءالله دوعای خێری بۆ كردبو.

شێخی بیارە زۆر محمدی خۆش ئەویست، گەلێ جار ئەی فەرمو ئەگەر مانع مەنعی نەكا، لە زەمانی یەكە إنسان ئەبێ،

---

[1] سەرباسی ئامادەكارە.

[2] لە ل/136 دا هاوپێچ كراوە.

[3] مامۆستای مدرس لێرەدا باسی سەفەرەكەی (قزڵجی بۆ (مصر) و (جامع الازهر) دەكا، لە گەڕانەوەیدا دوای ساڵێك لە شاری (كركوك) منع كراوە لە گەڕانەوە بۆ (مُكریان). ل/136.

[4] ئەم نامە لە ل/140 دایە.

[5] ووشەی (محمد) زیادكراوی ئامادەكراوەو لە دەقی نامەكەم وەرگرتوە بۆ زیاتر ڕونی ووتەكەی مامۆستای نامە.

زۆر ئەیلاوان.

وە دایکی حەمەیش زۆر خزمەتی پاکی حمەی ئەکرد، حەتا لەکاتی پاکیدا نەبێ شیری پێنەداوە، پاش تمیز خوێندنی تەواو کرد، شهادەی ریزی دوازدەی وەرگرت، بەلاّم لەپاش ئەمانە گیرۆدەی گەلێ نالەباری بو، ئومێدم بە لوطفی خودا وایە ئەنجامی خێر بکا (وما ذلك على الله بعزيز، ربنا وتقبل الدعاء). (ل/140)[1].

سەفەرێك بۆ بەغدا[2]

لەمانگی شەعبانی 1350ك دا مصادفی ئەوەڵی کانونی ثانی 1932ز، شێخی بیارە کەوتە ڕێگە بۆ شاری (بغدا)، گەلێ لە منسوبین شێخزادە من شێخ بابا رسولی عەبابەیلیێ لەخزمەتیا کەوتینە ڕێ بۆ ئەم سەفەرە، شەو لە هەڵەبجە دابوین لەماڵی شێخ عمرا، بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ شاری سلێمانی لە خانەقای حەزرەتی مەولانا خالیدا دابەزین، لە حوجرەکەی مامۆستا شێخ عمرا بوین بەمیوان، بەلاّم حاجی عبداللە ی شاڵی و حاجی فقێ محمد نەیان هێشت کە مامۆستا شێخ عمر میوانداری (بکا)[3] ئەوان خۆیان لەبەر ئەوە کە لە قەدیمەوە مەنسوبی بیارە بون، ئەوان میوان داری یان کرد، مصرەفی شێخ واردینیان بەجێ هێنا..

ئێمە گەیشتینە خانەقای حەزرەتی مەولانا ئەوەندەی پێنەچو مەلا موحەممەدی قزڵجیش لەدێی سەراوۆ گەیشتبووە سلێمانی، لە عەینی ڕۆژا هاتە خانەقا بە عەزمی ئەوە لەگەڵ شێخ دا بێت بۆ بغدا، بەڵکو دامەزرێ، شێخ زۆر بە هاتنەکەی مسرور بو، هەموو لایێ پێمان خۆش بوو، بەخۆشی گرد بوینەوە.

بۆ سبەینێ پاش هەتاو کەوتن متصرفی سلێمانی ئەحمەد بەگی توفیق بەگ رحمهما الله، هات بۆ خانقا بۆ زیارەتی شێخ، قەدرێ لە خزمەتی شێخدا دانیشت، لەو ماوەدا فەرموی بە مامۆستا شێخ عمر یاشێخ وەکو ئەمری ڕەسمی پێتان ئەڵێم: لەمەولا ئەم ریاضە کۆنە تدریس مەکەن، وەلەسەر یاسای عیلمی تازە دەرسی ریاض بە فەقێ بڵێن، مامۆستا شێخ عمر دەنگی نەکرد، طبعاً پیاوێکی وەها گەورە لە مجلیسێکی وادا پێویستە قسەکەی وەربگیرێت، بەلاّم من ئەوەندە هاتمە جواب عەرزم کرد، ئەگەر ئەمرەکە صرف بە ئارەزو بێت ئێمە ناچارین إطاعە بکەین، ئەگەر لەسەر ئەو ئەساسە بێ کە ریاضی کۆن هەڵەیە، ریاضی ئێستە ڕاستە ئەمە مُسلَّم نییە، دەمێ زەمانە لە عالەما علما لەباسی وەزعی عەرز و ئاسمان و ئەستێرە... قسە ئەکەن، گەلێ اکتشافات کراوە لەسەر ئەو اکتشافاتە ڕۆیشتوە، لەپاش ماوەیێ دەرکەوتوە ئەو اکتشافاتەیش تەواو نەبوە، بە نەوعێ تر گۆڕاوە، کەوابێ چاك وایە ئێمە بەتەواوی تەرکی ریاضە کۆنەکە نەکەین، بەڵکو لەگەڵ تدریسی ریاضی کۆنا کەمێ توجیهی طلبە بکەین بۆ ئەم اکتشافاتی تازەیە هەتا بەرچاویان ڕون بێت، لە مستقبلا بتوانن لەسەر روناکی علم برۆن بەرێگەدا، وادەرکەوت متصرف قسەکەی منی بەلاوە باش بو، ئیتر معارضەی نەکردم.

هەر لە خانقادا بوین کۆمەڵی علماکان شێخ بابا علی مەلا حسێن، مەلا عزیزی مفتی هاتن بۆ زیارەتی شێخ، لە مجلسدا بابەعلی فەرموی: یاشێخ! بۆچی ئێمەیش لەگەڵ خۆتانا نابەی بۆ بەغدا؟ (ل/152) شێخ لەبەر ئەوە لە قسەخۆشەکانی شێخ بابا علی شارەزابو، بۆ صوحبەت فەرموی: جا عەیبی چی یە! سەرو دوصەد ڕۆپیەیێ بۆ مصرف لەگەڵ خۆتانا بێنن تەشریف بێنن ئێمەش حەز ئەکەین بەیەکەوە ڕائەبوێرین.

باباعلی فەرموی: بەخوا یاشێخ ئەمە بەئێمە ناکرێت، بەس ئێمە (هو، هو)مان لەدەست دێت، یاشێخ ئەم (هو، هو)ە

[1] ل/141 نامەیەکی ابن القرەداغی یە، بەمێژووی 1350ك/ و ل/142 نامەیەکی شێخی علائەدینە، لە ل/143 باسی گۆڕانکاری لە خانەقاداو کردنەوەی ڕێزە دوکانێك لە بەردەمیدا، ل/144–151 باسی خانەقای بیارەیە و چەند نامەیەکی تێدایە و شیعرێکی جوانی نامی کە باسی هەورامان و بیارە و خانەقا و.. ئەو دیمەنە دڵرفێنانە دەکات و پێناسێکی زۆر ناسك و ڕێکی دەکات.

[2] سەرباسی ئامادەکارە.

[3] زیادکراوی ئامادەکارە.

مەبنیە لەسەر حكایت ئەو حكایەتەش ئەمەیە:

وەختی خۆی شێخیٚ لە گەرمیانەوە هاتووە بۆ ئەم ژورە، گەلیٚ دەروێشی لەگەلا بوە، بوە بە میوانی شێخیٚ لە ئەمثالی خۆی–كە ئەویش خاوەن دەرویٚش بوە–، شەویٚ لەپاش نانخواردن دەروێشی شێخە میوانەكە حالێیان لیٚ هاتووە، ئاگریان خواردوە، ساجی گەرمی لستوەتەوە، گەلیٚ شتی وایان كردوە. شێخە خاوەن ماڵەكەیش ئەلا بە دەروێشەكانی خۆی، ئێوەش ذكر بكەن شتیٚ لە خارقە دەربخەن، خۆ ئێمە ئابرومان چو، دەروێشی ئەم ذاتە ئەلێن چی بكەین؟! ئەلا: ئاگر بخۆن. ئەلێن ئەمەمان پێناكریٚ.. ئەلا تیغ لەخۆتان بدەن. ئەلێن پێمان ناكریٚ. ئەویش ئەلا: ئەی چیتان پیٚ ئەكریٚ؟! ئەلێن ئەگەر ئەتەویٚ (هو، هو)مان پێئەكریٚ، ئەنا ئیتر هیچ. ئەویش ئەلا: (هو، هو)یش باشە –الحكم لله–.

ئەمما یاشێخ مەلای فەقیر غیری (هو، هو)، بەخوا نە لیرەی هەیە و نە ڕوپیە، نە نەختی تر، ئەبیٚ هەر بە (هو، هو) قەناعەت بكەی پێمان.

لەپاش دوو ڕۆژ لە سلێمانییەوە ڕێكەوتین بۆ كركوك، لە كەركووك بوین بەمیوانی خانقای سەیید ئەحمەدی خانەقا كە لە شێخانی سەرگەلوە و لە نەتەوەی شێخ ئەحمەدی سەرداری خلیفەی حضرەتی مەولانا خالیدە–.. (ل/153).

ماوەی شەوو ڕۆژیٚ تقریباً لەخانقا ماینەوە، لەو ماوە كەما گەلیٚ شەهامەتو كەرامەتی سەیید ئەحمەدی بۆم دەركەوت، لەو ڕۆژا كە ڕێكەوتین بۆ بغدا، چوار پێنج شعرم نوسی لەسوپاسی وەزعی سید احمدا تقدیم كرد، آخری شعرەكان لەسەر قافیەی (خانقا) بو شعری ئاخریا ئەمەبو:

یاربی پایەداری بكەی بەمایەی مەقامی عز

مـا دام ذو اللســان بالإحسـان ناطـقا

فەرموی: بەخوا فلانی شعرەكاذت جوانن، بەلام ماوەی دوعایەكەت كورتە، لەبەر ئەوە لەم زەمانا ئەوانەی كە زمانیا ن بەچاكە بگەڕیٚ زۆر كەمن.

گەیشتینە بەغدا لە تەكیەی (خالدیە) لە محلەی (رأس القریە) لە قەراخی دجلەدا دابەزین لەبەر ئەوە ئەم تكیە بە تكیەی حضرەتی مەولانا ناوی دەركردبو، مرید و منسوبی بیارەش هەموو خالدی مەشرەبن بەتایبەتی شێخ عبدالحق حامدی نقشبندی كە خلیفەی شێخی بیارە بو، لەو تكیە دائەنیشت، تەكیەكە لەوكاتا بەردەوام خەتم و تهلیلەی تیا ئەكرا.

وە لەوكاتا حاجی رشید مدرسی تكیە بو، ئەویش انسانێكی عالم و سالم و عاقل و خۆش خولك و ڕەفتار بو، پاش واردبونی شێخ زانینی خەلك بە هاتنی شێخ بۆ بغدا، لە هەمو صنفیٚ وزرا و أمرا و علما و مریدین و پیاوی مناسب ئەهاتن بۆ زیارەتی شێخ، بەهۆی ئەم زیاراتەوە لەگەل گەلیٚ پیاوی گەورەدا (ئاشنابوم)[1] وەكو حاجی نعمان أعظمی و شێخ ابراهیم ڕاوی، شێخ محسن الطائی و حاجی خلیل و شێخ قاسم القیسی و شێخ عبدالملك و شێخ عبدالقادر الخطیب بالإمام الإعظم و شێخ فؤاد الآلوسی و شێخ عبدالله الشیخلی...

لەو ماوەدا لە بغداد بوین، ڕۆژیٚ لەگەل مەلا محمدی قزلجیدا ڕۆیشتین بۆ دائرەی ئەوقافی عامە، لەو ڕۆژا نوری القاضی مدیری ئەوقافی عام و منیر القاضي مدیری ادارەی ئەوقافی عام بو، زیارەتی منیر القاضیمان كرد، لەو دەما حاجی نجم الدین الواعظ حاضر بو.. (ل/154).

ڕۆژیٚ لەپێش مانگی ڕەمەزانا مەرحوم ملك فیصل شێخی دەعوەت كرد، كاتیٚ شێخ تشریفی برد، من و شێخ بابا رسول، مەلا موحەممەدی قزلجی، بەعزیٚ لە منسوبین لە خزمەتیا ڕۆیشتین، لەكاتی زیارەتا شێخ معرفی مەلا موحەممەدی كرد، بەیانی ئەوەی كرد ئەم ذاتە لە بیت العلم ە، سالا لە مصرا رایبواردوە، بۆ زیادە معلومات لەویا ملك فیصل پرسیاری كرد لە مەلا محمد: یاشێخ! كیف وجدت مصر؟!

[1] ئاشنابوم، زیادكراوی ئامادەكارە.

عەرزی کرد: وجدتها مملكة راقية بالعلم، ومزدهرة بالثقافة، وأسأل الله أن يجعل العراق بحيث تحذو حذوها.

فقال الملك: إن مصر بالنسبة الى العراق عريقة بالمدنية، والعراق طفلة..

فقال القزلجي: ولذلك أرجو رقاها، فإن الطفلة إذا وقعت تحت تربية مُربّ محنك يسرع رقاها.

فأعجب الملك بجوابه ورحّب به كثيرا.

وە پاش ئەو ملاقاتە ايعازی کرد بۆ مديری ئەوقافی عام لە اقرب وەختا تعينی بكا، واقعاً زۆری پێنەچو كە جەنابی مەلا محمد دامەزرا. هەرچەن لە ئەوەڵەوە وەضعی باش نەبو، بەڵام پاش ماوەیێ خۆی گرت وەضعی باش بو، بو بە خاوەن وەضائف: تدريس و امامەت و محاضرە لە كليەی شريعەدا، القای نصايح بە کوردی لە دار الإذاعەدا، هەر وا بە حورمەت دەوامی کرد تا ساڵی 1959ز. وەفاتی کرد-رحمە الله وطاب ثراە-.

ڕۆژێ لە مانگی رمضانا لەگەڵ سيد مظهر و حاجی شێخ حامد و ميرزا ئەحمەدی ڕۆیشتین بۆ زیارەتی حضرەتی غەوث، لەو سەرەوە هاتینەوە لە کۆڵانێ نزیکی تکیەی خالدیەدا یەکێ هات بە پیرمانەوە، دەعوەتی کردین بۆ لای خۆی، تمەز مبشرێکی نصرانی بو، شێخ حامد وتی من ناییم بەلامەوە ڕۆیشتن بۆ لای عەیبە!

من وتم: والله من ئەڕۆم، نەڕۆیشتن لەلام عەیبە. کاتێ دانیشتین بەخێراتنی کردین، پرسیاری کرد خەڵکی کوێن؟ وتم خەڵکی سلێمانی. وتی خوێندوتانە؟ وتم: بەڵا. وتی: مەیل ئەکەن ئەم رسالە بخوێننەوە بزانن کە کتێبی اظهار الحق لە ردّی ئێمەدا چەندی هەڵەیە. منیش وتم بدە کتێبەکە تماشای بکەم. کە تماشام کرد حاڵی بوم ئەو إعتراضاتە کە لە تفسيری إمام فخرالدين ی ڕازيا هەيە جوابيان ئەداتەوە لەم کتێبا نوسراوە، کراوە بە إشکال لەسەر ئێمە، بەبێ ئەوە باسی جەوابەکانی بکات.

منیش وتم: با جارێ لە پێشا من بزانم جنابت چيت! جا ئەوسا قسە ئەکەين لە محتوای ئەم رسالە.

وتی: من مبشرم بە دينی مسيح عليە السلام. وتم: مسيح کێیە؟!

وتی: تعجب ئەکەم تۆ لەپێشا ووتت خوێندومە، ئێستە ئەپرسی مسيح کێيە؟

وتم: بە صفەتی ئەوە کە جەنابت مبشری، ئەبێ خۆت لە هەمو اعتبارێکی من دور بخەیتەوە، کأنە ئامۆژگاری انسانێکی عامی ئەکەی.

وتی: مسيح عليە السلام پێغەمبەرێکی خودا بوە.

وتم: پێغەمبەر بەکێ ئەڵێن؟

وتی: پێغەمبەر انسانێکە خودا بەهۆی فريشتەی مقربی بارەگای خۆی کە جبرائيلە احکامی بۆ رەوانە ئەکا بۆ ئەوە خۆی و هەرکەسێ تابعی ئەبێ بەو أحکامە ڕەفتار بکەن.

وتم: ئەو پێغەمبەرە دەليلی چییە ئەو مبلغی وەحییە، فريشتەیەکی پاکە، جنۆکەیەکی ناپاك نییە؟

وتی: طبعاً بەهۆی وەرگرتنی احکام لەو فريشتە نور و روناکی داخلی دڵی پێغەمبەرەکە ئەبێ، جوان تێئەگا ئەو ذاتە مقدس و معصومە.

وتم: باشە! خۆی حاڵی بو لە وەضعی ئەو فريشتە، بەڵام کە أحکامەکانی گەیاند بە ئادەمیزاد، بە چ دەليلێ ئەوان باوەڕ ئەکەن ئەو ذاتە پێغەمبەرە؟

وتی: هەرکەس بە فطرەتی پاکی خۆيان لە ڕاستی پێغەمبەرەکە ئەگەن (ل/155)ە بەعزێ کەس داوای خەرق العادە ئەکەن لەو پێغەمبەرە، ئەويش بۆيان إظهار ئەکا، بەعزێ کەسيش لەبەر عناد تابعی نابێ. ئەمە وەضعي پێغەمبەران و ئادەمیزادە لە زەمانی کۆنەوە.

وتم: ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام شتێکت عەرز بکەم. وتی: بەڵا.

وتم: طبعاً تۆ اعتراف ئەکەی بەوە کە حضرەتی عيسى لەپاش حضرەتی موسا هاتووە، دينی موسای نسخ کردوەتەوە. وتی: بەڵا.

وتم: بێگومان بە تاریخ بە تواتری أخبار ئەیش زانی كە محمد المصطفی صلی الله علیه وسلم لەپاش عیسی هاتووە، إدعای رسالەتی عامەی كردوە گەلێ معجزەی دەرپریوە بۆ ئادەمیزاد. وتی: بەلاّ.

وتم: بۆچی تۆ قەناعەت ئەكەی بە رسالەتی حضرەتی عیسی و نەسخی دینی موسی بەتواتر، بۆچی قەناعەت ناكەی بە رسالەی حضرەتی محمد نەسخی دینی عیسا؟! ئەگەر ئەڵێیت: عیسی بەیانی خلودی دینی كردوە، بەگوێرەی ئەو كتێبە مقدسە لەلای ئێمەدا هەیە، ئەڵێم لەسەر دەعوای یهود (موسی)یش ادعای خلودی دینی خۆی كردوە، بۆچی ئەبێ ادعای خلودی دینی ئێوە بچێتە سەر، إدعای خلودی دینی موسی نەچێتە سەر!! بۆچی ئەبێ ئەو تەواترە كە إثباتی رسالەتی مسیح ئەكا ببێ بە دەلیل بۆ ئێوە، ئەو تەواترە كە إثباتی رسالەتی محمد المصطفی نەسخی دینی عیسی ئەكا نەبێ بە دەلیل.

زیاد لەمانە. هەرچەن لە تواترا پاش عددی تواتر علمی قطعي كەم و زۆری مخبرین مهم نییە، بەلاّم تۆ خۆت ئەزانی كە أتباعی حضرەتی مسیح چ لە زەمانی خۆیا، چ لە زەمانی پاش خۆی، هەر بێ دەست و بێهێز بون، غالبا رایان ئەكرد بە كەژ و كێوا لە ترسی یهودییەكان، ژمارەیان زیادی نەكرد لە سێ سەد كەسێ، بەلاّم پێغەمبەری ئێمە لەماوەی ژیانی خۆیا تقریباً جزیرة العرب ی هەموو داگیركرد، إسلامی تیا نەشر كرد، كاتێ وەفاتی كرد ژمارەی اصحابی ئەو لە سەد هەزار زیاتر بوون، سەدەها پیاوی وایان تیابو خاوەن ثقافەی دین بو، گەلێكیان قورئانیان لەبەر بو، ئادابی دینەكەیان بەناو عالەمان بلاّو كردەوە.

عەلاوەی ئەمانە معجزەی عیسی علیه السلام هەر لە زەمانی خۆیا بو، لەپاش خۆی ئاثاری نەما، بەلاّم یەكێ لە معجزەكانی پێغەمبەری ئێمە قورئانی معجزە كە بەو فەصاحەت و بەلاغەتەوە ئیعجازی فُصَحای عەرەبی كرد، بەو اسلوب و نەسەقەوە كە لە كەلامی بەشەر ناچێ، بەو اخبارە غەیبیانەوە كە لە باسی زەمانی ڕابوردو زەمانی مستقبل ئەدوێ، بەو تأثیرە ڕۆحییەوە كە هەمو خاوەن وجدانێ وەری ئەگرێ، هەر چۆن وارد بوە، بەو نەوعە دەوامی كردوە و ئەمێنێتەوە.

ئیتر پاش ئەم هەموو دەلیلە بەهێزانە كە اثباتی رسالەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەكا، ئێمە كە كۆمەڵی پەیڕەوانی حضرەتی محمدین، چۆن لە پەیڕەوی ئەو لائەدەین، تابعی یەكێ تر ئەبین، مع العلم ئێمە كە ئوممەتی حضرەتی محمدین ﷺباوەڕمان هەیە بە هەموو پێغەمبەرەكان، بەلاّم ئێوە باوەڕتان هەر بە پێغەمبەرەكەی خۆتان هەیە، كەوابو ئێمە مەسئولیەت ڕومان تێناكات، بەلاّم ئێوە لە ئیمان نەهێنان بە پێغەمبەری ئێمە مسئولن، بناءاً علیه، جناب ئەگەر انصافت ببێ پێویستە هەر لەسەر روناكی ئەو دەلیلانە كە إثباتی رسالەتی حضرەتی مسیح ئەكا باوەڕ بە رسالەتی حضرەتی محمد المصطفی بكەی، لەم خەیالاّتە لادەی، خۆت لە مەسئولیەت ڕزگار بكەی.

كابرا پاش (ل/156) ئەم سؤال و جوابە مات بو، ئەوەندە هاتە جەواب وتی: مع الاسف وەخت كەمە، ماوەی ئەوە نییە كە تول بدەین بە قسەكردن.

ئیتر ئێمەیش هەستاین هاتینەوە بۆ تكیە.

لەم مانگا گەلێ جار لە خزمەتی شێخ بابا رسول، مەلا محمد قزلجی دا ئەرۆیشتینە دەرەوە بۆ ڕابواردن، زۆرتر مەلا محمد مجبوری ئەكرین كە سواری بەلەم بین، بەناو دجلەدا ڕابوێرین، بەڕاستی ئەم سەفەرە لە زۆر ناحیەوە صفابەخش بو، گەلێ شتی وا ئەهاتە پێشەوە كە هۆی خۆشی و پێكەنین بو، بۆ ئەوە ناشێ كە باسی بكەم، من جملە:

ڕۆژێ لەسەر دوكان دانیشتبوین، بەعزێ لەوازمات بكڕین، لەویا ئافرەتێ هات تەكی بە شێخ بابارسول هەڵچنی، ئەویش بە كوردی وتی: خوشكم كچم ئەوە هێشتا تۆزێ دوری لێم، فەرمو بێرە سەر ڕانم دانیشە. ئافرەتەكە هەرچەن لە زمانەكەی حالّی نەبو، بەلاّم لە شێوە قسەكەی گەیشت، جا تۆزێ تەكی دا بەولاوە.

لەپاش جەژنی ڕەمەزان، لەبەر ئەوە مدرسەكانمان ماتڵ بون و من و شێخ بابا رسول اجازەمان لە شێخ وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ كوردستان، كاتی ئەم گەڕانەوەمانە هەژدەی شوبات بو، كە گەیشتینە عەبابەیلێ و بیارە دنیا خۆش بوبو،

بینی بەهار ئەهاتە دەماغی ئینسان و وەنەوشە لە چەمی بیارەدا زۆر بو، ئاوی چەم زۆر بو، بەڕاستی صفای ئەو چەم و دۆڵە، خۆشی هەوای ووڵاتی خۆمان، زۆر بەخێرهاتنەوەی لێكردین:

بژی خاكی وا پاك و خۆش هەوا

خۆشی وا نییە مەگەر لە خەوا[1]

ئیتر چاومان بە دیداری یاران روناك بوەوە، ولله الحمد..[2]

ئیجازە بەخشینی مودەڕڕیس و بیارە[3]

لە ئاخری بەهاری 1351ك–1932ز مەلا محمد زاهدی كوڕی حاجی مەلا صلاح الدین ی پاوەیی كوڕەزای حاجی عوضی مەشهور، خەلیفەی سراج الدین كە لە اساسەوە منسوبی بیارە بوە، زۆر لە پێش زەمانی مندا لەبیارە خوێندبووی، بۆ تحصیلی علم رۆیشتبو بۆ (گەڵاڵە) لە ناحیەی شێن كایەتی لە خزمەتی جەنابی مەلا محمدی رئیس دا خوێندبوی، لەماوەی خوێندنی (تقریب المرام شرح تهذیب الكلام) هاتەوە بۆ بیارە، ماوەیێ لەلای من تهذیبی خوێند، اجازەی وەرگرت.. اجارەنامەكەم خوێندەوە، جبەی كرایە بەر مێزەری لەسەر پێچرا رۆیشتەوە بۆ قصبەی (پاوە)، بە امامەت و تدریس و خطابت لە مزگەوتی گەڕەكی (سەردێ) كە شوێنی قدیمی خۆیان بو دامەزرا ولله الحمد..

هەروا مەلا أسدالله ی طالش كە ئەویش ماوەی دو ساڵێ لای من خوێندی لەگەڵ مەلا عارفی طالش دا.. لە عەینی تاریخی 1351ك لەپاش مەلا محمد زاهد اجازەی وەرگرت، لەگەڵ مەلا عارف دا ڕۆیشتەوە بۆ طالش، مەلا أسدالله تا ئێستە بەردەوامە، خزمەتی علم و دین ئەكا، بەڵام مع الاسف مەلا عارف پاش دوسێ ساڵ لە طالش وەفاتی كرد، رحمە الله تعالی وایانا بمنە.

لەم ساڵا ماڵمان گوێزایەوە بۆ ئەو خانوانە كە شێخ لەپشتی ماڵی باغچەی خۆیەوە دروستی كردبون.

لەساڵی 1352ك–1933ز نوسخەی عقیدەی هەورامیانەی مرحوم مەلا حامدی كاتبی سراج الدین م پێش چاو كەوت، زۆر لام جوان (بو)[4] منیش وەرم گێڕاوە بۆ زمانی كوردی، بە هۆنراوە وەكو أصلەكەی بە عنوانی (إیمان و ئیسلام) تەواوم كرد، ئەم كتێبە لله الحمد چاپ كرا، گەلێ مندالانی كورد زبان إستفادەیان لێ كرد.

لەمانگی رەمەزانی ئەم ساڵا لەسەر زەوقی خۆم كە مەیلم لەسەر ژن هێنان بوو. باسی ئامینە ناوی كچی شێخ عەبدوڕڕەحمانی شەمێرانی كوڕی شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیسی پورزای مەولەوی، خەلیفەی سراج الدینم بیست.

هەر لە ڕەمەزانا لەگەڵ عبید كوڕی حاجی مەلا عبدالله ی شەمێرانی كە هاتبو بۆ بیارە بۆ زیارەت، رۆیشتم بۆ شەمێران، داوای ئەم ژنەم كرد، إجابەیان كرد، هەر لەم سەفەرەدا بەبێ تەفرە مارەیان كرد بووم.

كاتێ هاتمەوە بۆ بیارە، وەچەن رۆژێكی بەسەرا رابورد بیستم كە ناحەز كاری وایان كردوە دڵی ژنەكەیان تێك داوە، نزیكە كە ئیشەكەی من تێك بدەن، منیش رۆیشتمەوە بۆ شەمێران، لە شەمێرانەوە رۆیشتم بۆ دیدەنی سید كاك احمد،

---

[1] لە دەستوسەكەدا نیوەدێڕی دوهەم بەم چەشنە نوسراوە (خۆشی تیا نی یە مەگەر لە خەوا) من پێم وایە وەها راسترە كە من نوسیومە چونكە سیاقەكە سیاقی مدخی تەواوە و بەم چەشنەش لە مەدحی تەواو دەرئەچێ.

[2] مامۆستای مودەرریس لە ل/158 باسی هاتنەوەو شادی قوتابیانی و خۆشی بەهار لەبیارە، بە تایبەت دەنگی خۆشی فەقێیان كە سێ شەممە و جمعان دەچنە دەرو بە چەمی بیارەدا بڵاو دەبنەوەو سەد دەكەنە حەیران. پاشان باسی هاتنەوەی شێخی بیارە و گیرانی بەگزادە و پیاوە گەورەكانی هەورامان و جوانڕۆ و مەریوان و بانە، بە دەستی سوپای پەهلەوی یەوە، بەناوی دەعوەت كردنەوەو وەفاتی زۆرێكیان لەم أسارەتەدای بینینی خەوێك بە شێخ مەحمودی حفید و محمد صالح بەگ.

[3] سەرباسی ئامادەكارە.

[4] وشەی (بو) زیادكراوی ئامادەكارە.

سید محمودی تاوگۆزی، كە خزمی ماڵی شێخ عبدالرحمن بون، لەپاش دو سێ ڕۆژ هاتمەوە بۆ شەمێران، ئیشەكە ئاسان بو، هەر لە شەمێرانەوە نوسیم بۆ بیارە تا مەلا سعیدی مەریوانی كە ئێستە (ل/159) مەلای (ساداوا)یە لە مەریوان لەوكاتا لە بیارەدا طالب العلم بو، ئەو ذاتە أسبابی زەماوەندی لە بیارەوە هێنا بۆم بۆ شەمێران، هەر لە شەمێرانا ژنەكەم گوێزایەوە، لەپاش حەفتەیێ هاتمەوە بۆ بیارە، كە هاتمەوە لەم ماوەدا كە من لەم سەفەری شەمێرانە بوم مامۆستا شێخ حیدر لە بیارەدا وەفاتی كردبو، رحمه الله وطاب ثراه..(ل/162).

دۆزینەوەی عەشیرەتەكەم[1]

زۆر باسم كرد كە من منداڵ بوم، باوكم –رحمه الله– وەفاتی كرد، لەپاشان كەوتمە هاتوچۆی فەقێتی، لەم لاو لەولا مەشغوڵی خوێندن بوم، گرانی و جەنگی یەكەمی جیهانی مەیدانی نەدا كە بە ئارەزوی خۆم هاتوچۆی لای خزم و هۆزی خۆم بكەم، بەڵام ئەوەم بیستبو كە باوكی باوكم فتاح كە لە دێی تكیەی لای خورماڵ وەفاتی كردوەو باوكم لەوێ لەدایك بوە، ئێمە عەشیرەتێكی مناسبمان هەیە، باوكی باوكم لە عەشرەتەكەی خۆی دوركەوتوەتەوە، لە دەوری دێی (كەوڵۆس)ەوە هاتون بۆ تكیە، لەپاش وەفاتی باپیرم لە تكیە گوێزاویانەتەوە بۆ (ڕەشان) لەلای شاری پێنجوێن.

بۆ لێكۆڵینەوە لە خزمەكانم ناردم مەلا محمدی كوڕی دەروێش كریم مەلای دێی (بانی بندول) –كە زوتر لە نەرگسەجارا ماوەیێ لە بیارەدا لەلام ئەی خۆند– هات بۆ لام، ئەو ناوونشانانە خۆم بیستبوم پێم ووت، تێم گەیاند بڕوا لەلای ڕیش سپی دەوری كەوڵۆس هۆزی قازی –كە مەلا محمد خۆی یەكێ بو لە هۆزی قازی– پرسیارم بۆ بكات، كە ئەم قسانەم بۆ كرد، وتی: بێ قەزابێ، باوكم لەپێش وەفاتیا فەرموی پێم كە مەلا كریمی مدرسی بیارە لەگەڵ ئێمەدا (میرات بەیەك ڕەواین) لە ئێمەیە، بە هەرحاڵ لە بەهاری ساڵی 1353ك– 1934ز مەلا محمدم نارد بۆ ناو خزمان لە هۆزی قازی، لە (دۆڵی گەڵاڵ)دا تابعی ناحیەی (بەرزنجە).

ئەویش ڕۆیشت بو بۆ ئەوێ، چاوی كەوتبو بە محمد أمینی سبحان برای فقی عبدالله كە دو ڕیش سپی پیر و قەدیمی و ئاگادار لە أحوالی طائفە بون، نەسەبی خۆیان لە نەتەوەی (حسن مەولان) مشهور بە هۆزی هەسەنی بون، لەوێ پرسیاری وەضعی باپیرەی منی كردبو لەوان، لەویا خاڵۆ محمدأمین لە وەڵاما ووتبوی فتاح وەعزیزی برای ظریفەی خوشكیان باوكیان لە هۆزی قازی دایكیان لە هۆزی هەسەنە، لەناو خزمان دەرچون بۆ دەوری تكیە و تازەدێ لەنزیكی خورماڵ، پاش ماوەیێ كە لەوێ مانەوە ئیتر من بێخەبەر بوم لێیان.

لەم بەیاناتی خاڵۆ محمدأمین قسەی دەروێش كریم باوكی مەلا محمد كە موافقی بیسراوەكەی خۆم بو دڵم قەناعەتی كرد.

جا پاش ئەوە مەلا محمد بەم بەیاناتەوە هاتەوە بۆ بیارە، منیش لەگەڵیا سواربوم ڕۆیشتم بۆ دۆڵی گەڵاڵ بۆ (پەریەرۆ) و (مایندوڵ) چاوم بە عەشرەت كەوت، لەپاش كۆڵینەوەی هەندێ سەرگوزشت و بەڵگە لەیەك ئاشكرابوین، بەڵام تا من ڕۆیشتم بۆ ئەوێ خاڵۆ محمدامین سوبحان وەفاتی كردبو رحمه الله.

لەو دەما لە هۆزی قازی مامەشاوەیس، مامەقادر، محمد جمیل و فتاح و طالب كوڕانی محمد علی، كوێخا شریف كوڕی مامەشاوەیس، مەلا موحەممەدی مەحمود مراد، برایم، صاڵحی كەرەم وەیس، گەلێ پیاوی تر لە (مایندوڵ) بون، لە نەفسی مایندوڵ موحەممەدی جمیل كوڕی خاڵۆ محمدامین، عارف و فارس كوڕانی كاكەحمە كە باوكیان لە هۆزی هەسەن دایكیان (وەنەوش) ناو لە ووردەشاتری بو، وەزاوای مامەشاوەیس بون لە (مایندۆڵ) بون، هەروا لە (پەریەرۆ) كوێخا فەرەجی موحەممەد ئەمین كَیْخَسرەو (ل/163) گەلێ پیاوی ترم چاو پێكەوت، لەدێی (توتاغاچی) موحەممەد عەلی وەیس، لەدێی (كێلەكەوە) عارفی مەلا محمد خان، لە دێی (وەڵەسمت) حمەی صادق كریم ی صادق كە ئەمانە لە هۆزی قازین چاووم

[1] سەرباسی ئامادەكارە.

پێیان كەوت بە خزم ناسراین.

پاش ئەم تاریخە هەمو ساڵ لە بەهارا ئەم خزمانە چەن سوارێكیان لەگەڵ هەردوو مەلا موحەممەددا، یانی مەلا موحەممەدی مەحمود مراد مەلا موحەممەدی دەروێش كەریم، یا هەر مەلا موحەممەدی مەحمود مراد ئەهاتن بۆ دیدەنی من بۆ بیارە، منیش لە بەهارا یا لە پایزا دیدەنی ئەوانم ئەكرد، تا ئێستەش كە گەلێ لەمانە وەفاتیان كردوە، گەلێكیان ماون، حجیان كردوەو لە مایندوڵ دەرچون، لە سید صادق و خانەقەویلە لە پشتی سەرچاوەی سەراوی (سبحان ئاغا) دانیشتون، ئەم رشتەی محبەت و دۆستی خزمایەتیە بەهێزتر دەوام دارتر بووە.

لەو بەهارا كە هاتمەوە بۆ بیارە (عبدالله فتح الله) كە یەكێ لە خزمانی هۆزی قازیە، لەوكاتا پۆلیس بوو لە مەركەزی (پشتە) لەوبەری سیروانەوە نقل كرابو بۆ بیارە، لەگەڵ ئەوانیش ناسراوی كەوتە بەینمان لەیەك ئاشنابووین، والحمدلله.

وەضعی خۆم و یەكەمین خوتبە بە كوردی[1]

لە موسمی پایزا لەم ساڵ شێخ بە یاسای خۆیان تەشریفی ڕۆیشت بۆ شاوەیس و باوەیس بۆ سەر مەرەزە، ماوەی مانگی لەوێ مایەوە وەجا لەو كاتا لەمانگی رەجەب دا ئەم نامەیە نوسی بۆم بۆ بیارە[2] كە هەموو رۆژێكی جمعە مەعنای خطبەی ڕۆژی جمعە بەزمانی كوردی بەیان بكەم بۆ مسلمانان بۆ ئەوە هەمو لە مانای خطبەكان حاڵی بن، منیش لەو تاریخەوە ئەم دەستورەم بەجێ هێنا، جا لەدێی تەوێڵە، خورماڵ، هەڵەبجە، باقی شوێنەكانا ئەم یاسا دامەزرا. (ل/ 168).

لەم ساڵی 1353ك-1934ز لەمانگی جمادی الاولی لەكاتی طلوعی صوبحی جمعە لە دوهەمی مانگا (عالیە) ناوی كچم لە ئامینەی كچی شێخ علی لەدایك بو-خودا بە لوطفی خۆی ئەنجامی خێر بكات- امین.

وە لە زستانی ئەم ساڵ كە هەزار و سێصەد و پەنجا وسێ بو رسالەیێكم لە علم ی منطقدا بە عنوانی (مفتاح) تالیف كرد، ئەم رسالە هەرچەن كورتە، إبتدائییة، بەڵام مضبوط و جوانە، گەلێ طلبە نوسیانەوە و خوێندیان.

هەر لەم ساڵ أسعدی كوڕم.. وەفاتی كرد.. بە واسطەی مردنی أسعدی كوڕمەوە دڵم زۆر مەلول بوو، اشتیاقی دڵم بۆ فاتح-كە برای ئەوبو، ئەویش لەماڵی باپیری بو- زۆر غلبەی كرد لەسەرم، جا لەبەر ئەمە لە ئەوەڵی پایزا قەرارم دا كە بڕۆم بە شوێنی فاتح دا، دەبێ بیهێنمەوە بۆ بیارە، لەلاییكەوە بەڵكو بە چاوپێكەوتنی ئەم دڵم ئارام بگرێ، لەلایەكەوە فاتح عومری گەیشتبو بە دەوری هەشت ساڵ، ویستم وردە (وردە) دەستی پێ بكەم بە خوێندن شتێ بخوێنێ.

لەسەر قەراری پێشو لە پایزا لە تاریخی 1354ك-1935ز دا كەوتمە ڕێگە بۆ (باوەجانی) بەشوێنی فاتح دا، بەتایبەتی لەساڵی 1353ك دا پاش (ل/169) وەفاتی مەلا عبدالله ی باپیری رۆیشتم بەشوێنیا لەبەر منداڵی نەیان دامەوە، ئیتر ئیمساڵ بەجدّی رۆیشتم بەشوێنیا لەماڵی باپیری هێنامەوە.

لەم سەفەرا كەوتمە خەیاڵی ئەوە كە (دولت نامە)ی مەلا خضری روداری كە بەزمانی هەورامیانە نوسیویەتی تەرجمەی بكەم، بەكوردی نظمی بكەم، فعلاً كە لەم سەفەرە هاتمەوە دەستم كرد بە ترجمەی ئەو كتێبە بە عنوانی (إقبال نامە) تەواوم كرد.

هەر لەم ساڵ كتێبی (أساسی سعادەت) بەشێوەی سؤال و جواب بەزمانی كوردی لەباسی أصل و فرعی دینا نوسیم، پاش ئەم كتێبە كتێبی (بارانی رەحمەت) بەزمانی كوردی هۆنیمەوە، لەنزیكی چوار هەزار و كسور شیعرا، تەواوم كرد،

---

[1] سەرباسی ئامادەكارە.

[2] ل/168 نامەكەی تێدایە.

ئەم سێ كتێبە هەرسێكیان چاپ كراون.. (ل/170)[1]

لەساڵی 1354ك و 1355 دا قەرەباڵغی طلبە لەبیارەدا زۆر بو، گەلێ لەوان مستعد و خاوەن قابلیەت بون، شێخ زۆر احترامی دەگرتن حەتا لەبەر دەنگ و غەوغایان جارێ صۆفیەكانی خانەقا شكاتیان لەلا شێخ كرد، كە ئێمە لەبەر دەنگی طلبە، مەشغولیمان بۆ ناكرێ. شێخ بەرامبەر بەم شكاتە ئەوەندەی فەرمو: كە من طلبەكانم منظورترە، چونكی ئەبن بە مەلا نەشری دین ئەكەن، كەوابێ هەركەس لە ئەهلی خانقا بەدەنگی فەقێ مشغوڵی لێ تێك ئەچێ كەیفی خۆیەتی دائەنیشێ دابنیشێ، ئەڕوا بڕوا.

ئەم إعلانی شێخە زۆر تأثیری كرد، زۆر حورمەتی دا بە طلبەی علم، لەپاشا كەس معارضەی طلبەی نەدەكرد، لە عەینی حالا ئەم طلبانەیش مساعدەی صۆفیەكانیان ئەكرد، لەبەر ناچاری نەبوایێ، كاری وایان نەدەكرد ئەوان عاجز بن.

لەهاوینی ئەم دو ساڵانە طلبەی مدرسەو خانقا عددیان لە صد كەس نزیك ئەبووەوە، شێخ قەراری دابو عمری چەن ساڵ بێ، لەسەر ژمارەی ساڵی عمری طلبە لە مدرسەدا ڕابگرێ، بێجگە لەو طلبانەیش كە لە خانقادا دائەنیشتن، بەنان و شۆربای خانەقا قەناعەتیان ئەكرد، بۆ ئەوە دەرسیان دەسكەوێ، لە واقعا خوێندنی باشیان دەست ئەكەوت، چونكی هەمیشە مستعدی باش لە مدرسەدا زۆر بون، ئەم مستعدانە هەریەكێ عددێ لە سوختەكانیان بۆ دەرس پێ ووتن چاودێری ئەكرد.

لەساڵی 1355ك-1936ز. دا حاجی ئیسماعیل ناوێ لە میصرەوە هات ماوەی سێ مانگ لە بیارەدا مایەوە ئێمەش بۆ ئەوە ئەو هەلە لەدەست دەرنەچێ، طلبەكانمان هەموو ڕۆژێ بە حلقە حاضر ئەكرد تا تەواو قورئانیان بە تجوید لە خزمەت حاجی ئیسماعیلدا خوێند.

لەڕۆژی خەتمی قورئانی پیرۆزا شێخ لەبەرهەیوانی مەرقەدا حاضر بو، زۆر لە ئەهلی خانەقا، مامۆستا بهاءالدین منیش حاضر بوین، بەڕاستی بەرەكەتی ئەو مجلسە ئەوەندە زۆر بو هەمو كەس دەركی ئەكرد، ڕۆژێكی دیاری بو لە ڕۆژانی حەیاتمانا بۆ پیرۆزی و خۆشی.

لەزستانی 1355ك-1937ز مەلا موحەممەدی مامۆستا مەلا بهاءالدین لە خزمەتی شێخ بابا ڕەسوڵدا هاتن بۆ بیارە، بۆ ئەوە كە لە بیارە إجازەی پێ بدا، لەو وەختا منیش ئەمویست إجازە بە جەنابی سید حسام الدینی مكریانی بدەم لەبەر ئەوە كە ئەمان ویست مەلا محمد ببێ بە مەلای دێ‌ی

بیارە، هەموو ڕۆیشتین بۆ مزگەوتی بیارە، لەپاش عصر لەیەك مجلس دا لە مزگەوت شێخ بابا رسول إجازەی مەلامحمدی خۆندەوە، منیش اجازەی سید حسام الدین م خوێندەوە، جبە و عەمامەیان پۆشی (ل/173).. لە آخری بەهارا إجازەم دا بە سید بهاءالدین برازای سید محمد صادق خورخوڕەیی شاعری مەشهور متخلص بە (هەیبەت)..

وە لە پایزی 1356ك-1937ز مەلا خدر خەڵكی (ئاڵوت) لەناحیەی ئالان إجازەی وەرگرت، ڕۆیشتەوە بۆ ووڵاتی خۆی، ئەم ذاتە زۆر صالح خاوەن تقوی بو.

وە هەر لە آخری ئەم ساڵەدا، مەلا شێخ احمدی خەڵكی (واشەمزین) تابعی سەردەشت إجازەی وەرگرت، ڕۆیشتەوە، ئەم ذاتە برازای مەلا عمر واشەمزینی بو، ئەم دوو ذاتە یەكی ماوەی دوو ساڵ لە بیارە مانەوە، مع الاسف هەردوكیان بەجوانی متوفی بون-إنا لله وانا الیه راجعون-

لەم ساڵی 1356ك-1937ز بو كە كتێبی (شمشیركاری) بر فرق نسیمی رستگاری)م بەزمانی فارسی تالیف كرد، ئەم كتێبە لە ڕەددی شێخ محمد مردوخ مشهور بە آیت الله خەڵكی (سنە) تالیف كرا، چونكە بە عنوانی (نسیم رستگاری) رسالەیێكی تالیف كرد بو لە ڕەددی تقلید وإجتهادا، كە كتێبەكە بڵاو بووەوە، منیش بە عنوانی سابق ڕەددم كردەوە.

---

[1] نامی باسی وەفاتی خێزانی شێخ عمر ابن القرداغی دەكا و سێ نامەی ئەوی هێناوەو باسی ژن خواستنی نوێ و وەفاتی شێخ عمر دەكا و بەم شعرە غەمی خۆی دەرئەبڕێ: طالبان غومبار، دنیای بەجێ هێشت، فریشتەی دڵ شاد كە چو بۆ بەهەشت.. پاشان باسی ئەوە دەكات كە لەم ئافرەتە كوڕێك لەدایك بو، لەسەر وەصیەتی شێخ ناونرا (بابەعەلی) و پاش تمیز وەبەر خوێندن نراو موفق بووەو بوەتە مەلای مزگەوتی بن تەبەق.. بنواڕە (ل/170- 172).

لەساڵی 1938ز تا 1950ز[1]

لەمانگی محرم ساڵی 1357ك-1938ز محمد نجیب لە آمنەی كچی شێخ عبدالرحمن لە بیارەدا لە مەوسمی بەهارا لەدایك بو، خوا موفق و عاقیەت خێری بكات.

لەم ساڵی 1357ك-1938ز مەلا محمود وەیسەیی، مەلا علی جوانڕۆیی، شێخ عمر عزی خەڵكی (دیر الزور) لە سوریا، ئەمانە إجازەیان وەرگرت.. (ل/175).

هەر لەم ساڵا شێخ محمد مەردوخ بە عنوانی (جان نما) كتێبێكی نوسی بلاوی كردەوە، گەڵێ شتی پروپوچی اعتقادی تیانوسی بو، منیش بەزمانی فارسی بە عنوانی (شهابی سما) در رجم جن جا نما، كتێبێكم لە ڕەدیا نوسی، بەڵام لەبەرئەوە شێخ محمد تۆزێ... شۆرەتی... دامردەوە، من نەم ویست كتێبەكەم چاپ بكەم.

پاش ئەمە بە عنوانی (یزدان و إهریمن) رسالەیێكی منظومەی نوسی لە محاكمەی خوای تعالی لەگەڵ شەیتان، لەم رسالەدا زۆر شتی بێ معنی و خراپی نوسی بو، منیش بە عنوانی (فیوضاتی خدای ذي من) رسالەییێكم بەفارسی لە ردّی ئەو رسالەی ئەوا نظم كرد، ئەمەیش چاپ نەكراوە.. (ل/177)

لە ساڵی 1358ك-1939ز مەلا محسن ئەڵمانەیی و مەلا سعیدی بالكی ئیجازەیان وەرگرت...

لەساڵی 1358ك-1939ز) دا كتێبی (ئاوی حەیات)م بەنثری كوردی نوسی لە تەرجمەی ئەحواڵی ئەو پێغەمبەرانە كە لە قرآنا ناویان هەیە، دواییم هێناوە بە باسی عشرەی مبشرە، أئمەی أربعەی مجتهدین رضي الله عنهم أجمعین، ئەم كتێبە لله الحمد چاپ كراوە، گەڵێ محسن إستفادەیان لێكردوە.

لەساڵی 1359ك-1940ز[2]دا كتێبی (چل چرای ئیسلام)م نوسی، ئەم كتێبە كوردیە، نثرە، شەرحی چل حدیثە لە أحادیثی حضرەت صلی الله علیه وسلم.

هەر لە ساڵی 1359 ك دا مەلا محمد أمین ی موكریانی، شێخ محمدی كوڕی شێخ معروفی نەرگسەجاڕی إجازەیان وەرگرت (ل/178).

لەساڵی 1360ك-1941ز لە شەوی یەك شەممەی بیست و سێ ی مانگی محرم لەكاتی بەهارا صلاح الدین لەدایك بو، لەخوای أرحم الراحمین داوا ئەكەم كە بە فەضلی خۆی موفقی بكات ئەنجامی بەخێر بێنێ.

هەر لەم ساڵا بوو كە مەلا مجیدی كانی ساردی وارماوایی إجازەی وەرگرت، هەر لەم ساڵا مەلا قادری كوڕی أحمەدی فتاح هارونی خەڵكی پیوان، مەلا أحمدی كوڕی صوفی محمودی كوێرەكی إجازەیان وەرگرت.

هەر لەم ساڵا لە امنەی كچی شێخ عبدالرحمان كوڕێكمان بو، ناومان نا جلال، زۆر جوان بو، بەڵام پاش چل رۆژی وەفاتی كرد، لەخسنی پشتی مامۆستا شێخ حیدرەوە لە ملگای چنارا دەفن مان كرد.

لەساڵی 1361ك-1942ز لە مانگی شەهرەوەری فارس دا، لە ئەنجامی جەنگی دووەمی عالەمی وەزعی رەضاشای بەهلەوی تێك چو، پیاوە كوردە دیلەكان-ئەوەیان مابون- هاتنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

لە بەهاری ئەمساڵا لەگەڵ فاتحی كوڕما رۆیشتم بۆ دیدەنی رابعەی خوشكم لە (دوروە)، لەوێوە رۆیشتم بۆ (ئەڵمانە) بۆ دیدەنی حاجی سید باباشێخ، بۆ (چور) بۆ دیدەنی سید عابدین، لەوێوە دیدەنی (ملا باقر)م كرد لە (بالك)دا، لەگەڵ ئەوا رۆیشتم بۆ دیدەنی محمد سعید بگ ی فتاح بگ، مناڵەكانی محمد صالح بگ ی برای، لەگەڵ ئەوان رۆیشتم بۆ دیدەنی محمود خانی كانی سانان كە لە (قەڵا)دا بو، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ (بالك) دووشەو لە (بالك) بوم، جا گەڕامەوە بۆ بیارە.

---

[1] سەرباسی ئامادەكارە.

[2] مامۆستای مدرس ئەم تاریخەی بە (49ك) نوسیوە، دوای لێكۆڵینەوەو بە سیاقی نوسینەكە لام معلوم بو كە (59)یە، نەك (49).

ئەم سەفەرە زۆر خۆش خاوەن صفا بو بەتایبەتی ئەو شەوانە لە (بالك) دا بوم، گۆرانی وێژی دەنگ خۆش گۆرانیا ن ئەوت زۆر تأثیریان ئەكردە دڵی ئینسان، زەمانی قدیمی صوحبەت ی ڕەفیقان ی ئەخستەوە بیری انسان..(ل/180).

هەر لەساڵی 1361ك-1942ز مەلا علی كوێرەكی، مەلا محمودی كانی بەردینەتی إجازەیان وەرگرت، مەلا علی ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ كویرەك، مەلا محمود ڕۆیشت بۆ دێی (عَنَب) لەوێ بویە امام و مدرس تا ئێستە لله الحمد ماوە موفقە لەسەر خزمەتی دین[1].

هەر لەساڵی 1361ك دا لە ئامینەی كچی شێخ عبدالرحمن كوڕێكمان بو ناومان نا بە عبدالقادر، لە قضاو قدر لە بیستی مانگی ربیع الثانيدا فراق كەوتە بەینمان تەلاقم دا، كوڕەكەی بەجێ هێشت، لەلای دایەن لە بیارە وەفاتی كرد، لەگەڵ باقی مناڵەكانا لەخسنی پشتی قەبری مامۆستا شێخ حیدرەوە دەفنمان كرد .

لە غەمی فراقی ئەم عائلەما، پەرێشانی حاڵی خۆما ئەم شعرەم لە پشتی رسالەی حسابەكەمەوە نوسی:

میل كردم كە غم دهم برباد

باد گفتا غم تو سنگین است

وە لە ساڵی 1362ك-1943ز دا مەلا فتاحی شاتری، مەلا صالحی كوڕی سۆق عەبدولقادری صۆق خودا بەخشی ژاڵە ناوی (وەلی) إجازەیان وەرگرت...

هەر لەم ساڵا بە عنوانی (نامەی حقیقت) كتێبێكی كوردی م بە نظم تألیف كرد لە باسی گەلێ مسائلی مشكلەی دین، بەشێوەی پرسیار و وەڵا م دانراوە، ئەم كتێبە دەوری دو هەزار شیعرە و تائێستە چاپ نەكراوە.

لەساڵی 1361ك-1944ز دا فصلی بەهار شەوی شەممە سەعات نۆی عەرەبی (عطیة)ی كچم لەدایك بو خودا عاقبەتی خێر بكات.

وە لەم ساڵا كتێبی (باغچەی معرفت) بە نثر و نظم لە باسی خوڕەوشتی بەرزا نوسیم، هەر لەم ساڵا شرحی (تصریفی زنجانی) بەكوردی نوسیم، هەر لەم ساڵا رسالەی (العلمان في علمین) لە باسی وضع و استعارەدا تألیفم كرد.

وە لەساڵی 1363ك دا مەلا صدیقی كوڕی خلیفە مەلا رحیم ی هەوشاری إجازەی وەرگرت ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

لە مانگی مەولودا شێخ بابارسول مدرس عەبابەیلێ، سەرگەورەی مەلایانی قضای هەڵەبجە لە عەبابەیلێدا وەفاتی كرد، بە وەفاتی ئەم ذاتە وەكو ڕۆژ ئاوابێ یا لە هەورێكی ڕەشا ون ببێ، وەها وەضعی مەلایان لە قەزای هەڵەبجەدا تێك چو ڕۆژیان ڕەش بو، ڕشتەی هۆنراوەی مەلایانە كە بابارسول امامی بو بچڕایەوە.. دنیای هەموو لایێ گۆڕا، سبحان من یغیر ولا یتغیر...(ل/181).

لەساڵی 1364ك-1945ز مەلا سعیدی گڵەجاڵی، إجازەی وەرگرت.. لەپاش وەفاتی شێخ بابارسول بە موددەتی چەند مانگێ مەلا مەجیدی وەلد بەگی هات بۆ بیارە رسالەی حسابی بهاءالدینی عاملی خوێند، إجازەی وەرگرت.

لەساڵی 1367ك-1946ز چەند مانگێ فاتح محمدی كوڕم لە بیارەوە ڕۆیشتن بۆ عەبابەیلێ، لە خزمەتی مەلا حسن ی عەبابەیلێدا خوێندیان، لەپاشان هاتنەوە بۆ بیارە، لەساڵی 1368ك-1947ز فاطمەی كچی شێخ محمدی شێخ علی خەزورم مارەكرد بۆ فاتحی كوڕم، مەلا و فەقێی قەزای هەڵەبجە هەمو هاتن بۆ شادی، زۆر خۆش زەماوەندەكە تەواو بوو، فاتح لەم فاطمە ناوە دوو كچی بو، نافعە و نعیمە، هەردو بەشوێن یەكا وەفاتیان كرد، جا فاطمەی دایكیشیان وەفاتی كرد، رحمها الله، وەفاتی فاطمە 1370ك دابو.. (ل/182).

لەساڵی 1368ك-1948ز دا مەلا محمدی كوڕی مەلا احمدی هەوشاری مەلا محمد امین ی بانەیی، مەلا عبدالقادری خۆشناوی یەك لەدوای یەك إجازەیان وەرگرت.

هەر لە ساڵی 1368ك-1949ز دا مامۆستا مەلا بهاءالدین.. لە مانگی شعبان متوفی بو، رحمە الله وطاب ثراه.

---

[1] مەبەستی كاتی نوسینی ئەم پەرتوكەیە كە لەساڵی شەستەكاندا نوسراوە.

لەساڵی 1369ك- 1949ز دا مەلا عزیزی پریس کە لە طائفەی هۆزی هەسەنە.. وەفاتی کرد رحمه الله وطاب ثراه.

بە وەفاتی ئەم ذاتەیش ئەو تۆزە خۆشییە اجتماعیە کە لەناو مەلایانی قەزای هەڵەبجەدا مابو ئەویش روی کردە نەمان، بەڵکو بالفعل نەما.

وە بە وەفاتی مامۆستا مەلا بهاءالدین وەزعی خانەقای بیارەیش روی کردە ضعیفی، چونکە پیاوێکی وەك ئەو کە لە اموری ختم و تهلیلەدا سەرامەد بێ نەما، رۆژ بەرۆژ وەضع بەرەو تاریکی ئەڕۆیشت، انا الله وانا الیه راجعون.

لەساڵی 1370ك-1950ز دا شێخ نجم الدین کوڕی شێخ عبدالقادر ی حەوتاشی کە لە نەتەوەی خلیفە روستەمی حەوتاشین، منسوبی بیارە بو، لە بیارەدا ئەی خوێند تەواوی کرد، إجازەی وەرگرت رۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەمە اخر طالب علم بو کە لە بیارەدا إجازەی لەلای من وەرگرت.

دەورێ بو دیمان بەدیمەن بەهەشت
وێنەی گوڵزار بو کێو و سارا و دەشت
لەلایێ شنۆی نەسیمی سەحەر
لەلایێ شێوەی دۆستانی دڵبەر[1]
بابا رسوڵ و شێخ عبدالکریم
مەلا عبدالله عابدی سلیم
مەلا عزیز و مەلا شێخ شێخ عمر
مەلا شێخ رسول زانای مُنوّر
لەگەڵ یارانا لە دەستە و بەستە
ئەبون بە دەرمان بۆ دڵی خەستە
کاتێ بۆ دیدەن گرد ئەبونەوە
بە صەفای سینەی خۆش نمونەوە
ئەت ووت کۆمەڵێ لە فریشتەکان
هاتون بە ئەمری خودای لامەکان
کۆیان بە وێنەی ئەستێرەی کۆبو
بۆیان بە وێنەی عەطری شەوبۆ بو
رویان بەدیمەن بە وێنەی گوڵ بو
بۆیان شەونمی لاپەڕەی دڵ بو
ووتاریان باسی وحی خدا بو
ڕەفتاریان شێوەی رسول الله بو
نمونەی چرای رێی عنایەت بون
وێنەی ئەستێرەی رێی هیدایەت بون
کاتێ لە حوجرەی مدرسەی ضیا
ئەکەوتنە صوحبەت وێنەی ئەصفیا
مجلس پڕ ئەبو لە ذەوق و مەعنا

[1] نامی لێرەدا هێمایەکی کردوەو ئەم شەش بەیتەی دوایی نوسیوە ل:183.

جلیسیان بەدڵ ئەیووت سمعنا
لەلایێ باسی عەقڵ و علم و دین
لە لایێ خوڵك و ڕەوشتی شیرین
جێ جێ لە باسی یارانی سەربەست
جێ جێ لە باسی دڵبەری چاومەست
جارجار هەر نوكتە و گەپ و مەزاح بو
باسی عوشرەتی مەسا و صەباح بو(ل/183)
سالاّ بە وێنەی ساتێ بو لەلات
لەدڵ دەر ئەچو ئێشی مشكلات
باسی شەرابی قورئانی عظیم
لا فیها غول (تا) ولا تأثیم
وێنەی شەرابی حُبی یارانە
نیم نیگای چاوی چاو بیمارانە
ئاخ ئەم یارانەم نەئەدی بەچاو
نە بە بێداری نە بەكاتی خاو
یا بەر لە یاران ڕێم ئەگرتە بەر
بێ سۆزی سینە و بێ جەفای جگەر
ئێستەیش كە قەزا عەكسی مرادە
(نامی) بەیادی یارانی شادە[1]

... مردنی هەركام لەم مەلایانی قەزای هەڵەبجە، وەیا نەمانی هەركام لەم شەخصانە كە لە بیارەدا موظف بون، ئەبو بەهۆی پەرێشانی تێك چونی ئیش و كاری بیارە، لەسەر ئەم ئەساسە بە وەفاتی شێخ عبدالكریم ی احمد بڕندە زیانێكی گەورە كەوت لە ڕشتەی علمای قەزای هەڵەبجە، بەتایبەتی بە وەفاتی شێخ بابا رسول وضعی علمای هەڵەبجە، وەضعی بیارەیش روی كردە انحطاط، لەم لایشەوە بەهۆی هەنێ ئەسبابی دڵگرانیووە لەپاش وەفاتی بابارەسول، بەتایبەتی لە ساڵی 1364ك–1944ز دا سید مظهری كاتبی شێخ كە وەكو دەستی ڕاستی بو دڵی لە بیارە هەڵكەنرا، كەوتە محاوەلەی دەرچون لە بیارە، بە عەلاوەی ئەوە رۆژ بەرۆژ ووردە وەزعی عائلەوی بیارە، پیربونی شێخی بیارە، زۆر هێنانی ضعیفی كز بونی حواسی گوێچكە و چاو و صحەتی بەدەنی، وەختە بڵێم هەر بەناو بیارەی هێشتبووەوە .

وە لەو سەردەما نەخۆشی سڕبونی أعضا، ناساغی فقر الدم شێخ عثمانی كوڕی شێخی داگیر كرد، زۆر وەخت بیارەی بەجێ ئەهێشت بەهۆی تداوییەوە ئەچو بۆ كركوك بغدا..

لەبەر عەینی أسباب وەضعی مدرسەی بیارەش تێك چو، زۆر سەرزەنشتی شێخ ئەكرا كە ئێمە قەرزار و بێدەستین ئەوندە طلبەمان بۆچییە، ژمارەی فەقێ لە پایەی شەست و حەفتاوە هاتە خوارەوە بۆ دەو دوازدە، ئەویش هەر بەجوانی تماشا نەئەكران، وەتا لەم دوازدەیە نەڕۆیشتایە، فەقێیەكی تر راگیر نەدەكرا، مع العلم ئەوسا (لاردّ) و (لاعدّ) بو، منیش

---

[1] لەدوای ئەم شعرانە نامی دەس دەكات بە باسی زانایانی هاوچەرخی خۆی و سەرگوزشتەی مەلایانی قەزای هەڵەبجە دەنوسێ و بەسەرهاتی شێخ مصطفیی مفتی هەڵەبجە و شێخ عبدالكریمی احمد برندە و شێخ بابا رسولی بیدەنی و شێخ عبداللطیفی قازی هەڵەبجە و مەلا محمد سعیدی عەبابەیلێ و مەلا عزیزی پریس و مەلا عابدی عەبابەیلێ و مەلا حەسەنی عەبابەیلێ و مەلا عبداللە ی دەرە شیش و مەلا محمدی عەدلەخان و مەلا محمدی كوڕی مامۆستا مەلا عبداللە و مەلا عبداللە ی باڵەكی و... دەهۆنێتەوەو هێندەی تر كتێبەكەی پێ دەوڵەمەند دەكات و ل/184–202ی پێدەڕازێنێتەوە .

هەروا وەضعی خۆم تێك چو، ئەم ویست هەڵێ هەڵ كەوێ دەرچم، بەڵام پیری شێخ مانع بو لەوە كە دڵی متأثر بكەم، إقدامم نەئەكرد، بەڵام سید مظهر و سید نظام لە 1365ك باریان كرد، بە هەرحاڵ مامەوە..

لەلایەكەوە شێخی بیارە پیر و ضعیف الحواس بو، رۆژ بەرۆژ صحەتی انحطاطی ئەكرد، لە امكانیا نەما وەكو سابقی خۆی تماشای وضعی خانقا و مدرسە و متعلقین بكا، لەلایەكەوە ووردە ئەولاد گەورە بوبون، مەشرەبیان مخالفی مشرەبی قدیم بو، استیلای پیری شێخیان كردبو، بە ئارەزوی خۆیان ئەیانویست رەفتار بكەن.

دەرچونم لە بیارە[1]

تا لەبەهاری 1370ك-1951ز لە مانگی رجب دا سۆی تفاهم لەناوبەینی زاهدی كوڕی شێخ و منداڵەكانی منیشا پەیدا بو، لەوكاتا شێخ عثمان لە بیارە نەبو، رۆیشتبو بۆ ناحیەی جوانڕۆ، ترسم پەیداكرد ئەگەر ئەو وەزعە دەوام بكا، من لە بیارە دەوام بكەم ممكنە فیتنەیێ پەیدا ببێ، لەسەر ئەم أساسە بڕیارم دا كە لە بیارە بگوێزمەوە، فعلا منداڵەكانم لەو ماڵا كە خۆم تیابوم زۆر زحمتم تیایا كێشابو، بەجێم هێشت، لەسەر (بورج) كە لەو رۆژا بەدەستی كوڕانی ئەفراسیاو بەگەوە بو، دو هۆدەم وەرگرت منداڵەكانم تیایانا دانا، خۆم حاضر كرد بۆ نقڵ كردن (ل/204).

كاتێ شێخ لەسەر ئەم وەزعە خەبەردار بو ناردی بە شوێنما گەڵێ فەرمایشتی فەرمو، كە فَكّی ئەو إرادە بكەمەوە، بەڵام لەبەر ئەوە كە من ئەمزانی شێخ اختیاری لەدەستا نەماوە، ئیمڕۆ یا سبەینێ قابیلە ئاشوبێ پەیدا ببێ، بۆ خۆپاراستن لە ئاشوب لەسەر إرادەی خۆم دەوامم كرد.

وە رۆژی دوو شەممە بیست و پێنجی مانگی رجب ی 1370ك-1951ز لە بیارە دەرچوم بۆ هەڵەبجە، دوو شەو لە هەڵەبجە مامەوە، رۆژی پێنج شەممەی 26/ رجب لە هەڵەبجەوە رۆیشتم بۆ سلێمانی، لە مزگەوتی حاجی شێخ امین ی خاڵ بوم بە میوانی شێخ محمدی خاڵ قاضی سلێمانی.

مع العلم لەوكاتا لە هەڵەبجەدا بوم شێخ (حاجی فەرەجی صوڤی سعید) كە منسوبێ بو، بیارەیی بو ناردی بە شوێنما بۆ هەڵەبجە، بەڵام لەبەر عەینی اسبابی پێشوو نەگەڕامەوە بۆ بیارە.

پاش چەند رۆژێ لە سلێمانییەوە كەوتمە رێگە بۆ بغدا، بۆ ئەوە كە لەگەڵ مدیری ئەوقافی عام ملاقات بكەم، ئەو جوزئی معاشە كە لەسەر وظیفەی خطابت لە بیارەدا وەرم ئەگرت بمدەنێ، لەلایەكیشەوە جهەتی تدریس لە مزگەوتی (حاجی أحان) شاغر بو، ویستم كە سعی بكەم إعلانی شغوری بكەن، داخڵی إمتحان ببم بۆی، بەڵكو ئەو جهەتەیشم دەست بكەوێ، لە سلێمانیدا دامەزرێم.

كە لە سلێمانی یەوە گەیشتمە كەركوك رۆیشتم چاوم كەوت بە متصرفی كركوك شێخ مصطفی قەرەداغی كە ناسراوی سابقم بو، ئەویش كاغەزێكی نوسی بۆم بۆ لای موسی شاكر كە لەو رۆژا مدیری ئەوقافی عام بو، فعلاً هاتم بۆ بغدا، ملاقاتی مدیری عامم كرد، ملاقاتی عیسی عبدالقادرم كرد، لە مقصودەكانما ناجـــح بوم، هەم مەعاشەكەم بۆ قەرار درا لە هەر لایێ ببم، چونكە ذاتی بوو، ئیعلانی شعوری جهەتی تدریسی مزگەوتی (حاجی أحان)یش كرا، گەڕامەوە بۆ سلێمانی پاش چەند رۆژێ داخلی امتحانی تدریسی مزگەوتی حاجی حان بوم، ناجح بوم، لە لایەنی هیئەتی علمیەوە ئەوراقی امتحانەكەم نێررا بۆ بغدا تا لە مانگی شوالی ساڵی 1370ك دا مصادفی مانگی تموزی 1951 میلادی ئیرادەنامەی تدریسم گەیشتە سلێمانی، قاضی شێخ محمد احتفالێكی بەرزی پێك هێنا لە أشرافی سلێمانی علما شەربەت خۆری كرا، لەسەر وەظیفەی تدریس لە مزگەوتی (حاجی أحان) دامەزرام، لەم ماوەدا كە دو مانگ و چەند رۆژێ بو هەر میوانی قاضی شێخ محمد بوم لەلایەنی خۆیو براكانیەوە: شێخ احمد شێخ مصطفی زۆر خزمەتم كرا، جزاهم الله عنا بفضله

[1] سەربابی ئامادەكارە.

آمین..(ل/205)

لەم ماوەدا كە من لە شاری سلێمانیدا چاوەڕێی دەرچونی ئەمری تدریسەكەم ئەكرد شێخ عثمانی كوڕی شێخ گەیشتەوە بیارە، لە گوێزانەوەی من زۆر پەرێشان بوبو، لەلایەنی خۆیەوە لەلایەنی شێخی بیارەوە مەلا طاهری خادمی مەرقەدیان نارد بۆ سلێمانی، نامەیان بۆ شێخ محمدی قازی، مەلا محمودی مفتی، حاجی فقێ محمدی شالی، بۆ خۆم نوسی بو كە بگەڕێمەوە بۆ بیارە، بەلاّم من لەبەر ئەوە شارەزای وەضعی بیارە بوم، ئەم زانی شێخ حواسی نەماوە، ئەگەر بشڕۆمەوە هەر لە رۆژێكا مجبوری نقلّ ئەبم عوزرم هێناوە، بڕیارم دا كە نەگەڕێمەوە.

خودا شاهدی حالّە من لە بیارەدا بە دلّێكی پاك بە إخلاصەوە خزمەتی ئەو مدرسە و مقامەم ئەكرد، چاوم لە دنیاوە نەبوە، دلّم ئەوەندە بەسرابوو بە بیارەوە، نەم ئەتوانی بۆ سەفەری عادەتیش ناچاری نەبێ بیارە بەجێ بێلّم، لەو ماوەدا كە لەو شوێنە پیرۆزا تدریس و خطابتم ئەكرد، چەن جار لە چەن لاوە داوای ئەوە ئەكرا لە من كە بیارە بەجێ بیلّم، من ئەبەدەن دلّم بڕوای نەئەدا بۆ خەزێنەی دنیا تەركی بیارە بكەم، ئەو مدرەسە و مقامە بەجێی بێلّم، تا بەناچاری مجبور بوم (وكان أمر الله قدراً مقدوراً)..[1].

وە هەروەكو من بە فراقی شێخی بیارە زویر بوم، شێخ لەمن زیاتر لە فراقی من متأثر بو، حەتا بیستم پاش ئەوە كە بەتەواوی زانی بەوە كە من لە بیارە دەرچوم گریابو، قەدرێ فرمێسكی بەچاوا داڕژاندبو، فەرموبو، تەنیا مەلا كریم مابو لەوانە كە من دلّم پێیان خۆش بو، وا ئەویشتان عاجز كرد، ئەویش دوركەوتەوە لێم.

[1] مودەرریس باسی چەند كەس و جهەتی دەنوسێ كە داوایان لێكردوە بچێتە ئەوێ و بیارە بەجێ بهێلاّ و دنیایان زۆر خستۆتە پێش، وەلێ بەهیچ چەشنێ قبولّی نەكردوە.

شاد بونەوە بەدیداری شێخ[1]

پاش هاتنی سلێمانیم لەساڵی دواییدا بۆ مەسئەلەی دەفعی نزاعی مەلاكانی هەڵەبجە لەسەر تێكدانی حوجرەكانی مزگەوتی جامیعە، بە اقتراحی حسن فهمی بەگ لەگەڵ مەلا محمودی مفتی، مەلا ڕەحیمی پەرخیدا هاتین بۆ هەڵەبجە، لەپاش ئەوە كە تۆزێ تۆزی مەلال لەناوا دەرچو، شێخ عثمانی كوڕی شێخ كە لە بیارەوە هاتبو بۆ هەڵەبجە حاضری ئەو مەجلسە بو، وتبووی بە حسن بگ كە بەمن بڵێت بڕۆین بۆ بیارە بۆ زیارەتی شێخ، حسن بگ وتی پێم، منیش قبوڵم كرد، لە خزمەتی مەلا محمودی مفتی، گەڵێ لە مەلاكان ڕۆیشتین بۆ بیارە، كاتێ بەخزمەتی شێخ گەیشتین وەك گوڵ گەشایەوە، ئەو ماوە كە لە خزمەتیا بوین زۆر دڵشاد مسرور بو، كاتێ خوا حافظی‌مان كرد، فەرموی: بەو شەرعە إجازەت ئەدەم پاش ماوەیێ تر بێیتەوە، چەند ڕۆژێ لەلام دانیشی بۆ ئەوە كە تاسەم بشكێ لە چاوپێكەوتنت، مەبەسم ئەمەیە لەم فراقا نە من لەشێخ عاجز بوم، نە شێخ لە من عاجز بوە، بەڵكو شتێ بوو لەسەر قەزاوقەدەر -سبحان من لا مردّ لقضائە-.

دڵا بەشەوقی یاران بیمار بێ
نابی لە زەوقی ژاران بێزار بێ
ئیمانی نی یە ئەو بێ پەیمانە
لە ئازاری دۆست دەم بە هاوار بێ
دڵ نێچیرێكە بەتاو ڕائەكا
بەرەو ڕوی صەیاد كاتێ زامار بێ
بول بول كە بەدڵ گیرۆدەی گوڵە
ئالودەی باخە گوڵ بێ یا خار بێ
یاخوا ئەو خامە دۆستی نەنوسێ
بەتیغی جەفا هەر گرفتار بێ
یاخوا ئەو نامەی دۆستی تیا نەبێ
بەدەستی مەینەت لەتار لەتار بێ
ئەو كامەی لەسەر كامی دۆست نەبێ
یاخوا لەسەر دڵ بەژاری مار بێ
ڕۆژی ڕەستاخێز باش دیاری ئەدا
ئەوەی كوژراوی دیداری یار بێ
ئەو شەرتەی كردم لەگەڵ دۆستانم
هەتا قیامەت با بەرقەرار بێ
مژدەم لەسەرای غەیبەوە بۆ هات
با نامی حەشری لەگەڵ دڵدار بێ

***

ئەی دڵ هەتا تۆ بە جۆشی و تاوی
لە كورەی عەشقا بۆخۆت سوتاوێ
بزانە بە حەق خەلیلی خودای

[1] سەرباسی ئامادەكارە.

قەت خەیاڵ نەکەی بە دڵ فەوتاوی
ئەی بولبول هەتا دێوانەی گوڵی
مێملی باغ و چەم و شەتاوی
مەستی سەرچڵ و پەڕەی گوڵ
باغی بمری بزانە تا ئەبەد ماوی
نامی لە نەشەی عەشقی یارانا
إشارەی وەرگرت لە نیگای چاوی
ئازیز موژدەبێ قەبوڵ کراوی
لە سارای مەحشەر بەش نەخوراوی(ل207)

نامی لە شاری سلێمانی دا[1]

هەروەکو قاضی شێخ محمدی حاڵ زۆر یارمەتی دام هەتا دامەزرام جەنابی سید غفوری مدرس و إمامی مزگەوتی سید حسن یش زۆر یارمەتی دام، تا مردن ممنونی أخلاقی بەرزی ئەو زاتەم.

لە مانگی ئەیلول لە عەینی ساڵ دا ڕێکەوتی مانگی ذي الحجة لە ساڵی 1370ك-1951ز دا مەلا صالحی زارا إمامی سید صادق لە شارەزورا کە لەوەو پێش لە مدرسەی بیارەدا خوێندبوی، عەلاقەی دوستی لەگەڵ مانابو ناردم بۆ بیارە، بۆ گوێزانەوەی ماڵ و منداڵەکانم بۆ شاری سلێمانی، وفعلاً گوێزاندنیەوە بۆ شار، لە نزیکی مزگەوتی (حاجی أحان)دا خانوی شێخ قادر بەرزنجی م بەکرێ گرتبو، لەو خانوا دابەزین، قەرارمان گرت والحمدلله.

پاش دامەزرانی مدرەسەی (حاجی أحان) خەڵکی محەلەکە بەبێ إطلاعی من خۆیان بڕیاریان دابو نابێ طلبەی ئەم مزگەوتە وەکو جاران بژین، پێویستە سێ کەسێ لەئێمە هەریەکێ ڕۆژێ بە پیاوی خۆمانا نان و چێشت بنێرین بۆ مدرەسە، بالفعل ئەم تەرتیبەیان تطبیق کرد، لەماوەی دەوامی منا لەو مزگەوتە ئەم یاسا دامەزراو ڕەفتار پێکراو بو. ئەم تەرتیبە لەسەر ڕاوێژی پیاو مناسبی محەلەکە بو، وەکو حاجی شێخ عبدالرحمن، حاجی سعید، عثمان محمد نادر، محمد صالح بۆسکانی، محمد خانی خفاف، غەیری ئەمانەیش لەو کەسانە کە حاضري نوێژ و طاعەتی مزگەوت بون.

لە بیست و چوارهەمی شەوالی (1317ك- 1952/5/18)[2] مەلا محمدی کوڕی عباس خەڵکی دێی (بۆیین) لە وڵاتی بانە، کە وەختی خۆی لە بیارەدا لەلام خوێند بوی، هاتبوو بۆ سلێمانی بۆ لام بۆ خوێندن إجازەی وەرگرت، شەربەت خۆرییەکی باشی بۆ کرا، ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆی، وەکو بیستومە موفقە لەسەر خزمەتی علم و دین.

وە لە ئەوەڵی زستانی (ساڵی 1372ك-1953ز)[3]دا مامۆستا مەلا قادری صوڨ لەدێی (بانی خێڵان) لەنوێژی مغربا مبتلای سکتە بو، پاش شەوو ڕۆژێ وەفاتی کرد-طاب ثراه وجعل الجنة مأواه-(ل/208) لە ئەوەڵی بەهاری ساڵی 1373ك-1954ز شێخی بیارە علاءالدین متوفى بو-طاب ثراه- بۆ تعزیە لە سلێمانی یەوە ڕۆیشتم بۆ بیارە، تقریباً حەفتەیەکم پێ چو.

وەختی خۆی لە بیارەدا لەساڵی 1353ك-1934ز کتێبی (خلاصة التبیان)م نوسی بو، لەم ساڵەدا لە سلێمانی پوختەم کرد نوسیمەوە. هەروا دەستم کرد بە نوسین تەواوکردنی کتێبی (المواهب الحمیدة في حل الفریدة) کە زو لە

---

1 سەرباسی ئامادەکارە.

2 شێخی مدرس نوسیویەتی (شەوالی ئەم ساڵە) من خۆم ئەم تاریخەم نوسیوە، چۆن لەپێشتر و باسی تازەکردنەوەی مزگەوتی حاجی احان دا هاتووەو من نەم نوسیوەتەوە .

3 ئەم ساڵە زیادەی ئامادەکارە.

بیارەدا دەستم پێ کردبو بە ناقصی مابووەوە، بە کوردی شەرحێکم لە تصریفی زنجانی کردبو ئەمەیشم پاك نوس کردەوە . کتێبی (باغچەی معرفت) کە زو بناغەم دانابو، لە ئەندازەی چوار پێنج جوزوا بە نثر و نظم تەواوم کرد.

بەم اشتغالانە لەگەڵ تدریسا ئەم ساڵە برایە سەر، کە ساڵ بو بە 1374ك-1954ز، شێخ لطیف امامی مزگەوتی (حاجی أحان) وەفاتی کرد، پاش ئەوە هەرچەند خەڵکی محلە داوایان کرد لێم کە داوای إمامەتەکە بکەم، بەلاّم من لەلام عەیب بو زووبەزوو داوای بکەم، تەفرەم دا، لەم ماوا مەلاجمیل ناو کوڕی مەلا برایمی کفری نقل کرا بە ئیمامەت بۆ مزگەوتی (حاجی أحان).

جا لە زستانی ئەم ساڵا دەرگای گەلێ مصیبەت و مەینەت لەسەرم کرایەوە، ئەم زەحمەتە رۆژ بەڕۆژ زیادی کرد هەتا رەمەزان، لە نۆی ڕەمەزانا شەوێ لە خەوا چاوم کەوت بە سوار و پیادەیەك، پیادەکە پرسیاری کرد لە سوارەکە: مەلا کریم تاکەی لەم مەینەتا دەوام دەکا؟ ئەویش فەرموی: پاش سێ رۆژ رزگار ئەبێ، واقعاً لە 11/رمضانا لە شاری سلێمانییەوە کەوتمە رێ بۆ بغدا، مراجعەتی مدیریەتی أوقافی عامەم کرد، لەو رۆژا سید محمد شفیق العانی مدیری ئەوقافی عام بو. ناسراوی سابق لە بەینمانا هەبو، کە ملاقاتم کرد، حاڵی خۆمم بۆ بەیان کرد، زۆر متأثر بو، گەلێ دڵخۆشی دامەوە، لەم جارا سید أمجدی زەهاوی زۆر مساعدەی کردم، خۆی لەگەڵما هات بۆ لای مدیری ئەوقافی عام.

سید محمد شفیق وتی: لە هەر لایێ ئەتەوێ دانیشی ئێمە مانعمان نییە تۆ مەعاشەکەت دەوام ئەکا، لەو ماوەدا وتی: إمامەت و خطابەتی (زین العابدین) لە کەرکوکا شاغرە، ئەتەوێ نقلت بکەم بۆ ئەوێ؟ منیش وتم: لە نفسی کەرکوکایە؟ فەرموی: بەلاّ . تمەز ئەو مەبەستی لە نفسی کرکوك لواکەیە، منیش وام زانی لە نفسی شارایە قبوڵم کرد، ئەمریان نوسی بۆم، گەڕامەوە بۆ کرکوك، کە گەیشتمە کەرکوك حاڵی بوم ئەو شوێنە لە دەشتایە، شوێنێکی مهجورە، مناسبی وەضعی من نییە، لەبەر ئەوە لە عەینی ڕۆژا گەڕامەوە بۆ بغدا، بۆ مغرب گەیشتمە بغدا، سبەینێ مراجعەم کرد، وەضعەکەم بۆ باس کرد، ئەویش معذرەتی کرد، فەرموی: ئێستە ئەتوانی لە نەفسی شاری کەرکوك دا دابنیشی، من ئەمری إداریت بدەمێ لە کەرکوك دانیشی تا شوێنی باش هەڵکەوێ.

مامۆستای مودەرڕیس لە کەرکوك دا[1]

جا لەسەر ئەم قەرارە (ل/209) هاتمەوە کەرکوك، لەبەر ئەوە کە سابقە معارفەم لەگەڵ مرحوم حاجی شێخ جمیل طالەبانی دا بو، لە تکیەی طالبانی دانیشتم... لەو سەردەما عبداللطیف کبیسی مدیری منطقەی کرکوك بو، خوا حەقە زۆر حورمەتی گرتم، رعایەتی ئەکردم بەم تەرتیبە کەمێ زەحمەتی دڵم سوك بو، خوا جەزای حاجی شێخ جمیل بداتەوە زۆر حورمەتی گرتم، فەقێیان بۆ ڕاگرتم، مشغوڵی تدریس بوم، کوڕەکانی حاجی شێخ جمیل: شێخ علی شێخ عبدالرحمان زۆر خزمەتیان ئەکردم.

شێخ عبدالرحمن وورده وورده لە جمع الجوامع تحفە دەرسی ئەخوێند، خۆیشم مەشغوڵ بوم بە تەواوکردنی کتێبی (صفوة اللآلي من مستصفی الغزالي) ئەوەم تەواو کرد.

لە محرمی 1375ك-1955ز دا ماڵەکەم لە سلێمانی یەوە نقل کرد بۆ کرکوك، لە حەوشی شێخ عزالدین طالەبانی کە لەو رۆژا شێخ فاتحی شێخ جەلالی تیابو دوو هۆدەم بەکرێ گرت، دانیشتین تیایانا.

لەم ماوەدا سید محمد شفیق مدیری ئەوقافی عام سەفەری کەرکوکی کرد، هات بۆ تکیە، زۆر دڵخۆشی دامەوە... خولاصە وەزعێ وا هاتە پێشەوە کە تەکیەی طالبانی وەکو مدرەسەی خۆمی پێ هات، بە ئاسایش مەشغوڵی تدریس تألیف ئەبوم، ولله الحمد.

[1] سەرباسی ئامادەکارە.

وە لە مانگی محرم لە ساڵی 1375ك–1955ز مەلا محمد ئەمینی گەورەدێی، مەلا خدری سپیرویی مەنگوری کە فەقێی خۆم بوون لە شاری سلێمانی، هاتن بۆ کەرکوك بۆ ئەوە ئیجازە وەربگرن، مەلا محمد ئەمین هەر لە مانگی محرمدا، مەلا خدر لە مانگی جمادی الاولی إجازەیان وەرگرت..

پاش ئەوە کە لەم ساڵا کتێبی (صفوة اللآلي)م تەواو کرد (مەولود نامە و میعراج نامە)یێکم نوسی، تەسلیمی محمد أمین عصری م کردن چاپیان بکات، ئەو چاپی نەکردون، بەڵام من خۆم نوسخەی باشی ئەو دوو کتێبەم لەلایە تا خودا فرصەت ئەدا بۆ چاپ یان –إنشاء الله[1].

پاش ئەوە تۆزێ چاوم کرایەوە لە کەرکوکا بەهۆی رەفاقەتی حاجی شێخ جمیلەوە بەهۆی ئەخلاق و ئینسانیەتی ماڵ و منداڵەکانیەوە خۆش ڕام ئەبوارد .

هەروەها علی رفیق افندی خادم السجادە، رأفت افندی برای، مەلا عبدالمجیدی قطب، حاجی مەلا عمری عمر گنبدی باقی مەلاکانی کرکوك ئولفەت و محبەتی باشیان پەیدا کرد، بەتایبەتی لە سێ شەممە و جمعە دا خۆشمان ڕائەبوارد.

وە لە تکیە ڕۆژانی جمعە بەهۆی دەرویشانی تەکیەوە، أشعار خوێندنەوەی ئەوانەوە بەتایبەتی حاجی خالد اغای حسن قصاب مەلا محمدی بە شعری خۆش زۆر مەسروریان ئەکردم. (ل/210)..

وە لە هەموو شتێ خۆش تر لەسەر دڵی من ئەوە بو کاتێ لە تەکیەدا دامەزرام چەن جارێ لەخەوا بەخزمەتی حاجی شێخ عەلی أفندی طالبانی گەیشتم، بەم خەوانە گەلێ إنشراح ڕووی کردە دڵم...(ل/211)[2].

هەروا لە کرکوك حمید أفندی بو انسانێکی زۆر ناسك، أدیب و لبیب محترم، ئارام بو، گەلێ جار ئەهات بۆ تکیە، لەقصرەکەدا دائەنیشت قسەی خۆشی زەمانی حاجی شێخ علی أفندی کەرامەت و کەمالاتی ئەو ذاتەی بَیان دەکرد، لەو باسانە دڵم زۆر مسرور ئەبوو.. هەروا باسی حرکات و سکناتی شێخ رضای شاعری مەشهور برای حاجی شێخ علی أفندی ئەگێڕایەوە بۆم.. بە رەفاقەتی ئەم ذاتە باقی ڕەفیقان زۆر مەسرور ئەبوم.

وە بە ڕەفاقەتی حاجی صالحی مضمدی رباطی، کە وەختی خۆی سوختە بو لە بیارەدا لەبەر دەستی مەلا محمد زاهدی رباطیدا ئەیخوێند، لەپاشا ڕۆیشتبوە سلکی موظفینی مستشفی وە، زۆر مسرور ئەبوم.

پاش ڕابواردنی دو مانگ لەسەر دانیشتنی تکیەم، جارێ لەگەڵ شێخ حاجی کوڕی شێخدا ڕۆیشتین بۆ جەژن مبارەکی شێخ حبیب أفندی کوڕی حاجی شێخ علی، بەو ملاقاتە ئولفەت کەوتە بەینمان بە نەوعێکی وا، ئەبوا لە حەفتەیەکا ئەقەللەن دوجار چاومان بەیەك بکەوێ.

خانوەکەیان نزیك بو لە تکیە ڕۆژی سێ شەممەکان لە بەینی چاشت و نیوەڕۆدا دیدەنیم ئەکرد گەلێ حکایەتی قدیمی بۆ ئەکردم، ئەم ذاتە گەلێ خاوەن عەقڵ تێگەیشتو هوشیار ئاگادار بو لە أموراتی عالەم، زۆر لە اشعاری حافظ و سعدی لەبەر بو، تورکی زان بو، ئەوزاعی عوائل و پیاوە گەورەکانی بغدا و کرکوکی زۆر ئەزانی، لە أموری دنیا سەرامەد بو، زۆر واقعی بو، بە خزمەکانی ئەفەرمو: (ئازابن مەکەون، کە کەوتن گلەیی لەکەس مەکەن)...(ل/212)

قوربان ئوستادی پێغەمبەر خەصلەت
ئەم ئەشعارانەم وانارد بۆ خزمەت
گەرچی ئەشزانم یەکجار نارێکە
تۆ بیخوێنەوە فکرێکی لێ کە
بەڵا! بێ مەعنا و هەم بێ نکاتە
لەسەر تا پاین گشت تورەهاتە

[1] هەردوك چاپ کراون لە دو توێی نامیلکەی (70) لاپەرەییدا و دواتر مدرس خۆی باسی دەکات.
[2] لێرەدا مدرس سێ خەوت بەشێخ عەلی یەوە دەگێڕێتەوە بنواڕە ل/211–212.

رجات لێئەكەم ئەگەرچی واتە
تۆ بیخوێنەوە قربان بۆ گاڵتە
هەرچەند ئەزانم بێ ئەدەبی یە
چشتی وا ناردن هیچ معنای نی یە
تۆ لێم ببورەو پێت گران نەوێ
ئینسان كە پیر بو خرفش ئەوێ
ئیتر هەر خۆش بی دائیم شادمان
بۆ طالەبانی و علم و طالبان[1]
منیش لە وەڵاما ئەم هۆنراوانەم بۆ نارد :
سەرداری شێخان بولەند درەجات
پەروانەی چرای ڕزگاری و نەجات
رشتەی هۆنراوەی پڕ جەواهرات
بەواتەی ناسك بەشێوەی بەرات
گەیشتە دەستی دۆستی بە وەفات..[2]

وە زۆر جار لەگەڵ علی ئەفەندی خادم السجادە دا دیدەنی شێخ حبیب مان ئەكرد وەبەینی چاشت و نیوەڕۆمان ڕائەبوارد.

وە زۆر جار علی ئەفەندی ئەهاتە تەكیە لە قەصرەكەدا بەقسەی خۆش ئەشعار (ئەدیبەكان) ڕامان ئەبوارد.

وە گەلێ جار پاش عەصران یا لەگەڵ شێخ علی دا، یالەگەڵ حاجی سعیدی محمد گوڵی بەر تكیەیی، یا بە تەنیا خۆم ئەڕۆیشتم بۆ ماڵی علی ئەفەندی، لە ناو حەوشەكەدا لەدەوری فوارەی چیمەنەكەدا، یا لەسەربانی دراوسێ حوجرەی سەجادەی شریفە دائەنیشتین، بە قسەی خۆش ڕامان ئەبوارد.

زۆر جار هەڵئەكەوت كە مەلا عبد المجیدی قطب كوڕی مەلا مەردان كوڕی مەلا محمد ی قطب كە باش مەلای كەركوك، وەخزمی ماڵی علی رفیق ئەفەندیە لەگەڵ مەلا عبد الرحمن كوڕی مەرحوم مەلا علی حكمت ئەفەندییا، وەبعچی لە عالمانی ترلەویا حاچر ئەبون، بە أشعار نوكات ڕامان ئەبوارد، بە تایبەتی لە ڕۆژانی سێ شەم سبەینیان لە مزگەوتی حاج خلیل كە شوێنی مەلا عبد المجیدی قطب بو، لە پاش عەصران لە مزگەوتی ملا أحمدی مەلا حكیم(ل/215) مەلاكان دۆستانیان گرد ئەبونەوە، وەزۆر بە خۆشی ئەو وەختە ڕائەبورا لەسەرمان بەخصوصی لە بەینی من و مەلا عبد المجیدی قطب دا گەلێ نوسراوی محبت ودۆستی واقع بووە.

لەساڵی 1376ك-1956ز دا كتێبی (نورو نەجات) لەسەر نەزمی قصیدەی بوردیە بە كوردی نوسیم، چاپم كرد، كتێبی (نور الصباح)یشم لە مدحی حضرەت و یاران كە زو نوسی بوم چاپم كرد، هەر لەم ساڵا مەلا رەشیدی قولی جانی إجازەی وەرگرت، هەر لەم ساڵا دەستم كرد بە شرحی عقیدەی عەرەبی مەولەوی كە دو هەزار و سی و یەك شعرە، ناوی الفضیلة یە، ئەم شەرحە بەناوی (الوسیلة لنیل الفضیلة) لە ماوەی دو ساڵا تەواوم كرد.

وە لە ساڵی 1377ك-1957ز هۆنراوەیەكی كوردی بەشێوەی دوخشتەكی بە عنوانی (گوڵزاری حكمت) رسالەییێكی تر بەشێوەی نظمی فارسی رباعیات نوسیم، بەڵام ئەمانە هیچیان چاپ نەكراون، هەر لەم ساڵا مەلا حسین محمدی كۆیی، مەلا عمر رەشیدی هەورامی نۆدەریاوی، مەلا مصطفی ی كۆزەپانكی إجازەیان وەرگرت، لەم ساڵا دەستم كرد بە نوسینی

[1] ئەم شعرانە كۆپلەی كۆتایی شعرێكە لەسەر پیری و شێخ حبیبی كوڕی شێخ علی بەخەتی خۆی نوسیویەتی بۆ ئەوەی نامی سەیرێكی بكات، ئەم نامە ل/213.
[2] بۆ ئەم هۆنراوەش كە وەڵامی نامەكەی شێخ حبیبە، بنواڕە ل 214-215.

تعلیقات لەسەر (دیوانی مەولەوی)، تەواوم کرد، دەستم کرد بە نوسینی کتێبی (شەریعەتی ئیسلام) لە مذهەبی إمامی شافعی دا رضي الله عنه بەکوردی، هەر سالآ ربعێکیم تەواو کرد تا چوار سالّ تەواو بو. (ل/216).

...کاتێ کە کتێبی (بارانی رەحمەت)م لە کەرکوکا لەچاپ دا نسخەییێکم نارد بۆ مەلا عبدالمجیدی قطب، ئەویش لە تقریظ سوپاسی دیاری یە دۆستانەکەدا ئەم شعرانەی نوسی بۆم:

مدحی پێ ناوێ ذاتێکی وەك تۆ

تألیفەکانت شاهدن بۆ تۆ

ئەوە دەلیلە کە مەلای چاکی

شاسوارێکی چست و چالاکی

(أشهد بالله) پێت ئەڵێم مەلای

لە ئیشی بێ جێ بەخوا تَۆلای

هەرچی چاکەیە هەموت تێدایە

مەلا وارثی رێ ی أنبیایە

با کۆتای بێنین ئەم قسە و باسە

رێی بەتالّ لارەو رێگەی حەق راسە

دو شاهد دەرچو حقیقت راس گۆ

بەشارەتیان دا بە من و بە تۆ

تاریخی تألیف بێ گرێ و زەحمەت

رژا بسردا باران رحمت[1]

لەو ماوەدا کە لەشاری کەرکوك دابوم لە زستانانا جارجار شێخ عبدالکریم کوڕی شێخ قادر کوڕی مرحوم شێخ کریم ی کەس نەزان، کە لە ساداتی بەرزنجەییە، لە نەتەوە مرحوم شێخ اسماعیل ی قطبی وولیانین، ئەهاتە ناو تکیەی خۆی لە محلەی قەلآدا، منیش جارجار ئەڕۆیشتم بۆ دیدەنی، بەهۆی مهرەبانی و نەجابەتی خۆیەوە ئولفەت محبەت لەناومانا پەیدا بو.. (ل/220)

لەو ماوەدا کە لە تکیەی طالەبانیدا (بوم)[2] لەگەڵ گەلێ لە منسوبینی ئەو شوێنا ناسراویم پەیدا بو، یەکێ لەوانە میرزا عبدالله ی مُدَبّر بو کە لە أصلا خەڵکی شاری سنە بوو، لەم أخرا لەشاری کرماشانا لە دائرەی بەریدا موظف بو، ئەم ذاتە إنسانێکی ناسك و أدیب و لبیب بو... (ل/221)

وە پاش ئەوە کە لە سلێمانیەوە ڕۆیشتم بۆ کرکوك، لە تکیەی طالەبانی بە عنوانی مدرس دانیشتم کەوتمە سەر فکری ئەوە دوبارە أشعارەکانی مەولەوی گرد بکەمەوە. بەقەی عەقڵی خۆم مانای شیعرەکانی بنوسم، جا بۆ إستفادە لە معلوماتی جنابی سید طاهر هاشمی کوڕی سید قیدر مشهور بە (سید الدولە)ی دەوڵەت ئاوایی نوسیم بۆ لای، ئەگەر مجموعە شعرەکانی خۆم لەلای ماوە إعادەیان بکاتەوە بۆم، غەیری ئەوانەیش هەرچەند ڕێکەوێ لە اشعار معلومات دەربارەی مەولەوی بنوسێ بۆم.

ئەویش لە جەوابا نوسی بوی بۆم، کە ئەو کجموعەی منە کەوتوەتە دەستی شێخ عزیزی خەڵکی دێی (علی بەکان) لە گەرمیان، قابل نی یە وەری بگرێتەوە، بەلآم مجموعەیێ لە (دیوانی مەولەوی) کە بە خطی خۆی نوسی بووەوە، زۆر مربوط

[1] ئەمە کۆپلەی ئەخیری شیعرەکەی مەلای قطبەو لەنێو دێری ئەخیردا بەشێوە نوسینی ئەبجەدی دەکاتە 1379ك، ئەمەش مدرس روونی کردوەتەوە، بنواڕە ل/217–219.

[2] ووشەی (بوم) زیادکراوی ئامادەکارە.

جوان بو ناردی بۆم، بێجگە لەمانە هەم معلوماتێکی مناسب دەربارەی مەولەوی معاصرینی مەولەوی ئەو نامانە کە نوسیویەتی بۆ بعضێ پیاوی گەورە، لە چەند جوزئێ کا بە خطی خۆی نوسی بووی،بەڕاستی ئەوەندە زەحمەتی کێشابو کە بەدڵ ممنون محجوبی کردم.

هەروا صورەتی ئەو نامە بێ نوختە کە مەولەوی نوسیویەتی بۆ (محمد پاشا)ی جاف، ئەویش بە خطی خۆی نوسیبووەوە ناردبوی بۆم.. هەروا تقریبا پێنج سەد شعرێ لە أشعاری شاعری بەسۆز مەلا مصطفیی بێسارانی بە خطی خۆی نوسی بوەوە، ناردبوی بۆم. جا بەرامبەر بەم کردەوە پیاوانەیە سوپاسێکی بێ ئەندازە و تشکراتێکی فوق العادەی تقدیم ئەکەم..[1] (ل/225)

لەمەوپێش نوسیم کە وظیفەی إمامەت و خطابەتەکەی کەرکوکم مربوطی مزگەوتی إمام (زین العابدین) بو، بە خصوصیەت لەلایەنی مدیریەتی أوقافی عامەوە تنسیب کرام بۆ تدریس لە تکیەی طالەبانی لە شاری کەرکوك، لەبەر ئەوە ئەو مزگەوتە مناسبی تدریس إیفای خدماتی دینیە نەبو، هەر لەسەر ئەم وەزعە دەوامم کرد هەتا ساڵی 1380ك-1960ز، لەم تاریخەوە ئەو وەزعە پێشوە گۆڕا، لە بەینی وەخت و وەختا داوای مباشرەی إمامەت و خطابەتی مزگەوتی (زین العابدین)م لێئەکرا.

منیش بۆ چارەسەری هاتم لە بغدا لە مدیریەتی أوقافی عامە إجازەی دوو مانگم وەرگرت، خۆم حاضر کرد بۆ ئەوە کە شاغری لە شاری بغدا ڕێ کەوی یا بە نقڵ یا بە امتحان خۆم بگوێزمەوە بۆی، تا لە نۆزدەی نیسان إعلانی شغور و إمتحانی إمامەت و خطابەتی جامعی (حیدرخانە) لە بغدادا کرا، منیش عریضەمدا، داخلی إمتحان بوم، نجاحم وەرگرت، بەڵام لەپاشا لەبەر ئەوە کە لەوکاتا وەکیلی إمام و خطیب (عایش رجب) ناو لەوێ بو، خەڵککە ئولفەتیان گرتبو پێیەوە لەسەر تصویبی هیئەتی مجلسی علمی، قاضی بغداد (عبدالحمید أطروشي) قەراریان دا کە من بە إمامەت و خطابەتی (جامع احمدی) دامەزرێم(ل/235).

نامی لە شاری بغدادا[2]

خولاصە لەسەر مرسومی جمهوری لە ڕۆژی 1960/8/11ز ڕێکەوتی مانگی ربیع الاول لە ساڵی 1380ك دا لەسەر إمامەت و خطابەتی ئەم مزگەوتە دامەزرام، یەکەم خطبەی جمعەی ئەم مزگەوتەم بە مناسبەی وەلادەتی حضرەتەوە صلی اللە علیە وسلم لەسەر ایەتی ((وما أرسلناك الا رحمة للعالمين)) بو.

وە لەو ماوەدا بوو کە مشغوڵی أموری إمامەت و خطابەتەکەم بوم، إعلانی شغوری تدریسی مدرسەی (عاتکە خاتون) لە بارەگای حضرەتی عبدالقادری گەیلانی داکرا، لەسەر إرشادی بعضێ لە دۆستان داخلی إمتحان بوم، وللە الحمد، زۆر باش بەناجح دەرچوم.

وە لە ڕۆژی 15/تشرين الاول/ 1960ز ڕێکەوتی مانگی جمادی الاولی لە ساڵی 1380ك[3] دا مرسوم جمهوری لەسەر تدریسەکەم دەرچوو، لەو تاریخەوە مباشرەم بە تدریس کرد لەو مدرەسە مبارەکەدا وللە الحمد والمنە والفضل العظیم.

جا پاش ئەوە لەم مدرەسە مبارەکەدا دامەزرام، لەو کاتا کمال الدین عبدالمحسن الطائی مدرسی مدرسەی قادریە بو لە نەفسی بارەگادا، ئەم ذاتە بە إنسانیەت احترام هات بۆ چاوپێکەوتن، ترحیبی کرد بە دامەزرانم، قەرارمان دا بە تعاون بەبێ

---

[1] سید طاهر هاشمی هونەرمەندی جوان نوس، نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر لەنێوان ئەو مدرسدا هەست پێ دەکەی و چەندەها نامەی سید طاهر هاشمی لەم دەستنوسەدا هاوپێچ کراوە، بۆ وێنە بنوارە ل/223 و 226 و 229 و 233.

[2] سەربابی ئامادەکارە.

[3] ئەم دو تاریخەی دوایی جەنابی مرحومی مدرس بۆخۆی ساڵە کۆچی و زاینیەکەی دیاری کردوە.

فەرق دەرسی طلبەكان بڵێین، ولله الحمد لەسەر ئەم منهجە بە خۆشی تا ئێستە دەوامەمان كردوە[1].

پاش دامەزرانم نامەیێكم بۆ هات لەلایەنی جەنابی سلالە الانجاب سید طاهر هاشمی دەوڵەت ئاواوە، تەبریكی دامەزرانی كردوم لەو نامەدا..[2]

لەماوەی هاتنی بغدا مشغوڵ بونم بە دامەزران لەسەر إمامەت و خطابەت و تدریس، لەلایەنی عُلما گەورەكانی بغداوە، وەكو شێخ امجد أفندی الزهاوی، حاجی نجم الدینی واعظ، سید فؤاد ئالوسییەوە یارمەتی تقدیرم وەرگرت، حەتتا سەید فؤاد كە یەكێ بو لە هیئەتی امتحان فەرموبوی: والله عەیبە ئێمە ئەم ذاتە إمتحان بكەین، ئەو جەوابانە ئە نوسیویەتی بۆ ئەسئلەی إمتحانی تدریس لایقی ئەوەن نوسخەیان بگیرێتەوە، إستفادەیان لێ بكرێ.

وە شێخ أمجد لە مجلسێكا فەرموبوی ((إنە من أفاضل علماء العراق)).

وە سید محمد شفیق العانی ئەوەندە تاریفی كردبوم لەلای جنابی سید برهان الدین الگیلانی،

وە سید عبدالله الگیلانی كە چاوم كەوت پێیان، سید برهان فەرموی: ((حقیقة ان الشمال قد أنجبت علماء افاضل لاسیما قد أطری السید محمد شفیق في الثناء علیك)) (ل/240).

وە بەتایبەتی حاجی عبدالقادر خطیبی إمام أعظم رضي الله عنە كە لە قدیمەوە دۆستی لە بەینمانا بوە زۆر احترام إنسانیەتی نیشان داوە، گەلێ جار دیدەنی كردوم.

ئیتر فضیلەتی سید عبدالحمید ئەتروشی قاضی بغداد، سید علاء الدین سجادی إمامی مزگەوتی (نعیمە خاتون)، برای خۆم فضیلەتی مەلا عمر مولودی دزەیی إمامی جامعی سلیمانیە و خطیبی جامعی (علی أفندی) ئەمانە وەكو برای دایك و باوكی لەگەڵما معاملەیان كردوە.

لە زستانی ئەم ساڵا بەرگی چوارەمی كتێبە شەرعە كوردییەكەم بەناوی (شەریعەتی ئیسلام)ەوە تەواو كرد، لەپاش ئەو مجموعە الخطب بەزمانی عەرەبی كوردی نوسیم، بەڵام تەواوكردنی ئەم مجموعە كەوتە ساڵی 1381ك-1961ز.ەوە.

لە ڕۆژی یەك شەممەی مانگی نۆی 1960ی میلادی مصادفی مانگی ربیع الثاني لەساڵی 1380ی هجری دا ماڵەكەم لە كركوكەوە گوێزایەوە بۆ شاری بغدا، لە محلەی (جدید حسن پاشا) لە نزیكی شارع الرشید خانومان گرت، لەپاش مانگێ لەو شوێن گوێزامانەوە بۆ محلەی (مربعە) لە نزیكی (جامعی سید سلطان علی)دا، ماوەی دەمانگ لەوێ ماینەوە، جا گوێزامانەوە بۆ خانوێك لە پشتی بارەگای حضرەتی عبدالقادری گەیلانیەوە، لەپاش شەش مانگ مراجعەی دائرەی اسكانم كرد، لە (مدینة الثورة) خانوێكیان پێدایین، لەو خانوانە كە حكومەت دروستی كردون بۆ مستخدمین و موظفین.. تاریخی گوێزانەوەمان لە مانگی رجب لەساڵی 1381ك ڕێكەوتی 29/كانونی ئەوەڵی/ 1961ز. بوو[3] تا ئێستا تیایانا دانیشتوین. ڕجامە بە ساغ و سەلامەتی دەوام بكەین لەگەڵ مسلمانانا لەسەر خزمەتی علم و دین موفق بین.

پاش هاتنی بغدا لە ساڵی 1381ك. دا بە مساعدەی دائرە المعارف (دیوانی مەولەوی)م لەگەڵ تعلیقەكانی خۆما چاپ كرد، بڵاوم كردنەوە، دو نسخەم لەو دیوانە نارد بۆ جنابان سید طاهر هاشمی مەلاعبدالمجیدی مدرس، ئەویش لە جەوابی نامەی ناردنی دیوانەكەدا ئەم نامەیە بۆ نوسیوم كە لەوبەری ئەم لاپەڕەوە ثبت كراوە بۆ یادگار[4].

پاش چاپی دیوانی مەولەوی كەوتمە پوختەكردنی كتێبی أدب كە بە عنوانی (العقد الذهب في جید الأدب) زو دەستم پێ كردبو ئەم كتێبە بریتیە لە (بدیع وعروض وحكم وأمثال) كتێبێكی جووانە ئومێدم وایە موفق ببم بۆ چاپكردنیان -انشاء الله تعالی-.

1 كاتی نوسینی ئەم كتێبەی مەبەستە كە ساڵی شەستەكانە.

2 بۆ ئەم نامەیە بنواڕە ل/236-238 نامەكە دەكەوێتە پێش نوسراوەكە.

3 ئەم تاریخەش مدرس خۆی دیاری كردوە، من تەنها لە نوسینەوە كردومە بە ژمارە.

4 بۆ ئەم نامە بنواڕە ل/242-243 لە دەستنوسەكەدا.

جا دەستم کرد بە تدوینێکی دوبارەی ئەو فەتاوای فقهیەی علمای کردستانە کە پانزەساڵ لەمەوپێش گردم کردونەتەوە بە ترتیبی أبوابی فقهی شافعی لە چوار جلْدا تەواوم کردون.. لە خودام ئەوێ بە لطفی خۆی یارمەتیم بدا بۆ چاپکردنیان تا مسلْمانان ئیستفادەیان لێ بکەن (ل/241)[1].

پاش ئەوە کە لە مدرسەی (عاتکە خاتون)دا.. دامەزرام، مەشغوڵی تدریس بوم، إعادەی نظرم کردەوە بەسەر رسالە منطقەکانما بەشێوەیەکی پوختە (مفتاح) (ورقات) (عزیزە) (وجیهە)م نوسیەوە، کەوتە بەردەستی طلبەکان، دو طالبی (مەلایەوی) ابراهیم بنیامین[2] دەستیان کرد بە خوێندنی ئەم رسالانە، تا ئێستە (مفتاح) (ورقات) یان خوێندوە، رسالەیە (مقولات)یکی لەباسی مقولاتی عشرە و هەنێ إصطلاحاتی حکمەتیا تألیفم کردوە خوێندویانە، ئێستە مشغوڵی (عزیزە)ن، ئومێدم وایە بە میهرەبانی خودا کە باقی تالیفەکانیشم بە ووردی بخوێنن انشاء الله تعالى.

هەروا رسالەییێکی صەرف بە عنوانی (الصرف الواضح)م نوسی بۆ مبتدیەکان، گەلێکیان خوێندویانە.

وە لەساڵی 1380ك-1960ز لەپێش هاتنی بغدادا رسالەییێکی لغەتی عەرەبی کوردیم بەناوی (دوڕشتە) یا زمانی (دوبرا) نوسی بوم، کە هاتمە بغدا لەساڵی 1382ك-1962ز پاك نوسم کرد بە پوختەیی نوسیمەوە.

لەو کاتا لەشاری سلێمانیدا بوم، گەلێ فەقێی وولاتی خۆمان بە ڕەسمی لەسەر یارمەتی حکومەت ڕۆیشتن بۆ جامع الازهر) بۆ ئەوە لەوێ دەوام بکەن، تا شهادە وەرئەگرن، جا بگەڕێنەوە بۆ ولات بە مدرس لە ثانویە ڕەسمیەکانا دەرس بڵێنەوە، ئەم کۆمەڵە طلبە هەمو لە دۆست و ئاشنابون جارجار بە مناسبە نامە لەلایەنی ئەوانەوە بۆ من، لەلایەن منەوە بۆ ئەوان ئەنێررا، لەناو ئەم کۆمەڵەدا دوانیان زۆر عەلاقەیان بە منەوە بو، یەکەم: عبدالکریم ڕەمەزان خەڵکی دێی گوڵپ لەلای بیارە، دوهەم: فاضل عبدالواحد خەڵکی شاری سلێمانی، لەساڵی 1382ك-1962ز. دا لە وەڵامی نامەیێکی عبدالکریم ڕەمەزان، کە نوسیبوی خەیاڵم هەیە لەم بەینا بێمەوە، منیش لە جوابی ئەم نامەدا چەن شیعرێکی پڕلە سۆز و محبەتم بۆ نوسین(ل/244):

ئەی نوری چاوی باب و دڵی دایەنی ووڵات
ژیرن شوکر هەمو نیە حاجەت لە بۆ بەیان
ئەو ڕۆڵە رولە مەردیە بەری زانستی بێتە دەست
ئەو کەللە و تاج دارە بزان بێ لە ڕوی زەمان
ژینت بەهێزو نەیرووە نەیرۆ بە علم و فن
علمت بەکار و کۆششە کۆشش بە ڕۆح و گیان
نامی کەسێکی وایە بنوسێ بەدەستی هێز
ناونیشانی مەردی لەبەردی کتێبەکان
نامەردە ئەو کەسە بە طُفیلي وەکو منال
هەڵ سوڕێ دەم بەدەم لە بەرو دەوری خەڵکەکان
نامی کەسێکی وایە بە تەوفیقی ذاتی حەق
پرتە و بداتەوە بە هەمو قوژبن و مەکان

[1] ئەم دوعایانەی مامۆستای مودەرریس گیرا بون و زۆرینەی ئەو کتێبانە چاپکراون.

[2] لای هەموان ئاشکرایە کە قوتابیەکەی زۆری مامۆستای مدرس هی دەرەوەی ولاتن و هەندێکیشیان غەیرە عارەبن، زۆر هەولْم دا کە بەهۆی دیمانەکانمەوە لەگەڵ مامۆستایاندا هێندێکیان ناو بنوسم و کورتە ژیانیش بۆ دیارەکانیان بنوسم، وەلێ ئەفسوس لەوەی مامۆستای مدرس نوسیویەتی زێترم دەست نەکەوت کە ناوی ئەم دو قوتابی یەیە، (بنیامین) قوتابیەکی زۆر دیارە و هەریەك لە مامۆستا محمد علی قەرەداغی و د. محمد گەزنەیی و مامۆستا یاسین دەروێش بۆیان دوپات کردمەوە. (ابراهیم)یش هەر قوتابی یەکی دیارە و مامۆستا محمد علی قەرەداغی گەورە نوسەر بۆی دوپات کردمەوە.

نامی کەسێکی وایە بەئاوی تەڵای عەمەل
دانی خەتی ئەمەل لە پەڕەی سنگی رۆڵەکان
هیوام وەهایە وەربگرن پەندی پڕ لەسود
هەتا ببن بە داری بەری بەرزی میوەکان.[1]

لەپاش ماوەی دوساڵ و چەند مانگێ لەلایەنی وەزارەتی إسکانەوە، ئەمر هاتە سەر ئێمە و دراوسێکان، کە لە تاریخی 1964/6/6ز.دا حازر بین بۆ ئەوە کە عقدی تملکی خانوەکانمان وەربگرین، لە دائرەی کاتبی عدلی جنوبی بغدا عقدەکە تەواو بکەین، بالفعل لە عەینی تاریخا لە دائرەی اسکان حاضر بوین، ئەمریان پێداین بۆ لای کاتبی عدلی جنوبی بغدا یانی محکمەی شرعیەی سنی جنوبی، لەویا عەقدی تملکی خانوەکان لە مقابلی نۆسەد و شەست و سێ دینار بە أقساط بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ تەواو کرا، ورقەی تملکمان وەرگرت، وعلی الله التوکل فی السکون بها موفقین وبه الإستعانة. انه خیر من یتکل علیه ویستعان.

لە مانگی ذی الحجةی تاریخی 1383ك-1964ز.دا متولی ئەوقافی قادرین السید یوسف الگیلانی کتابێکی نوسی بۆ ئەوقافی منطقەی بغداد، إقتراحی کرد کە من تعیین بکەن بە إمام بۆ نوێژی نیوەڕۆ و عصر لە جامعی حضرەتی عبدالقادر گیلانی، ئەوانیش لەسەر ئەو نامەیە تأییدیان نوسی بۆ وەزارەتی ئەوقاف، لەسەر إمامەتەکەم موافقە کرا، لە رۆژی 4/ حوزەیران 1964ز مجلسی وزراء تصدیقیان کرد، لە تأریخی 24/حوزەیران لە ساڵی ناوبراوا مصادفی 16/صفر الخیر/ 1384ك.دا امری ئەوقاف کە نێررابو بۆ لای متولی السید یوسف الگیلانی لەسەر امامەتەکەم تبلیغ کرا پێم. (ل/246)

وە لە 8/شوباطی/1969 میلادی دا موافقی 1388ك موافقی رۆژی شەممە 21/ذي القعدة. خودای أرحم الراحمین لطفي فەرموو توفیقی دام رۆیشتم بۆ بەجێ هێنانی واجبی حج، لە رێگەی بصرە و کویت و ریاضەوە گەیشتم بە مدینەی منورە (علی صاحبها الصلاة والسلام)، هەشت رۆژێ لەوێ مامەوە، دوو جمعەم تیاکرد، جا ڕێکەوتن بۆ شاری مکەی مکرمە، لە شەوی یەك شەنبە گەیشتم بە مەککە لە عەینی شەوا طەوافی عُمرەمان لەگەڵ سعی بینی صفا و مروە بەجێ هێنا لەپاش أدای حج لەرێگەی ریاضەوە گەڕامەوە بۆ بغدا، لە رۆژی جمعەدا سبەینێ مصادفی 18/ذي الحجة 25 شباط گەیشتمەوە بغدا، والحمدلله علی ذلك کثیراً طیبا مبارکا فیە، وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم تسلیما.

لەپاش سەفەری حەجی پیرۆز، زیارەتی حضرەتی فخری عالەم صلی الله علیه وسلم موفق بوم رسالەی مولودنامەو میعراج نامە چاپکرد، نسخەییێکم بەدیاری نارد بۆ جنابی مەلا عبدالله ی کوڕی مرحوم مەلا صاڵحی چەمەکی ئەم مەلا عبدالله دەمێکە دۆست و برادەرمە.. ئەویش قصیدەییێکی نوسی بو بۆم، وا قصیدەکەم لە عینی وەرەقی خۆیا ثبت کرد بۆ یادگار:

سلاوی بەرزی مامۆستای بەڕێز
بەڕێز ئەنێرم ڕێز لەشوێنی ڕێز
هانام لەو خوا کە بێ هامتایە
ژین تانە هەتا هەتایە
سی بەری سەران بژین بەخۆشی
دوربن لە دەرد و وەی و نەخۆشی
چاوەی زانین و دەریای ئایین
کانگای بیرو هۆش، شارەزا لەدین

[1] کۆتا کۆپلەی ئەو شعرەیە کە نامی ناردیوتی بۆ قوتابیانی کورد لە میصرو هانیان دەدا کە نەگەڕێنەوە خەریکی کۆکردنەوەی زانست بن بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتیان. بنواڕە بۆ ئەم نامە ل/244-246.

بە دەرهێنەری کالآی بەقیمەت
لە دەریاری بێ بن دین و شەریعەت
خوا بت هێڵی براپشتی حەق
بۆ ڕەواجی دین دەمکوتی ئەحمەق
پیاوە گەورەکان وەك عمر عزیز
وەختێ ڕۆیشتن لە ئێمە بون زیز
بەرزی ئەوانم لەتۆدا ئەدی
گەر ئەتۆ بڕۆی چی بکەین ئەدی
هاوتایشت نی یە لایدەم خەم بەباد
دووربێ کە وون بوی دڵ بەکێ کەم شاد
لەبێ هامتایە داوای ژیانت
مردنی گەلە دوربێ نەمانت
ئەتۆ پاڵپشتی دیواری دینی
تۆ بوژێنەری شەرع ڕەنگینی
تۆی شیکەرەوەی گرێ و کۆسپی دین
شەرع و أحادیث قورئانی شیرین
ئەتۆی پێشەوای گەلی زانایان
ئەتۆ ڕەهنمای کۆمەڵی نەزان
تۆ چرا بەدەسی ڕێ ون بوانی
ڕی نیشان دەری پیر و جوانی
چراوکی شەوی تاریکەشەوی
گۆچانی دەستی بەرزی یا نەوی
أنت المحقق للشرع الساطع
أنت المجدد للماءة الرابع
تۆ پەنادەری پەنابەرانی
تۆ وەلام دەری گرێی قورئانی
یا کریم کریم کەرەم کەی پێمان
هەتتا ماوەیەك وون نەبێ لێمان
بۆ سپاسی تۆ زمانم کۆڵە
وەسفت چۆن بکەم بەم بۆڵەبۆڵە
دەمو قەوچێکی منی بێ هونەر
ناتوانێ چاکەت بخاتە دەفتەر
بێنە سەرباسی دیاری تەمیزت
بەسەرکردنەوەی بچوك عەزیزت
نوسراوی ڕەنگین مەولودنامە
هۆنراوەی تریش میعراج نامە

زیارەت كرا نامە سەرچاوم
وەی لەم خۆشی یە بەسەر كراوم
پاداشتی هەستی شیرین و جوانت
بەمن نادرێ بم بەقوربانت
نەوازشی تۆ هەر بۆ خودایە
بۆیە پاداشی هەر لەو تەمایە
بێ فەڕی وەك من جا چی لەدەسدێ
خەوش و خالێكە بێ كەلكو بێ جێ
(عەبە) بوەستە تۆ لە دەم زەنی
ئەتۆ غەواصی ئەم دەریایە نی[1]

لە الطافی خودای رؤف و رحیم داوا ئەكەم كە لەسەر خزمەتی دینی مبین لەم شوێنە پیرۆزا موفقم بكا، ببم بە وسیلەی سعادت بۆ خۆم و موسڵمانان. إنە سمیع قریب مجیب، وصلی اللە علی سیدنا ومولانا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم تسلیما الی یوم الدین وآخر دعوانا أن الحمد للە رب العالمین.[2]

[1] بنوارە ل/249 بۆ ئەم نامەیەی كە ئەم ئعرەی تێدایە.
[2] ئەمە كۆتایی ل/246 ە، لە شوێنی خۆی نەمنوسیوە و لە كۆتایی ئەم شعرە كە لە ل/249 دایە نوسیومەتەوە .

كۆتا ژیانی مودەڕڕیس و كۆچی دوایی

خوێنەری عەزیز پاش ئەم گەشتە لەگەڵ پێنووسەكەی مودەڕڕیسداو پاش ساڵی 1969ز مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس لەسەر وانەوتنەوەو نووسین بەردەوام دەبێ.. قوتابیانی لە كوردەوە دەگوێزرێنەوە بۆ عارەب و ئەوانیش زۆر سوودی لێ دەبینن و ئێستە لە ئاستی عێراقدا سەدان پرۆفیسۆرو گەورە زاناو سیاسەتمەدار هەن كە قوتابیی و شاگردو ئیجازە پێدراوی مودەڕڕیسن و بە ئێستەشەوە مامۆستایانی ئاینی عارەب شانازی بە مامۆستا كوردەكەیانەوە دەكەن و بچووكی مامۆستا دەكەن.

مامۆستا لە بەغدادا بووە مۆم بۆ هەموو ئەم وڵاتە خەڵكی لە سەرجەم شارەكانی عێراقەوە بۆ زیارەتی ڕوویان تێدەكردو زۆر بە پیرۆز سەیر دەكرا، من بۆ خۆم چەندین جار شێخی گەورەی عارەب و دەسەڵاتدارانم بینیوە هاتوونە خزمەتی و دەست و پێیان ماچ كردووەو داوای دوعای خەیریان لێ كردووە، كە مامۆستا نانی خواردووەو پاروە نانێكی لێ ماوەتەوە خەڵكی بۆ شیفاو پیرۆزی بە خۆشبەختییەوە دەیان خواردو بۆ نەخۆشەكانیان دەبرد.

لەم جێگە پیرۆزەدا مامۆستای مودەڕڕیس زۆر سوودی بە موسڵمانان گەیاندو گەلێ خزمەتیشی بە كورد كرد، بێ لەو هەموو نووسینە كوردییەی كە بە چاپی گەیاندووە، حوجرەكەی بوو بوویە خانەی بێنەوایانی كورد لە بەغداد.

"لەم جێگەوە مامۆستای مودەڕڕیس توانی سەدان قوتابی پێ بگەیەنێ و ببێتە مامۆستای كوردو عەرەب و تورك و مالیزی[1] و پاكساتی.

بەم وێنە لەسەر وانە وتنەوە بەردەوام بوو تا لە ساڵی (1973ز) خانەنشین كرا، وەلێ بنەماڵەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەك ڕێز لێنانێك هێشتیانەوەو كردیانە پێشنوێژی نیوەڕۆ و عەسری مزگەوتەكەیان.

ئیتر ئەم پیرە لاوە لەسەر وانەبێژیی و فەتوادان و نووسین و چاپكردن لەم حوجرەدا بووبووە هاوەڵی خامەی، بە قامكی شەشەمی دەستی ڕاستی حسێب دەكرا، بێوچان هەر دەینووسی و دەینووسی تا پیری و نەخۆشی سەریان بە قەڵەمەكەی نایەوە"[2].

لە ڕاستیدا من بۆ خۆم خوا كۆمەكی كردم كە دووجار چاوم بە مامۆستای موددەریس بكەوێت و دوو كورتە دیمانەی لەگەڵ سازبدەم، یەكەم لە بەرواری 2005/4/21، دووهەم لە 2005/6/28، ئەوەی تا ئەو كات لەسەر ژیانی مامۆستا بۆم دروست بووبوو، لێم پرسیوەو سوودم لێ بینیوەو لە ماستەرنامەكەمدا نەقڵم كردووە، ئەوەش كە تێبینم كرد لەم كۆتا ژیانەیدا چەند شتێك بووە كەپێم خۆشە لێرەدا بیاننووسم:

یەكەم: گیرابوونی دوعای مامۆستا كە بۆ خۆم چەند دوعایەكم داوا لێكردووەو هەموویان گیرابوون.

دووهەم: بە چونم بۆ خزمەتی مامۆستا هەستم بە گورجی قەڵەمەكەم كردووە كە پێشتر وەها نەبووم و بە بەرەكەتی ئەوی دەزانم.

سێهەم: هیمییەتی مامۆستا بۆ حوجرەو فەقێ و غەمی بەردەوامی بۆ نەمانی قوتابخانە ئاینییەكان كە بەردەوام هەواڵی دەپرسین.

چوارەم: كرانەوەی دڵی ئەو پیرە غەریبە بە بینینی مەلایەكی كوردو خۆشەویستی و دڵسۆزی نواندن بۆی.

[1] لە ڕێی دیمانە لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان (محمد علی قەرەداغی، یاسین دەروێش، صلاح الدین سەنگاوی، محمد ئەحمەد گەزنی، عەبدولقادر ڕەسول بەرحكی..) زۆر هەوڵم دا ناوی هەندێك لەو قوتابیانە بەدەست بێنم كە غەیری عارەب و كوردن و تەنها ئەم سێ ناوەم دەست كەوت:

یەكەم: بنیامین أبوبكر ملایوی.

دووەم: ئیبراهیم غانا، كە هەردووكیان مودەڕڕیس لەمەو پێش باسی كردن.

سێهەم: عەلی توركی.

[2] ئەوەی نێوانی ئەم دوو كەوانەیە لە ڕۆژنامەی (كۆمەڵ) ژمارە 188 بڵاوكرایەوە.

پێنجەم: ویستنی یەکێتی مەلایان و موسڵمانان و فڕێدانی تەفرەقەو خیلاف لە بەردەم دوژمنان و عەوامی خەڵکدا سیفەتێکی بنەڕەتی و هزری مامۆستابوون.

شەشەم: بیرتیژی ئەم پیرە پیاوە سەد ساڵە زۆر سەرسامی دەکردم، هەواڵ پرسینی هەندێ خەڵکو شوێنی هەورامان.. چۆن ئەمانەی بەم چاکییە لە بیر مابوو، خوا زیرەکییەکی بێ وێنەی دابوویە.

حەوتەم: لەگەڵ خەیربوون بەبێ گوێدانە بیرو بۆچوونەکان، چەندجار لە مامۆستام بیستووە کە باسی مەشورعو دەزگایەکی خەیری کراوە یەکسەر فەرموویەتی (دەستی خەیرم لەگەل ئیشی خەیرتاندایە)، گوێی بەوە نەداوەئەمانە چ گروپ و بیرێکیان هەیە، گرنگ ئیشیان خەیر بێت و ئەمیش بەشداری خەیر بێت.

هەشتەم: مێزەرە بچووکگەکەی مامۆستا زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم بۆ پاك ڕاگرتنی مێزەرەو نەفرۆشتنی بە سوڵتانەکانی دونیاو پیس نەکردنی بە ڕیاو مەرایی کردن لەبەردەمك سیاسییە درۆزنەکاندا.

نۆیەم: پشت بەستن بە خواو ئیش کردن بۆی زۆر گرێ کوێرەی ژیان دەکاتەوەو زۆر لەوانەی خەڵکی لێیان دەترسن لەبەر پێیدا دەکەون و هێزی دڵ کاردانەوەی لەسەریان دەبێت.

دەیەم: لەم دونیا خوا بە خزمەتو ماندوو بوون گەورەییت دەداتێ بنوارنە مامۆستای مودەڕڕیس خوا بە هۆی خزمەتی بێ وچانیەوە گەیاندیە کوێ، بەردەوامی لەسەر هەرکاێك و سووربوون لەسەری بەرهەمی شیرینی دەبێ و بەرزیو گەورەیی پێ بەدەست دێت.

ئیتر شەو گەیشتە 2005/8/30\29 مامۆستای مودەڕڕیس بە یەکجاری ماڵئاوایی کردو وەك مۆم توایەوەو پرشنگی خۆر ئاسای دڵی سەدان، هەزاران، سەرگەردانی وەك منی خستە جۆش و ڕۆشنیکردەوە، پەنجەی شایەتی هەزارانی خستە گەڕ بۆ نووسین و شایەتیدان و شین گێڕی.

ئای ئەوە ئەو پیرەیە لە ژیاندا حورمەتی لەلایەن گەورە پیاوانی کوردەوە لێنەگیرا، تەنها لەبەر ئەوەی کوردە، گەورە پیاوانێك کەڕیو جێگەیان بەغداد بوو بۆ تاکە جارێ بە ڕەوایان نەزانی تەقە لە حوجرەکەی ئەم پیرە دل پڕ لە غوربەتە بدەن و گوێ لە ئامۆژگاریی و فەلسەفەی ژیانی بگرن"[1].

ئای ئەوە ئەو نووسەرە گەورەیە لە دوای مردن کەس فرمێسکی بۆ ناڕژێو عەلمانییەکانی سەردەم لەبەر مێزەرەی ڕووناکی حورمەتیان نەرگت و تازەشیان بۆ نەگێڕا.

پاشاو گەورەکانی ئێمە هەڵەش ناکەن، تا داوای لێبوردن لە ڕۆحی پاکی مامۆستا بکەن و بۆ مێژوو و دوا ڕۆژ بەرامبەر بەم شەرمەزارییەیان هەڵوێستێکیان هەبێت.

سڵاو لە گۆڕی ڕوناکت ئەی مامۆستا، میهرەبانی خوا بڕژێ بە سەرتدا، نوکی خامەت چرای نێو گۆڕت بێ، بە ئەندازەی پیتی نووسراوت لێبوردەیی خوا بباری بەسەرتدان خوایە نووسەرو خێوێنەرو یارمەتیدەری ئەم کتێبەو مامۆستای مودەڕڕیس و سەرجەم مامۆستیانی مێزەر پاك بە بەهەشتی بەرین شاد بکەو عالی مقامی هەردووك دنیایان بکە.

جوانترین وەفا

خوێنەری بەڕێز ئەمە ژیانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بوو، کە قەڵەمە لەرزۆکەکەم بە شەرمەوە بۆ وەفاتی ئەوی نووسیوە، بە گریەوە بۆ نەمانی ئەوی نووسیوە.

لێرەدا دەمەوێ کۆمەڵە بابەتێك پێشنیاز کەم بۆ ئەوەی قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا نامەکانیانی لەسەر بنووسن، وەك

[1] لە ڕۆژنامەی کۆمەڵ ژمارە (188) بڵاو کراوەتەوە.

هێمنی شاعیر دەیداتە دەست مامۆستایان و بۆ پسپۆڕانی بواری خۆی بەجێ دیلا[1].

هەروەها داوامە لە نووسەران و لێكۆڵەروان ئاوڕێك لەم بابەتانەو هەزاران بابەتی تر لەسەر پەرتووك و ژیان و تاقیقی دەستنووسەكانی (نامی) بدەنەوە، ئەمەش گەورەترین پرسەو سەرەخۆشییە لەلایەك و جوانترین وەفاو ئاسودەییە بۆ دڵی زامداری زانایەكی گەورەی كورد وەك جەنابی مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس.

بابەتە پێشنیاركراوەكان:

1. الشيخ عبدالكريم المدرس وجهوده في علم الكلام.
2. الشيخ المدرس وجهوده الفقهيه.
3. الشيخ المدرس وجهوده اللغوية.
4. تحقيق (مواهب الرحمن في تفسير القران) ئەمە بە حەوت كەس ئەنجام دەدرێ، چون حەوت بەرگە.
5. دراسة أدبية لأشحار (نامی) العربية والكردية والفارسية.
6. تحقيق (الصفوة اللآلي) ئەمەش بۆ چەند قوتابییەك. چەندەها بابەتی تر لەم چەشنە.
7. مامۆستای مودەڕڕیس بەرهەم و ژیانی.
8. لێكۆڵینەوەو پێداچوونەوەی تەفسیری نامی.
9. لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی رەخنەیی لەسەر شیعرەكانی نامی.

لەكۆتاییدا دەپاڕێمەوە لەخوای پەروەردگار كە لەگوناهی مامۆستامان خۆشبێت و بە بەهەشتی بەرینی شادكات و لەگەڵ هاوەڵان و پیاوچاكاندا لە سایەی سێبەری پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ كۆكاتەوەو حەشر بكات و لەوێ بەدیداری مودەڕڕیس شاد بین و ئێمەش بەپێو قەدەمی ئەو چاكە بەچاك قەڵەم رەو كرێین، با هەموومان هێواش ئاسا بەرۆحی پاكی ئەو پاكە بڵێین:

یارەبی خوا لێت خۆش بێت
جێگات بەهەشتی خۆش بێت.

[1] پێشەكی هێمن بۆ چاپی دووەمی (نالی)

ناوەڕۆك (ژمارەی لاپەڕەكان هی كتێبە چاپكراوەكەن)

نامەی محەمەدی مەلا كەریم سەبارەت بە چاپكردنی ئەم دەستووسە 3
پێشەكی 5
نازناوەكانی مامۆستای مودەڕڕیس 9
سیفاتی مامۆستای مودەڕڕیس 11
كاردانەوەی زانایان لەسەری 13
وەسف و ثەنای زانایان لەسەری 16
ئەو پلە و وەزیفانەی بینیویەتی 20
مامۆستا و قوتابیانی 22
دانراوەكانی مامۆستای مودەڕڕیس 26
ناساندنی (ڕۆژگاری ژیانم) 33
مامۆستای مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە 37
ڕیشەی نەسەبی خۆم 39
بۆ یاداشت 59
ئیجازە وەرگرتنی مامۆستای مودەڕڕیس و نەرگسەجار 60
دامەزرانی مامۆستای مودەڕڕیس لە بیارەدا 66
هۆكاری ڕەغبەتی فەقێیان لە بیارە 68
دوو بەسەرهاتی خۆش 73
وەضعی خۆم 76
سەفەرێك بۆ باوەجانی 79
نێوان من و قزڵجی لە بیارەدا 81
سەفەرێك بۆ بەغدا 83
ئیجازە بەخشینی مودەڕڕیس و بیارە 91
دۆزینەوەی عەشیرەتەكەم 93
وەضعی خۆم و یەكەمین خوتبە بە كوردی 95
لەساڵی 1938ز تا 1950ز 99
دەرچونم لە بیارە 107
شاد بونەوە بەدیداری شێخ 110
نامی لە شاری سلێمانی دا 112
مامۆستای مودەڕڕیس لە كەركوك دا 115
نامی لە شاری بغدادا 123

کۆتا ژیانی مودەڕڕیس و کۆچی دوایی 132
جوانترین وەفا 136
پاشکۆ 139
ناوەڕۆک 152

پاشکۆ

لاپەڕە (3)ی ڕۆژگاری ژیانم

ئەو کتێبانە کە تالیفم کردوون	التاريخ	
المواهب الأحدية في شرح الصمدية	١٢٤٠	شریعەتی ئیسلام بە کوردی لە
نور الصباح في مدح النبي واصحابه	١٢٤٦	چوار جلد ١٢٧٨
		الحسنة ١٢٨١
العزيزة في علم المنطق	١٢٤٨	
التجويد المنظوم بالرجز	١٢٤٨	زمانی وویرا ١٢٨٢
كشف الغامض من احكام المكفن	١٢٤٨	بەلگەناوان ١٢٨٢
الوجيهة في الموجهات	١٢٤٩	مجموعة الخط
ايمان واسلام بالكردي	١٢٥٢	بالكردي والعرب ١٢٨٢
الورقات في المنطق	١٢٤٩	البشان في فتاوى
المقالات في المقولات	١٢٤٩	علماء كردستان ١٣٨٢
ايمان واسلام نظم كوردى	١٢٥٢	تعليقات لە سەر
المفتاح في المنطق	١٢٥٢	ديوانى محوى ١٢٨٢
اتحاد نامە نظم كوردى	١٢٥٤	
اساسى سعادت نثر كوردى	١٢٥٤	
بارانى رحمت نظم كوردى	١٢٥٤	
شمشیرکاری برقی نسیم سیگاری	١٢٥٦	
ئاوى حيات نثر كوردى	١٢٥٨	
چل چراى اسلام	١٢٥٩	
نامەى حقيقت	١٢٦٢	
شهاب ستارە درر جم صنائع	١٢٦٤	
فيوضات خداى ذوالمن نظم فارسى	١٢٦٥	
باغچەى معرفت	١٢٧٢	
شرح تصريف كوردى	١٢٧٢	
العكان في العلف	١٢٧٢	
خلاصة التبيان	١٢٧٤	
المواهب الجيدة في حل الزبرة	١٢٧٤	
صفوة اللآلى من مستصفى الغزالى في اصول الفقه	١٢٧٥	
نور ونجات نظم كوردى	١٢٧٦	
الوسيلة في نيل الفضيلة	١٢٧٦	
شرح المولوى في الكلام		
گوزاری حکمت رباعيات فارسى	١٢٧٧	
مولودنامە ومعراج نامە	١٢٧٨	

-٣-

لاپەڕە (6)ی رۆژگاری ژیا نم

ملکنی فکان العفو منا سجیة فحسبکم هذا التفاوت بیننا
فلا علکم سال بالدم الأبطح وکل اناء بالذی فیه ینضح

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله الذی خلق الانسان وکرمه بالفضل والاحسان فمیزه بالعقل والعلم والقلم والبیان
والصلوة والسلام علی سیدنا محمد الذی هو فی عین الوجود انسان وعلی آله وصحبه واتباعه باحسان
الی یوم الدین

لە لای انسانی هوشیار اوبارە هەر ئینسانی لە ماوەی ژیانی دونیا گەلی کارەسات ئەبینی کە بەسەری دونیا یاکو وڕوشەکانیا ئێت وە گەشتی پەسەد وبارە بوچون یا بەدەوان وەسی ئەکەویت ئەگەر انسان هوی ئەو شتانە تماشا بکا وە ئەو رووداوانە بە دونیا ئەو هەکانیانەوە بنووسێتەوە بو پاشە رۆژی خوید و زەمانەکانی دە بوچینی دواکەوتوانی ئەوانیش زور بەسود ئەبی :
بە روا گەلی شت بەرا وورد ئەکا کە ئەبی بەسەر ئەشق بو کو دنیشتمانەکانی وە بو غەیری ئەوانیش کە لە مستقبلا لەسەر رووناکی ئەوانە رەفتار بکەن بوکە ارسعدی ئەفەرموێ
مرد هنرمند هنر پیشه را عمر دو بایست در این روزگار
تا زیکی تجربه آرد به بند وزدگری تجربه آرد به کار
جا لەسەر رووناکی پیشو من ئەوەی رووداوی زەمانی خوم وە ئەوکەسانە کە لەگەلیا ئابووم ئەوەی لە بیرما مابی بیان ئەنووسم لەبەر چەند شت
یەکەم وەزعی ژیانم لە لای وەستان وە عەلاقەداریانم وەرئەبێ
دووەم وەزعی ئەو کەسانە لەم ئامەرا ئەیان نووسم وەرئەکەوێ
سێ یەم هەر پەندێکی سوودمەندیان تیادا هەبێ رەفتاریا بپێ بکەن
چوارەم بوخوم لەم ماوەی دوائی ژیانما بە تماشاکردنیان وە بە بیرەوەری حالی خوم روشنانم دلی خوم قوێنی لە تیزوتەمی غەم پاک بکەمەوە :
وە ئەم نووسراوانەم ناو نا بە (رۆژگاری ژیانی) لە خودا بانیەزدانی پاک داوا ئەکەم کە ئەوە فتەر بکا بە هوی سودی سعادەت وپیروزی ئەوانەی تماشای ئەکەن :

گەلی لە زانای خاوەن بیروهوش گەلی ادیبی بوساغ تیکرش
گەلی مەردانی بە عقل و وجدان زور پالەوانی ئاماوەی مەیدان
گەلی دل پاکی بو مەرووم دل سوز زور دل رووناکی خاوەن عشق وسوز
گەلی دلبەری سەروی صنعوبەر کە تانەی ئەدا بالای لە عرعر
گەلی بەخشندەی خاوەن خانەوان پەنای رۆژی رەش بو حاجەت ئەندان
مرونو گیانیان گەیشتە بەهەشت باسیکیان نەما ئەلەشار ئەوەشت
مایەی ئازادە بو دلی هشیار سوودی وە رئەگری لە چەرخی دەوار
تومارای دەوری خودی نەکاتەوە ئاوورێ بو حالی کەسی نەداتەوە
ئەکا بەسەرەشتی ئیشی پیشینانا ئەکا بە ریگە ری ی تیکەشینیان
جهان قەلایە وئینسان پاسەوان ئارەوایە بوی نوستنی شەوان

-٦-

لاپەڕە (81)ی ڕۆژگاری ژیانم

ئەو ئیجازە نامەیە کە بە خطی ماموستام نوسراوە لەناو جلدی باری ڕحمەتی خطی داقایم کراوە وە ئەمە صورەتی ئەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذی جعل العلماء ورثة الانبياء والمرسلين ونور قلوبهم باشعة اسرار اليقين والصلوة والسلام على سيدنا محمد مدينة علوم الاولين والآخرين وعلى اله بروج فلك الهداية واساس اصول الدين واصحابه الناطقين ببيان معانى الأحاديث البديعة مع انحاء البراهين :

وبعد فيقول الفقير الى مولاه القدير عمر ابن الشيخ محمد امين القره داغى عفى عنهما الملك الهادى قد استجازنى اخى فى الدين العالم الفاضل والمحقق الكامل الملا عبد الكريم علما منه بان هذه الأمة قد خصت ببقاء الاسناد وانه طريقة الأمجاد وبه ليصعد الى اوج الكمال ويرتقى الى مقام العلماء الأبطال وهو قد صرف شطرا من عمره وبذل معظم ايام دهره فى اقتناء العلوم واجتناء فوائد الرسوم ولازم مجلس افادتنا مدى من الاعوام واشتغل بقرائة الحكمة والكلام وسائر العلوم العقلية والنقلية عندنا بالجد والاهتمام فجربته فى الفروع والاصول فوجدته بمكان من القبول وقد ترقى من حضيض المرتبة الهيولانية الى ذرى مراتب التحقيق وسما على سنام مدارج التدقيق فاجزته اجازة تامة ورخصت له رخصة عامة بتدريس فوائد العلوم من الفروع والاصول وببسط موائد هامة المعقول والمنقول كما اجازنى بذلك شيخى العلام المحقق الفهام الشيخ محمد نجيب القره داغى وهو اخذ الاجازة عن عمه سيد المحققين وسند المدققين الشيخ حسن عن العلامة المشتهر فى الآفاق مفتى العراق مولانا محمد الزهاوى وهو ينتهى سلسلة اجازته الى المولى النحرير ميرزا جان : واجزته بذلك ايضا كما اجازنى الفاضل الكامل العالم العامل مولانا محمد النورى القيصرى وهو اخذ الاجازة عن السيد مصطفى الألبستانى عن مولانا احمد المرعشى عن فريد دهره السيد محمد المرعشى عن المولى حسن الجويدى الشهير بالسياهى عن المولى عبد النافع عن الشيخ ابى بكر محمد المرعشى المدعو بساجقلى زاده عن المولى حمزه افندى الدراوندى عن المولى محمد افندى عن المولى على الكورانى عن الشيخ ابدال الجزرى عن المولى احمد منجل عن المولى النحرير ميرزا جان الشيرازى

وهو اخذ الاجازة عن العلامة الجامع بين المعقول والمنقول المتحلى بفنون الفروع والاصول مولانا محمد بن الرسول عن العلامة الجارى علمه كالنهر الجارى مولانا صالح التلنبارى عن النحرير العبقرى مولانا صالح افندى الحيدرى عن العالم الجليل والفاضل النبيل مولانا اسمعيل عن العلامة الجارى علمه على البلاد والبوادى صبغة الله افندى الحيدرى الحسين آبادى عن والده الاعلم الأفخر مولانا ابراهيم بن حيدر عن والده الاكرم الامجد حيدر بن احمد عن والده الأعلم الأوفر احمد بن حيدر عن والده الأفخم الأكمل حيدر الاول عن صدر المحققين غواص بحار المعانى مولانا زين الدين الكردى البلاتى عن صاحب المعالى نصر الله الخلخالى عن صياد المعارف كالبازى مولانا جمال الدين الشيرازى رحمة الله عليهم اجمعين تمت

بلاث مجموعة من القرى فى ناحية پشدر منه

- ٨١ -

عن المولى جمال الدين محمود الكشكناري عن المولى جلال الدين الدواني عن والده سعد الملة والدين
محمد الصديقي الدواني عن استاذ البشر العقل الحادي عشر السيد شريف علي الجرجاني عن مولانا
مبارك شاه البخاري عن مولانا قطب الدين الرازي عن المولى العلامة الشيرازي عن المولى
عمر الكاتبي القزويني عن الامام فخر الدين الرازي عن الامام حجة الاسلام الغزالي
عن امام الحرمين عبد الملك عن الشيخ ابي طالب المكي عن الشيخ ابي عثمان المغربي عن
الشيخ ابي عمرو الزجاجي عن سيد الطائفتين جنيد البغدادي عن الشيخ ابي الحسن السري
السقطي عن الشيخ معروف الكرخي عن الشيخ ابي سليم داود الطائي عن الشيخ حبيب العجمي
عن الشيخ حسن البصري قدس الله ارواحهم ونفعنا ببركاتهم عن حضرة الامام والخليفة
الهمام باب مدينة علم الرسول بعل الزهراء البتول اسد الله الغالب علي ابن ابي طالب
كرم الله وجهه عن حضرة منبع الشريعة الغراء وخاتم الرسل والأنبيا سيدنا محمد المصطفى صلى الله عليه وسلم
عن الناموس الاكبر جبرائيل عليه السلام عن الله تعالى عز وجل :
واوصيك ايها الأخ الأعز بتقوى الله وطاعته ولزوم اوامره واجتناب مناهيه وكثرة مخافته
والاخلاص في الأمور وتفويضها الى الله ان الله بصير بالعباد والجهد في تدريس العلوم
وافادة الطالبين وتعليم احكام الدين للمسلمين وكثرة المطالعة بالتحقيقات والتدقيقات
وعدم الاكتفاء بظواهر العبارات لئلا تكون من الذين يكتفون بالخضاب عن الشباب
ويستغنون برائي السراب عن التروي بالشراب وفقك الله لما يحبه ويرضاه
واوصلك الى ما تتمناه بجاه سيد المرسلين وآله الطيبين واصحابه وسائر المقربين
وصلى الله وسلم عليه وعليهم اجمعين الى يوم الدين واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين
انا الفقير الحقير تراب اقدام العلماء المجاهدين وخادم خدام الفقراء
النقشبندية المدرس بالخانقاه الخالدية بسليمانية
المجيدة عمر الشهير بابن القره داغي

پاش اجازه وەرگرتن کاتێ ڕواشتم بو بیارە وە بە خزمەتی شێخ بیارە گەیشتم اجازە نامەکەم خوێندەوە
وە بو پیروزی ئەویش ئەم چەن کلمە بە فارسی لە حاشیە تا اجازەنامەکەم وە نوسی :
بسمه سبحانه وتعالى . یارب صل على سیدنا محمد وسلم جناب سعادت ندیم حبیبی وفرزندی ملا عبدالکریم
احسن الله احواله ومآله واسعده الله وزاد فضله که علوم شریفه را برحات کافیه تحصیل نموده وختم کرده
والحمدلله باجازه تدریس از استاذ مجاز شده فقیر نیز محض یمنیت وبرکات وتوفیق بر نشر شریعت
وعلوم شریفه اورا قبول واجازه تدریس دادم واجازه هم دادم که مکملین علوم را اجازه بدهد ..
ربنا تقبل منا انك انت السمیع العلیم ولاحول ولاقوة الا بالله العلی العظیم وصلى الله على سیدنا
محمد وعلى آله واصحابه وسلم تسلیما کثیرا خادم علما وفقراء نقشبندیه وقادریه علاء الدين

وەلە کاتێکا لە بیارەدا مدرس بوم لە دەوری تاریخی هەزار وسێصد وپەنجا ودوی هجری دا جنابی حاجی ملا محمدی
جوانرودی مدرسی خانقای خانقین کە مجازی مرحوم مولانا ملا عبدالقادری بیارە بو بە زیارەت

لاپەڕە (82)ی ڕۆژگاری ژیانم

لاپەڕە (83)ی رۆژگاری ژیانم

تشریفی بینا بو بیارە جا بوئەوە کە سەندی اجازەی مەرحوم مەلای بیارەلشم پێ واوام لێ کرد اجازەم
پێ بدا وەبوم بنوسی ئەویش اجازەی تدریس علوم وشریعتی شریفەی پێ دام وەئەمەیشی نوسی :
اعلم انی قد وجدت الأخ الاعز الامجد الفضل الکامل الملا عبدالکریم تمیا ببذل شرط العلوم العقلیة
والنقلیة الی طالبیها فی جزیته بذلک کما اجازنی به استاذی الماهر صاحب الثاقب والمفاخر الجامع
بین علمی الباطن والظاهر الملا عبدالقادر الکانی کبودی وفقه الله لمآربه الدنیویة والأخرویة
بجاه سید انبیائه محمد صلی الله علیه وآله وصحبه اجمعین واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین
وانا الحقیر تراب اقدام العلماء العاملین
محمد بن مهدی الحسینی الجوانرودی
ولیعلم ان مولانا عبدالقادر البیاری رحمه الله قد اخذ الاجازة عن العلامة الجامع بین اسرار السند
وانوار المدد مولانا احمد النودشی باجازته عن استاذه مظهر الطاف الملك المعطی مولانا محمد الخطی
عن استاذه المتخلق بالخلق النبوی الربانی مولانا عبدالرحمن الروزبهانی عن استاذه النورانی مولانا
صبغة الله افندی الحیدری الماورانی عن والده ذی الفیض الجاری مصطفی افندی الزیاری عن استاذه
استاذ اهل البلاد والبوادی صبغة الله افندی الحیدری الحسین آبادی :
وفی هذا الشخص العزیز الوجود فی البشر تجتمع سلسلة اسناد الاستاذ مولانا عبدالقادر البیاری واسناد
استاذی حضرة الشیخ عمر الشهیر بابن القره داغی رحمة الله تعالی علیه وعلیهم وعلینا ببرکاتهم آمین :

- ٨٣ -

لاپەڕە (84)ی ڕۆژگاری ژیانم

نادونیشانێکی ماموستای گەورەم شێخ عمری ابن القرەداغی

ئەم وایە کوڕی شێخ محمدامین ی کوڕی شێخ معروف ی کوڕی شێخ عمر کوڕی شێخ عبداللطیف ی کبیر
کوڕی شێخ معروف ی مەشهور بە شێخ معروف ی (دەرەقوڵە) لە رشتەی نەوەی شێخ عبدالغفاری
مەرودخی کوڕی مولانا گوشایشی ی هەورامی کوڕی شێخ محمدی مەرودخی کە یەکەم ئینسانی بوە لەم رشتە
لە وڵاتی شامەوە هاتوە بۆ کوردستان وە لە دێی دەگاشێخانی مریوان وە لە هەورامانی تخت
دانیشتوون وە نەوەیان بە اطرافی کوردستانا بلاوبوونەتەوە وەگوڵی لقی گەورەیان
لێ بوەتەوە وەکو لقی شێخانی دەگاشێخان کە شێخ عبدالغفاری دووهەم خلیفەی شێخ شهاب الدین
ی کرەکربانی یەکێکە لەوان وە لقی شێخانی ئەفتە کە شێخ احمدی علامە وە شێخ
مصطفی ی خلیفەی شێخ شهاب الدین کرکریا وە شێخ محمد وەسیم ی مدرسی قەڵاچوالان
وە شێخ عبدالقادری مهاجر خاوەنی شرح تهذیب الکلام لەوانە ولقی شێخ ئەحمودان
(دەرزن) کە شێخ محمدی فخر العلمای شاعری مەشهوری سنە لەوانە وە لقی شێخانی شاری
قەرەداغ کە شێخ عبداللطیف کبیر وە شێخ عبداللەی قطب وە ماموستای بەرزی
ئێمە شێخ عمری مەشهور بە ابن القرەداغی لەوانە :
باوکی ماموستا شێخ عمر کە ناوی شێخ محمدامین ە لە خزمەتی حاجی شێخ عبدالرحمانی برایا کە خلیفەی شێخ
بهاء الدین بوە لە شاری سلیمانیا سکونەتیان کردوە شێخ عبدالرحمن ئەولادی ذکوری نەبوە
بەڵام شێخ محمدامین دوو کوڕی بوە شێخ معروف وە شێخ عمری ماموستامان :
ماموستا شێخ عمر لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەش ی هجریدا لە شاری سلیمانیە هاتوەتە دنیا وە
وە پاش تمیز زاوەتە بەر خوێندن لە مزگەوتی خویانا قورئانی پیرۆز وە کتێبە وردەکانی خوێندوە
جا دەستی کردوە بە تصریفی زنجانی وە باقی کتێبە صرف و نحوە وردەکان :
لە ماموستام بیست فەرموی باوکم ئەوەندە ئازاری لاکە شێخ عارف دابو لە سەر خوێندن سەرگەردی
کردبو کاتی کە من دەستم کرد بە دەرسی علم مامم حاجی شێخ عبدالرحمان فەرموی بە باوکم آمانی
عارفت دایە دەست حەول و قوەتی خۆت وا سەرگەردت کرد بەڵام (عمر) بدەرە دەستی
حەول و قوەتی خودا بەلکو شتێکی لێ پەیدابێ فەرموی بالفعل باوکم منی دایە دەستی فەقێ کات
دەرزیان پێ ئەووتم وە لە کتێبی (اظهار) داکەوتمە پێشی لاکەوە ولله الحمد روژ بە روژ
بەرچاوم لە خوێندنا روناکتر ئەبوەوە !
لە بەر ئەوە شێخ محمدامین باوکی ماموستا شێخ عمر ذاتا مەلایێکی باش بوە حەتا کە لێ حاشیەی لەکە
تقریب المرام شرح تهذیب هەیە . پاش ئەوە کە ماموستا شێخ عمر استعدادی پەیدا کردوە
باوکی دەرسی پێ فەرموە . وە جار بە جار لە ئاوینە روشتوە تە (زەردیاوا) مەرکەزی قەرەداغ
لە خزمەتی شێخ محمد نجیب ی ئامۆزای باوکیا خوێندویەتی :
لە ماموستام بیست فەرموی مقدمەکەی (جمع الجوامع) م لە خزمەتی مامە شێخ نجیب لە قەرەداغا خوێند
بەڵام لە بەر ئەوە کە ئەو زۆر علمی رەوان بو وە تاقەتی وردەکاری نەبو لەگەڵ فەقێدا کە هاتمەوە
سلیمانی وە کە تفکرم کرد لە بەعزە شوێنێکی جمع الجوامع دا حالی بووم کە زهنم نەخوشە جا بو جاری
ئەمەم نەخوشینە رویشتم بو خزمەتی ماموستا (مەلا احسانی) ی پێسکەندی هەر لەوەلەوە دوبارە

-٨٤-

لاپەڕە (110)ی ڕۆژگاری ژیانم



لاپەڕە (122)ی رۆژگاری ژیانم



تصادف وا بو شیخ لە وبەری سیروان بایەوە دەگەل لە مریدو بنسوی بادولانە
باتبون بو خزمەتی ... سنو مامۆستا مەلا بهاء الدینیش لە بارەرا مەشغول وظیفەی خویان
بوین بەلام لەو باوە مەلا احمدی کوری مامۆستا مەلا بهاء الدین ناساغ بو وە زور
ناساغیەکەی زور بە شدت بو لەبەرئەوە نامەیکیان نوسی بو شیخ کە دعای
خیریک بو مەلا احمد
شیخ لە جوابا ئەم
نامەیە نوسی بدەم
وە تۆکلیک کردوم
بو ئەوە کە قطرە
ی ئالە کری بدەم بە
مستحق وە دعای
خیریشی نوسی بو بو
مەلا احمد بەلام لە
سەر تقدیری خودا
لە بیشرەوەی مانگی
رمضانا مەلا احمد بو
ناساغیە وەفاتی کرد
انا للە وانا الیە راجعون
ئەم کورە لەبەرئەوە
کوریکی عاقل وە صالح
وە خوێندەوار بو
وفاتەکەی زور تاثیری
کردە دلی مامۆستا مەلا
بهاء الدینا بەلام لەبەر
ایمان و تقوای خوی

[illegible]

-١٢٢-

لاپەڕە (225)ی ڕۆژگاری ژیانم


وه پاش ئه‌وه كه له سلیمانیه‌وه ڕوئیشتم بۆ كركوك وه له تكیه‌ی تاڵه‌بانیا به عنوانی مدرس دانیشتم
كه‌وتمه سه‌ر فكری ئه‌وه دوباره ئشعاره‌كانی مه‌وله‌وی گرد بكه‌مه‌وه وه به قه‌دری عه‌قلی خۆم
مانای شعره‌كانی بنوسم جا بۆ ئستفاده له معلوماتی جنابی سید طاهری هاشمی كوڕی سید قیده‌ر
مشهور به (سید الدوله)ی ... وه‌ولتی ئاوائی نووسیم بولای ئه‌گه‌ر مه‌جموعه شعره‌كانی
خۆم له لای ماوه ئماره‌یان لكا ئه‌وه بدم وه غیری ئه‌وانه‌یش هه‌رچی زانیوی
له ئشعار وه معلوماتی دربارەی مه‌وله‌وی بنوسی بۆم :
ئه‌ویش له جوابا نوسی بوی بۆم كه ئه‌و مه‌جموعه‌ی منه كه وتوه‌ته ده‌ست شیخ عزیزی خانكی
(... عه‌لی په‌كانی) ئه‌گه‌ر بمانی وه قابل نیه وه‌ر بگیریته‌وه به‌لام مه‌جموعه‌یی له
(دیوانی مه‌وله‌وی) كه به خطی خۆی نوسی بوه‌وه وه زور مربوط وه جوان بو ناردی بۆم
وه بیجگه له مانه هه‌رچی معلوماتیكی مناسب ده‌رباره‌ی مه‌وله‌وی وه معاصرینی مه‌وله‌وی
و وه ئه‌و نامانه كه ئه‌و نوسیویه‌تی بۆ بعض پیاوی گه‌وره له چه‌ند جوزئی كا به خطی خۆی نوسی بوی
به ڕاستی ئه‌وه‌نده زه‌حمه‌تی كیشابو كه به دل ممنونی وه مجوبه كردم :
به روا صوره‌تی ئه‌و نامه بی نوخته‌ی (كاك مه‌وله‌وی) نوسیویه‌تی بۆ (محمد پاشا)ی جاف
ئه‌وه‌یش به خطی خۆی نوسی بوه‌وه وه ناردبوی بۆم ئه‌مه‌یه كه له به‌رابه‌ره‌وه ثبت كراوه
بۆ یادگار :
به روا تقریبا پینجصد شوری له ئشعاری شاعیری به سوز مه‌لا مصطفی بیسارانی به خطی خۆی
نوسی بوه وه ناردبوی بۆم جا به‌رابه‌ر به‌م كاره‌وه پیاوانه‌یه سوپاسیكی بی ئه‌ندازه
و تشكراتیكی فوق العاده‌ی تقدیم ئه‌كه‌م :
وه ئه‌و نامه‌یشه كه له گه‌ل ئه‌و چه‌ند جزء ده‌ست خطی خۆیا نوسیویه‌تی بۆم هه‌ر لێره‌م شوێنا بۆ یادگار
ثبتم كرد تا هه‌روه‌ختی تماشای بكه‌م به یادی ئه‌و محبته مردانه‌یه دلم شاد بكه‌م :

— ٢٢٥ —

لاپەڕە (226)ی ڕۆژگاری ژیانم



سید طاهر هاشمی

خادم الشریعة العظمی النبویة

-٢٢٦-

لاپەڕە (247)ی ڕۆژگاری ژیانم

دە لە هەشتی مانگی شوباطی هەزار و نۆصەد و شەست و نۆی میلادی را موافق هەزار و
سێصەد و هەشتاد و هەشتی هجری وە موافق ڕۆژی شەنبەی بیست و یەکی ذی القعدە
خودای ارحم الراحمین لطفی فەرمو توفیقی دام ڕۆیشتم بۆ بەجێهێنانی واجبی حج
دە لە ڕێگەی بصرە و کویت و ریاضەوە گەیشتمە مدینەی منورە علی صاحبها الصلوة
والسلام دە هەشت ڕۆژی لەوێ مامەوە دو جمعەم تیا کرد جا ڕێ کەوتم بۆ شاری
مکەی مکرمە وە لە شەوی یەکشەنبە گەیشتمە مەکە وە لە عەینی شەوا طواف عمرەمان
لەگەڵ سعی بین صفا و مەروە بەجێ هێنا وە لە پاش اداء حج لە ڕێگەی ریاضەوە
گەڕامەوە بۆ بغدا دە لە ڕۆژی جمعە داسەین مصادفی هەژدەی ذی الحجە [illegible] شبط
گەیشتمەوە بغدا والحمد لله علی ذلك حمداً كثیراً طیباً مباركاً فیه وصلی الله تعالی سیدنا محمد وعلی
آله وصحبه وسلم تسلیما :

لە پاش سەفەری حجی پیرۆز وە زیارەتی حضرتی فخری عالم صلی الله علیه وسلم موفق بوم ئەسالی مولود نامە
و معراج نامەم چاپ کرد وە نوسخەیێکم بە دیاری نارد بۆ جنابی ملا عبدالله ی گورانی مرحوم
حاجی ملا صالحی چەنەکەی ئەم ملا عبدالله وە ئێکە دوستو برادەرمە وە وظیفەی کاتبی بە لە محکمەی شرعیە
وە ابتکە کاتبی محکمەی شرعیەی کرکوکە ئەویش قصیدەیێکی نوسی لە ترم دا قصیدەکەم لە
عینی وەرەقە چاپ کرد بو یادگار لە و بەرەوە ئەوەلکەی کال سلاوی بەرزی [illegible] بەرز (

— ٢٤٧ —